سەرچاوە
Serchawe



# پێڕست

١- ناسیونالیزم شانازییە بۆ ئێمەی کورد ........ ٤
٢- چەمکەکانی نەتەوەگەرایی ........ ٨
٣- سیاسەت پرۆسەیەک یا شیوازێکی وەرگرتنی بڕیارە بۆ گروپەکان ........ ١٣
٤- بلوتووس ........ ١٧
٥- پەرەسەندنی گلۆبالیزم ........ ١٨
٦- لێبوردەیی ........ ٢٢
٧- کلێپتۆکراسی ........ ٢٣
٨- وتووێژی ناسر قادرپوور لەگەڵ بەرێز کاک حەسەن سەلاح سۆران ........ ٢٥
٩- هەڵوەستەیەک لە سەر بەرە ........ ٢٨
١٠- پێناسەیەک لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ........ ٣١
١١- ئیسرائیل و داهاتووی ناوچەکە ........ ٥٥
١٢- دیپلۆماسی حیزبەکان زەربەیان لە دەنگی کورد داوە ........ ٥٩
١٣- سکتاریسمی حیزبی، بۆتە بەربەریسم بەسەر کۆمەڵگای کوردە واری دا ........ ٦٥
١٤- کورتەیەک لە سەروڵاتی برازیل ........ ٧١
١٥- هومانیزم. یان مرۆڤگەرایی ........ ٧٣
١٦- ئیسرائیل. کورد ........ ٧٦
١٧- کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک.کاف) ........ ٧٩

١٨- پۆست مۆدێرنیزم ........ ٨٢
١٩- کورتە بۆچوونێک لەسەر بابەتی (زەردەشت) ........ ٩٤
٢٠- زۆر سپاس کاک مستەفای هیجری ........ ٩٧
٢١- ناسرقادرپوور. کاندیدی حیزبی کۆرەف لە شاری کۆنگسبێرگ ........ ٩٩
٢٢- پێشنیاریک بۆ کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ........ ١٠٤
٢٣- لیبراڵیزمی دیمۆکراتی وەک ئامانجی دوارۆژ ........ ١٠٧
٢٤- دەوڵەتی کوردی، لەسەر لێواری تیغ ........ ١١٠
٢٥- فەلسەفەی سیاسی و ئاشتی لای ئیمانوێل کانت ........ ١١١
٢٦- بزوتنەوە ی هیپی ........ ١١٣
٢٧- سیاسەت ........ ١١٤
٢٨- سپاسنامەیەک بۆ ماڵپەری گیارەنگ ........ ١١٦
٢٩- باوەرم بەهەشتی مارسی سیمبۆلی نیە ........ ١١٦
٣٠- فەلسەفە و سیاست (کورتە بۆچۆنێک لە سەر وتووێژەکەی بەرێز خوسرەو عەبدوڵاهی) ........ ١١٨
٣١- چۆن دەتوانین کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی کوردی بۆ خۆمان بونیاد بنێین ........ ١٢٠
٣٢- دیپلۆماسیی کورد لە چ ئاستێکدایە ........ ١٢٢
٣٣- حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆرترین ئەرکی لە سەر شانە ........ ١٢٣
٣٤- بەجیهانیبوونی سەردەم ........ ١٢٦
٣٥- لیبراڵیزم ........ ١٢٩
٣٦- مۆدێڕنیزم ........ ١٣٣
٣٧- وێنەکانی ناسیونالیزمی کورد لە غیابی وێنەیەکی مرۆیی ........ ١٣٦

## ناسیونالیزم شانازییە بۆ ئێمەی کورد.

بە باوەری من ناسیونالیزم بریتیە لە "پرەنسیپێکی سیاسی گریمانی ئەوە ئەکات کە دەبێت یەکیەتی سیاسی و یەکیەتی خاکی نەتەوەیی هاوشانی یەکتری بن". بە مانایەکی دیکە ناسیونالیزم ئەو بۆچوونە سیاسییەیە کە پێیوایە خاکی هاوبەش و یەکگرتووی نەتەوەیەکی دیاریکراو دەبێت سیستمێکی سیاسی هاوبەش و یەکگرتووی هەبێت. لە شوێنێکی دیکەدا ئەم پێناسەیە وردتر دەبیتەوە و "بە شێوەیەکی ناسیونالیزم دیاردەیەکی زۆر ئاڵۆزە و تا ئیستا بە چەندین شێوە پێناسە و قسە و لێکدانەوەی جیاوازی لە سەر کراوە. سەرەڕای تەمەنی درێژی دیاردەی ناسیونالیزم کە چی لە ئاستی تیوری دا کەمتر گرنگی پێ دراوە. ناسیونالیزم یەکێک لەو "لیزم" انەیە کە رۆشنبیر یان تیوریسونی خۆی نیە. لیبراڵیزم، سوسیالیزم، کۆمۆنیزم، فاشیزم، هەموویان تیوریو و فەلسە فە ی تایبەت و ناسراویان هەیە. بەڵام ناسیونالیزم تا ناوەراستی هەشتاکانی سەدەی بیست بێ فەیلەسووف و بێ رۆشنبیر ماوەتەوە. راستە لێرەو لەوی، ئەم فەلسەفەیەیان ئەویدی، فڵان یان فیسار تیۆریسون، شتێکیان لە سەر ئەم لایەن یان ئەو لایەنی ناسیونالیزم گووتوە. بەڵام لای کەس بابەتی سەرەکی بیرکردنەوە و قسە کردن نەبووە. تەنیا لە سەرەتای هە شتاکانەوە ناسیونالیزم وەک دیاردەیەکی سیاسی و کولتوری و کۆمەڵایەتی سەرنجی ژمارەیەکی زۆری لێکۆڵەرەوە و زانای کۆمەڵایەتی رادەکێشێت و دەبێتە شیکردنەوە و ویردی سە ر زمان، ئەم سرنج راکێشیانەش لە زۆر رووەوە وابەستەی ئەو گۆڕانکاریە بنەڕەتیانەیە لە هەشتاکان و نەوەدەکانی ئەم سەدەیە دا روویان دا، هەر لە کەوەتن و لە بەر یەک هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتوریەتی کۆمۆنیزم و بەشبەشبوونەیەوە بۆ چەندان دەوڵەتی نەتەوەیی جیاوازەوە بیگرە تا بە کۆی ئەو هەموو بزاوتە ناسیونالیزمیانەی دیکەش دەگات کە بەشێکی گەورەی فەزای سیاسی هەشتاکان و نەوەدەکانی بە رەنگی خۆی رەنگرێژ کردەوە. ئەم ئامادە کاریە سەخت و هەموو لایەنیەی ناسیونالیزم لە مێژو دا وای کردووە لە هەشتاکانیشەوە ببێتە بابەتی زانستە کۆمەلایەتیە جیاجیاکان و هەزارەها لاپەڕەی لە سەر بنوسرێت. لە ناو ئەو هەموو نوسینانە دا چوار تیوریسون گرینگترین مەسەلە بیروکە کانی ناسیونالیزمیان لە دنیای ئاکادیمی و بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان دا لێکداوەتەوە، هەریەک لەم تیوریسینانە رای تایبەتی خۆیان بەرامبەر بە مەسەلەی نەتەوە و بزواتی نەتەوەایەتی و سەرچاوەکانی پەیدابوون و هێز و قۆرسایی نەتەوە و گرینگی بزوتنەوەی نەتەوایەتی لە ناو مێژوی هاوچەرخ و داهاتوی مروڤایەتی دا هەیە. رەنگە خاڵی هەرە سەرەکی جیاوازی نێوان ئەم نوسەرانە لەوە دابێت کە سێ نوسەری یەکەمیان ناسیونالیزم لە پاڵ تیوریە مۆدیرنیستەکاندا لێکدەدەنەوە، و نەتەوەو، ناسیونالیزم بە لە دایک بوونی دە ورانی مۆدێڕنیتە ئەزانن، لە

کاتێکدا چوارەمیان پێی وایە ڕەگەکانی نەتەوە بۆ بەر لە قۆناغی مۆدێڕنیتە دەگەڕێنەوە و نەتەوە بەرئەنجامی گەشەی ئەو ئەتنیکیە بچووکانەیە کە بەر لە درستبوونی مۆدێڕنیتە بوونیان هەبووە. با سرنجێکی قۆڵتر لەم جیاوازیە بدەین. بە رای ناسونالیستە کان دروست بوونی نەتەوە بە بێ گۆڕانە ئابوریەکانی دە ورانی پێشەسازی و هاتنە کایەی سیستمی خوێندنی مۆدێڕن و گەشەی زمانی هاوبەش و دروس بوونی تاکە کەسی مۆبیل و بازاڕە گەورەکان مەحاڵە. ناسولیستە کان ئەو سەرەتا مارکسییە قبووڵ دەکان کە نەتەوە بە لە دایکبووی کۆمەڵگەی پێشەسازی دەزانێت، نەک هەر ئەمە بەڵکو باوەڕیان وایە نەتەوە پێشینی دێرین نییە، بەڵکو بوونێکە دەبێت هەنگا و بە هەنگا و بنیاد دروست بکرێت. بە باوەڕی من ئابوری پێشەسازی لە یەک کاتدا پێویستی بە دوو شت هەیە، یەکەمیان: کولتورێکی نوێی ناوە ندییە. دووەمیان: دەوڵەتێکی نوێی مەرکەزییە. هەر یەکێکێش لەم دووانە پێویستیەکی حەیاتیان بەیەکتری هەیە و بە بێ یەکتری زەحمەتە دروستببن. هەم ئەو کولتورە مەرکەزییە پێویستی بە دەوڵەتێکی مەرکەزی هەیە بۆ بنیادنان و دروست بوونی، هەم دوڵەتیش پێویستی بەو کولتورە مەرکەزییە وێکچوو و هاوبەشە هەیە بۆ پتەو بوون و چەسپاندنی پایەکانی. لە هەر قۆناخیکدا دا ناسیونالیزم ئەو کولتورەیە ئەم ڕۆڵە هاوبەش و مەرکەزییە دەبینیت. ئەوەی من لەم خاڵەدا مارکسیزمی ئۆرتۆدەکسی جیا دەکە مە وە، تێڕوانینیەتی بۆ مەسەلەی ناسیونالیزم. من ناسیونالیزم بە بەرهەمی ئیە لیتە کانی نەتەوە دە زانم، بەڵکو بە پێچەوانەوە نەتەوە بە بەرهەمی ناسیونالیزم دادەنێم. بە مانایەکی دیکە دەڵێم ئەوەی بزاوتی نەتەوەیی دروست دەکات نەتەوە نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوەی نەتەوە دروستدەکات بزاوتی نەتەوەییە. واتە لە تێڕوانینمان دا بۆ پەیوەندی نێوان نەتەوە و بزاوتی نەتەوەیی نابێت پێمان وا بێت سەرەتا نەتەوەمان هەیە و ئینجا ئەم نەتەوەیە بزاوتی نەتەوەیی دروست دەکات. بە پێچەوانەوە بزاوتی نەتەوەیی دروست دەبێت بۆ ئەوەی نەتەوە دروست بکات. ناسیونالیزم نەتەوە دروست دەکات نەک بە پێچەوانەوە. بزاوتی نەتەوەیی هەموو ئەو بنەما کولتوری و دەزگاییانە دروستدەکات کە لە ڕێگەیانەوە نەتەوە وەک بوونێکی وێکچوو دروست دەبێت. بە کورتی بە باوەڕی من نەتەوە بەرهەمی بزاوتی نەتەوەییە نەک بە پێچەوانەوە. لەم خاڵەدا ئە من خۆم لە تیورە رەسمیەکانی مارکسیزم لە سەر نەتەوە و ناسیونالیزم جیادە بینم. بە پێچەوانەی پیم وایە لە دایکبوونی نەتەوە و دروستبوونی بزاوتی ناسیونالیزم تەنها بە بنەمایەکی ئابورییەوە نابەستیتەوە بەڵکو راستە و خۆ گرێیان ئەدات بە لە دایک بوونی ئەو شتەوە کە ناوی دەنێن "ناسیونالیزمی چەپ". لە کاتێک دا ئیمە تەماشای بنەما ئابورییەکان و ناسیونالیزم وەک کولتوری قۆناغی پێشەسازی ناونووسدەکاین، ئە من پیموایە دروستبوونی نەتەوە بە بەرهەمهێنانی ئەو ژێرخانە کولتوریەوە دەبەستریتەوە کە هەلی ئەوە دەرەخسێنێت نەتەوە وەک (تاقمێکی فانتازیا کراو) وێنا بکرێت. بە لای منە وە گەشەکردنی شێوە نۆییەکانی پەیوەندی کردن، بەتایبەتی لە دایکبوونی

ڕۆژنامە و ڕۆمان و چاپەمەنی زۆر و کتێب و بڵاوکراوە، کە ئامرازی گرنگی پەیوەندی کولتورین، ئەو زەمینە دەڕخسێنێت کە نەتەوە تێیدا وەک پێکهاتێکی هاوبەش و وێکچوو وێنا بکرێت. ئە من باوەڕی وایە ئەوە میدیای نوێیە، بە تایبەت ڕۆژنامە، وادەکات لای زۆربەی خەڵک فانتازیایەکی هاوبەش دروست ببێت، چوونکە هەموویان یەک هەواڵ و یەک لێکدانەوە و یەک بابەتیان بە یەک زمان پێشکەش دەکرێت. هەموو ئەمانە بە سەر یەکەوە وا دەکەن بناغەکانی ئەو هەست و فانتازیا گشتیە لە دایک ببێت کە بوونی نەتەوە وەک تاقمێکی سیاسی فانتازیا کراو پێویستی پێیەتی. بە کورتی ئیمە لە دایک بوونی نەتەوە و بزاوتی نەتەوەیی بە مۆدێڕنیتە گرێبدەدات، بەڵام لە باتی پێداگرتن لە سەر ڕۆڵی ئابوری زیاتر پێ لە سەر ڕەهەندە کولتوورییەکانی مۆدێڕنیتە دادەگرێن. لە سەر هەمان خەتی ئە من پیموایە کە، مێژونووسی ئینگلیزی ئێریک هۆبزباومیش پێیوایە نەتەوە داهێنراوێکی سیاسی تازەیە نەک بوونێکی بابەتی و دوزراوەیەکی دێریین. بە باوەڕی هۆبزباوم زۆربەی ئەو شتە هاوبەشانەی نەتەوە باسیاندەکات و بە بنەمای بوونی خۆی دەزانێت لە راستی دا بوونێکی بابەتییان نیە و تا رادەیەکی زۆر دروستکراو داهێنراون، ئەم داهێنراوانەش بە هۆی ئابوری و میدیاو هۆیەکانی پەیوەندیی کردنی نوێوە بە ناو کۆمەڵگەدا بڵاو دەکرێنەوە و دەکرێنە بەشێک لە خەیاڵ بۆ هەموان. لێرەوە ناکرێت دروستبوونی نەتەوە لە مۆدێڕنیتە جیا بکەینەوە، چونکە پێش لە مۆدێڕنیتە ئەم تواناو هەلومەرجی بە هی هەموان کردنە لە ئارادا نەبوو. بەڵام ئانتۆنی سمیس بە پێچەوانەی ئەو بیرۆکانی سەرەوە و لە وەڵامدانەوەیەکی رخنەییدا بۆ ئەو تیورانە لەبارە ی لە دایکبوونی نەتەوە، بۆچونی وایە کە بەر لە دە ورانی مۆدێڕنیتە، نەتەوە یان ئەو پێکهاتانەی لە نەتەوە چوون، وەک تاقمی ئەتنی بچوک، هەبوون و نەتەوە لە قۆناغی مۆدێڕنیتەدا شتێک نیە جگە لە بەردەوامی و گەشە کردنی ئەو تاقمە ئەتنیکانەی، بەر لە مۆدێڕنیتە لە ئارادابوون. بە باوەڕی سمیس ڕەگەکانی نەتەوە قووڵ لە مێژوودا دابەزیوە و بەر لە دروستبوونی نەتەوە هەمیشە تاقمی ئەتنی هەبوون کە بنەمای دروست بوونی نەتەوەیان پێکهێناوە. لێرەوە ئینتیما بۆ زمان، بۆ کولتور لای سمیس کونترە لە هاتنە کایەی دە ورانی مۆدێڕنیتە. لەم باسەی ئێمە دا ناسیونالیزم بەو مانایە بە کار هاتووە کە ئە من بە چەمکی ناسیونالیزمی دائە نیم. لە راستیدا بۆچوونی من بەرانبەر بە ناسیونالیزم و ئەو پەیوە ندییەی ناسیونالیزم وەک بزاوتێکی سیاسی بە مەسەلەی دروستبوونی نەتەوەوە هەیەتی تا ڕادەیەکی زۆر لای زۆربەی لێکۆڵەرەوەکانی بوارە جیاوازەکانی زانستە کۆمەلایەتیەکان پەسەند کراوە. لە سەر هەمان هێڵ ئەم نوسینەش هەمان بۆ چون قەبووڵدەکات و لە نێوان دروستبوونی ناسیونالیزمی کوردیی و مۆدێڕنیتەدا پەیوەندیەکی پێکهێنەرانە پێشنیار دەکات. وەک وتمان ئیمە ناسیونالیزم بە بەرهەمی مۆدێڕنیتە دەزانێن، بەڵام ئایا مەبەستی ئیمە لە چەمکی ناسیونالیزم چییە؟ بە باوەڕی من ناسیونالیزم بریتیە لە "پرەنسیپێکی سیاسی گریمانی ئەوە ئەکات کە دەبێت یەکیەتی سیاسی و یەکیەتی خاکی

نەتەوەیی هاوشانی یەکتری بن". بە مانایەکی دیکە ناسیونالیزم ئەو بۆچوونە سیاسییەیە کە پێیوایە خاکی هاوبەش و یەکگرتووی نەتەوەیەکی دیاریکراو دەبێت سیستمێکی سیاسی هاوبەش و یەکگرتووی هەبێت. لە شوێنێکی دیکەدا ئەم پێناسەیە وردتر دەبیتەوە و "بە شێوەیەکی گشتی ناسیونالیزم ئەو هەوڵدانەیە بۆ ئەوەی کولتور و ئیدارە پێکەوە کۆببنەوە، ناسیونالیزم هەوڵی ئەوە دەدات کولتورێک سەرپۆشی سیاسی خۆی وەرگرێت، بەڵام تەنها یەک سەرپۆشی سیاسی". وەک ئاشکرایە ئە من لە هەر دوو بارەکەدا ناسیونالیزم وەک بزاوتێکی سیاسی پێناسدە کە مۆ و ئامانجە سەرەکیەکانی دەبەستێنەوە بە دروست کردنی کیانێکی سیاسییەوە بۆ کولتورێک یان خاکی نەتەوەیی یەک گرتوو. ئەو چەمکانەی ناسیونالیزم بۆ ئەنجامدانی ئەم ستراتیژە سیاسیە کاریان پێدەکات بە پلەی یەکەم برێتیین لە کولتوری یەکگرتوو، خاکی یەک گرتوو، لە گەڵ ئەو ئیدارە سیاسیە یەکگرتووەدا کە ئەم شتانە بە یەکەوە کۆدەکاتەوە و دەبێتە چەتری سەر سەریان. بەم مانایەی ئیمە بە چەمکی ناسیونالیزم ئەدات ناتوانین قسە لە بوونی بزوتنەوەیەکی ناسیونالیستی بکەین بەر لە رۆژگاری مۆدێرنیتە. چوونکە مۆدێرِنیتە بنەمای ئەو هەموو شتە لێکچوانە دەرەخسێنێت کە ناسیونالیزم پێویستی پێیەتی. بنەما کولتوریەکانی نێوان ناسیونالیزم و مۆدێرنیتە زیاتر لای ئیمە کورد روونکراوەتەوە، کە دەڵێت: نەتەوە "تاقمێکی سیاسی فانتازیا نییە". ئەوەی لەم پێناسەیە دا گرنگە کاراکتەری فانتازیانەی نەتەوەیە. نەتەوە وەک بەرهەمی جۆرێکی تایبەتی خیاڵاتی کە توانایەکی تایبەتی فانتازیای سیاسی و کولتوری مەیسەر دەکات. ئیمە ئەو جۆرە فانتازیایەی نەتەوە دەخولقێنێت لە جۆرەکانی دیکەی فانتازیا جیادەکینەوە. بە باوەڕی من فانتازیای نەتەوەیی فانتازیای تاقمێکە کە خۆی لە ئیمپراتوریەت بە بچوکتر دەزانێت وەیکچوون لە هەمانکاتدا خۆی لە خێڵ و تاقمە بچووکەکانی بەر لە نەتەوەش بە گەورەتر دەبینێت. بە مانایەکی دیکە پیم وایە: بۆ پەیدابوونی نەتەوە پێویستیمان بە ئیمپراتۆریەتە گەورەو و فرەنەتەوەییەکانە، دووهەمیان فانتازیای خێڵ و تاقمە ناوچەییە بچووکەکانە. بە باوەڕی من بە بێ ئامادەگی مۆدێڕنیتە دروست بوونی فانتازیای نەتەوەیی مەحاڵە، چونکە مۆدێڕنیتە کە دەوڵەتی نەتەوەیی لە گەڵ خۆی دا دەهێنێت، ئەم دەوڵەتە وادەکات ل سەرێکەوە فۆرمی ئیمپراتۆریەتە گەورەکان هەڵوەشێتەوە، لە سەرێکی دیکەوە کاپیتالیزمی چاپ و نووسین دەبنە هۆی لە بەر یەک تری هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی فانتازیای تاقمە بچووکەکانی وەک خێڵ. لێرەوە بۆ ئەوەی فانتازیایەکی هاوبەش، سیستمی سەربازی هاوبەش، فە رهە نگی زمانی نەتەوەیی، ئەتڵەسی نیشتمان، ئاماری نەتەوەیی، هەیە. ئەم ئامرازانەش کە توانای بەرهەم هێنانی ئەو جۆرە تازیەی خەیاڵیان هەیە کە دە بێت لە و رێگایەوە نەتەوە خۆی وەک تاقمێکی سیاسی تایبەت و سەربەخۆ بنا بکات، ئەم ئامرازانەش بەرهەمی مۆدێرنیتەن و بەر لە مۆدێڕنیتە بوونیان نەبووە. وەک ووتم ناسیونالیزم لەم باسەی ئێمە دا بە مانا یە بە کار هاتووە و لە بنەرِەتدا وەک پرە ینسیپێکی سیاسی

مامڵەی لەگەڵدا کراوە، بەڵام ئەو مانایەی لەم نوسینەدا بەو پرەنسیپە سیاسیە دراوە فراوانترە لەو مانایەی کە ئیمە پێ ئە دە ین. لای ئیمە ئەو پرەنسیپە سیاسیەی ناسیونالیزم بەرجەستەی دەکات بریتیە لە بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەڵام لەم نووسینەی مندا ئەم پرەنسیپە هەموو ئەو بزاوتە سیاسی و ئایدیالوژیانەش دەگریتەوە کە هەوڵی بنیادنانی شوناسێکی فانتازیا کراوی نەتەوەیی ئەدە ین بە بێ هەوڵی دروست کردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، بە تایبەتی ئەو بزاوتانەی کە هەست کردنی تاقمێکی بە بوونی خۆی وەک نەتەوە بە هێز کۆمەک دەکەن، بە بێ ئەوەی بە هێز بوونی ئەم هەستە بە بنیادنانی دەوڵەتەوە ببەستێنەوە. لێرە دا ناسیونالیزم، بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی ترەوە، مەرج نیە هەمیشە فۆرمی دەوڵەت یان هەوڵی بنیادنانی دەوڵەت بگرێتە خۆی، بەڵکو دەبێت چەندان فورمی سیاسی و کومەڵایەتی دیکە بگرێتە خۆی لە دەرەوەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا. بە باوەڕی من تا ئەو شوێنەی کولتورێک ڕێگری سیاسی لە بەردەمدا نەبێت بۆ تەعبیر کردن لە خۆی، ئەگەری ئەوە هەیە ناسیونالیزم دامەزراندنی دەوڵەت وەک ئامانج نەبینێت. لە کۆمەڵگەیەکدا لێبردوویی و فرە کولتوری قبووڵبێت و تاکە جیاجیاکان لە سەر بنەمای هاووڵاتیبوون و تاقمەکان لە سەر بنەمای مافی دەستەییان قەبووڵکرێن، ئەوکات دەبێت بزاوتێکی ناسیونالیزمی دروست ببێت باس لە دامەزراندنی دەوڵەت نەکات، دەنا پێکهینانی حکوومەتێکی سەربەخۆ لە ئارادایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕیکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧

---

## چەمکەکانی نەتەوەگەرایی

ئەگەر خاڵێک وجودی هەبێت کە هەموو لە سەری ڕێککەوتبن، ئەوا ئەو خاڵە ئەوەیە کە تیۆری نەتەوەگەرایی نوێ و مۆدێرنە. کۆنترین بە کارهێنانی تۆمار کراوی ئەم تیۆریە بە شێوەیەک کە مانایەکی ئاشکرای کۆمەڵایەتییان سیاسی ببەخشێت، دەگەڕیتەوە بۆ سەردەمی فەیلەسوفی ئەڵمانی(جۆهان گۆتفرید هێدەر) ئەو پیاوی ئایینی دژە شۆڕشی فەرانسە، (ئابی ئۆگەستین دی بارۆڵ) لە ئاخرەکانی سەدەی هەژدە دا، و لە سەرەتای نۆزدەهەم دا بە دەگەمەن بە کار هێناوە.

لە ڕاستیدا تەنیا لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا تیۆری نەتەوەگەڕای ئەم کۆمەڵە مانایانەی هەیە کە ئەمڕۆ ئێمە دەیان زانین، گرینگترینی ئەو مانایانەش ئەمانەن.

پرۆسەی پێکهێنان یان گەشە کردنی نەتەوە.

نرخ، یان هۆشیاری سەر بە نەتەوە بوبن.

زمان و سیمبۆلی نەتەوە.

بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوە.

باوەڕیان ئیدولۆژی نەتەوە لە هەر دوو باری گشتی وتایبەتیدا.

بە کارهێنانی یەکەم کە بریتیە لە پرۆسەی پێکهاتن یان دروستکردنی نەتەوە، زۆر گشتیە و زنجیرەیەک پرۆسەی تایبەتی‌تری لە خۆگرتووە کە زۆر جار ئامانجی نەتەوەگەڕایی پێکدەهێنن. بۆیە لە ڕێگەی لێکدانەوەکانی‌ترەوە دەتوانین زیاتر لە تیۆری نەتەوە بکۆڵینەوە.

لە چوار بەشەکەی‌تردا، لە دووهەمیان دا کە هۆشیاری نەتەوەیی یان بەها نەتەوەیی‌یەکانە کە پێویستە بە وردی لە سیانەکەی‌تریان جیا بکرێنەوە. بێگومان پەیوەندیەکی نزیکیان پێکەوە هەیە بەڵام قەرار نیە کە شان بە شانی یەکتر بڕۆن، کەسێک دەتوانێ بۆ نمونە هۆشیاری نەتەوەیی باشی هەبێت بە بێ ئەوەی کە خاوەنی سیمبۆلێک یان بزوتنەوە یان ئیدولۆژی بێت. ئەوەش ئەو گێڕاوە بوو کە( نیکۆڵۆمیکیا فیلی) تێکەوتبوو کاتێک بانگەوازەکەی بۆ یەکگرتنی پتەوی ئیتالیایەکان دەکرد.

بەڵام جیاوازی نێوان بزووتنەوەیەکی سیاسی کە نوێنەرایەتی نەتەوە بکا، هەر چەندە لەوانەیە خاوەنی بە لانی کەمەوە ههندێک سیمبۆلی نەتەوەگەڕایی بن، بەڵام جیاوازی نێوان بزووتنەوەیەکی ئیدۆلۆژیەکی‌تر و تۆکمەی نەتەوەگەرایی لە لایەکەوە و هەستێکی خاوێنی نەتەوەیی سەر بە نەتەوە بۆون لە لایەکی‌ترەوە، زۆر ئاشکرایە کە وامان لێبکات هەتا بە جیا مامەڵە لە گەڵ ڕادەی هۆشیاری نەتەوەیی لە لایەکەوە و نەتەوەگەرایی لە لایەکی دیکەوە بکەین.

لە بەر ئەوە مەبەست لە تیۆری نەتەوەگەرا لێرە دا بریتییە لە ئاماژە کردن بۆ یەک یان زیاتر لە سێ بە کار

هێنانەکەی دوایی کە بریتین لە زمان و سیمبۆلی و بزوتنەوەیەکی سۆسیۆ سیاسی و ئیدولۆژی نەتەوە، پێویستە گریمانەی ئەوە بکەین هەر یەکێک لەوانە بێگومان تا ئەندازەیەک لە هەستی نەتەوەیی لە گەڵدایە کە بە تایبەتی لە نێوان نەتەوەگەراکاندا و ئەگەر هەموو دانیشتووانیش نەگرێتەوە، لە بەر ئەوەی کۆمەڵ زیاتر پەیوەندە بە ئەکتێف بوونی ڕۆناکبیران و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی نا خۆیەتی.

## *پێناسەکانی نەتەوەگەرایی.*

تیۆری و بیرۆکەی نەتەوەگەرایی بە چەند شێوەیەک پێناسە کراوە، بەڵام بەشی زۆری پێناسەکان یەک دەگرنەوە و درکاندنی هاوبەشن. بابەتی یەکەم بێگومان بریتییە لە بایەخدانی لە ڕادەبەدەری نەتەوەگەرایی بە نەتەوە، نەتەوەگەرایی ئیدولۆژییەکە، کە نەتەوە لە ناوەندی بایەخی خۆی دادەنێ و هەوڵی گەشە سەندن و بەرەو پێشبردنی دەدات. بەڵام ئەمە هەتا ڕادەیەک نادیارە و پێویستە زیاتر لێی قووڵ ببینەوە و ئەو ئامانجانەش دەستنیشان بکەین کە بەو هۆیانەوە نەتەوەگەرایی هەوڵی بەرەو پیشچوونی خۆشی وتەبایی نەتەوە دەدات. ئەم ئامانجانەش سیانن. ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی، یەکێتی نەتەوەیی و ناسنامەی نەتەوەیی. بە لای نەتەوەخۆازەکانەوە نەتەوە ناتوانێ بە بێ بوونی ئەندازەیەکی تەواو لە هەر یەک لەمانە بەردەوامی بە مانەوەی بدا، لێرەشەوە دەکرێت ئەم پێناسەیەی خوارەوە بۆ نەتەوەگەرایی دابنێن.

بزووتنەوەیەکی ئیدولۆژیانە هەوڵ بۆ وەدەستهێنان و هێشتنەوەی ئۆتۆنۆمی و یەکێتی و ناسنامەی دانیشتووانێک دەدات کە هەندێک لە ئەندامانی نەتەوەی ڕاستەقینەی تەواو پێکدەهێنن یان لە ڕێگای نەتەوە بوون دان.

ئەمە پێناسەیە کە لە سەر بناخە و تۆکمە هاوبەشەکانی ئیدیالەکانی نەتەوەگەرا دامەزراوە، بەڵام بێگومان جیاوازی بۆچونی نەتەوەگەراکان ساکارتر دەکا وادادەنێ کە نەتەوەگەرایی سیمایەکی گشتی و ئیدەیەکی نموونەیی هەیە. ئەم پێناسەیە ئیدولۆژی نەتەوەگەرایی زیاتر بە بزوتنەوەی خاوەن ئامانجەوە دەبەستێتەوە، چونکە نەتەوەگەرایی وەک ئامانجی دەستنیشانی جۆری دیاری کراو هەنگاوەکان دەنێ. لە گەڵ ئەمەشدا هەر تێگە بنەڕەتییەکانی ئیدولۆژی کە ئامانجەکانی بزووتنەوە کە دیاری دەکات و لە جۆری بزووتنەوەکانیتری جیا دەکاتەوە.

به هەرحاڵ پەیوەندی نیزیکی نێوان ئیدولۆژی و بزوتنەوە، مانای ئەوە نییە کە تیگەی نەتەوەگەرایی تەنیا پەیوەندی بەو بزووتنەوانەوە هەیە کە بۆ سەربەخۆیی تێدەکۆشن. وشەی هێشتنەوە لە پێناسەکەی سەرەوە دا کاریگەری بەردەوامی نەتەوەگەرایی لە نێو ئەو نەتەوانەی کە لە میژە دامەزراون و ئەوانەی کە تازە سەربەخۆییان بە دەستهێناوە، لە بەر چاو دەگرێ.

ئەو پیناسەیەی من پێشنیاری دەکەم وای بۆ دەچێ کە تێگەی نەتەوە لە پێش نەتەوە دا واتە بەر لە ناسیۆنالیزم هەبووە، بەڵام پێی وا نییە کە بوونی نەتەوەکان پێش بوونی نەتەوەگەرایی دەکەوێ.

ئەم نەتەوانەش تەنیا بۆ سەربەخۆیی خۆیان تێدەکۆشن، کە ئەمەش مافی سرۆشتی خۆیانە بە پێ مافەکانی مرۆڤ کە دەولەتی سەربەخوێ خۆیان هەبێت، بە تایبەتی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی ناوەراست دا، کە پێیوایە دەولەتی سەربەخۆیی کوردی لەم سەردەمە دا پێویستە وجودی هەبێت، بۆچی نا!!—

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕیکەوتی: ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧

---

## تیوری و بیردۆزی.

تیوری بریتی یە لە بلاوکردنەوە و تاقیکردنەوە وپراکتێکی کۆمەڵایەتی، تیوری کۆمەڵە بیرکردنەوەیەکی رێ پیشاندەرانە یەکە لە زانستە سیاسیەکانی مرۆڤدا، بریتی یە لە ئاراستە کردن و رونکردنەوەی زانستی یاساکانی گەشە کردنی بواری سروشتی کۆمەڵ.

تیوری کە لە سەر بنچینەی پراکتیک و کار کردن دا پەیدا دەبێت و رۆڵێکی گەورە لە ژیانی کۆمەڵداو لە بواری زانستە یە کانی تری مرۆڤایەتیی دا دیاری ئەکات و رێگای دور بۆ چالاکی مرۆڤایە تیدا رون دەکاتەوە و پراکتیک بەرە و پێش دەبات.

تیوری شۆرشگێڕانە ئەوەمان فێر دەکات کە بەڵگەی سەرکەوتنی ئەرکەکانی کۆمەڵ بریتی یە لە یەکێتی نێوان تیوری و پراکتیک لە نێوان بیرکردنەوە و کار کردندا، هەر تیوری یەک ئەگەر لە گەڵ کاری شۆرشگێڕانە دا و لە گەڵ پراکتیکی گۆڕین بەش دا یەکسان نەبێت ئەوا ئەهمیەتی ناوەڕۆکی خۆی دەدۆڕینی. هەروەها پراکتیک وەکار کردنیش ئەگەر بە ڕێگای رێ نیشاندەرانەی تیوری شۆرشگێڕانەی ڕۆن نەکرێتەوە ئەوا کوێرو بێ بەرهەم دەمێنێتەوە.

ڕێکخراوە شۆرشگێڕی یەکان بنەمای چالاکی خۆیان لە سەر یەکێتی نێوان تیوری و کارکردن واتە تیوری و پراکتیک دا دادەمەزرێن. تیوری شۆرشگێڕانەی کۆمەڵە بیر کردنەوە یەکی رێ نیشاندەرانەی چالاکی و کار کردنی ڕێکخراوە جۆراوجۆرە کانە. ڕۆڵی کاریگەرانەی تیوری شۆرشگێڕانە لیرە دا بە دیار دەکەوێت کە ڕێگای زانستی بۆ ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان خۆش بکات، بۆ ئەوەی لە هەر بارو دۆخێکدا ڕێگای خۆیان دەست نیشان بکەن و رووداوەکانی بەردەم خۆی بە واقیع بینێ.

چالاکی خۆی لە سەربنەمای زانستی دابمەزرێنێ، شوێن کەوتنی دوگماتیکانە و دوبارە کردنەوەی کوێرکوێرانە واتە بە کوێرانە شوێن کەوتن، بە هیچ جۆرێک لە گەڵ ڕێبازی شۆرشگێڕانە دا ناگۆنجێت و هیچ ئاکامێکی بە سودی نابێت.

## تیوری ستراتیژیک و تاکتیک.

ستراتیژیک وتاکتیک جگە لە بواری سیاسی و حیزبی.. لە کاروباری سەربازی، دیپلۆماتیک وە یان کارو باری ئابوری دا بە کاری دە هێنرێت.

لە کارو باری سەربازیدا کەیەکەمیان بە مانای ئامانج و پلانی دورو کۆمەڵە کردارێکی بەربلاو بۆ سەرکەوتن لە شەڕدا، دووەمیان بە مانای ئامانجی نزیک، کرداری یەک لە دوای یەک، چالاکی ناوچەیی بۆ سەرکەوتن لە شەڕیکی تایبەتی دا ناو دەبرێ.

بەڵام ئێمە لەم باسە دا مەبەستمان لە تیوری ستراتیژی و تاکتیک ڕێکخراوە شۆرشگێڕی یە چینایەتییەکانە لەو

راپەرینانە یاندا کە لە پێناوی رزگار کردنی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیەتی دا دەیکەن. لەو بوارە دا ستراتیژی و تاکتیک بریتی یە لە زانستی ریبەریکردنی چینایەتی پڕۆلیتاریاو هەموو چینە زەحمەتکێشەکانی ناو کۆمەڵگا.

تیوری ستراتیژی بریتی یە لە دیاریکردنی لایەنی ئەسڵی راپەرینی چینایەتی پڕۆلیتاریا، دیاریکردنی رێکخستن و تایبەتیەکانی هێزی سیاسی بەڕیبەرایە تی چینی پڕۆلیتاریا لە قۆناخێکی دیاریکراوی شۆرش دا.

دانانی پلانی پێویست بۆ کەڵک وەرگرتن لە کەرەسەی هێزە بنچینەیی و بەشەکانی شۆرش و دانانی پلانی یەکگرتنی هێزە کان لە راپەرینی شۆرشگێڕانە داو کۆ کردنەوەی ئەم هێزانە لە دەورانی چینی پڕۆلیتاریادا. تیوری ستراتیژی تاکتیک هەر رێکخراوێک کە لە ماوەی قۆناغێکی دیاریکراودا کە سەرقاڵی خەباتی ئازادیخوازانە بێت، واتە لە ماوەی سەرتاسری تەمەنی شۆرش دا بە بێ گۆڕان وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕیکەوتی: ٢٣ی جانێوێری ٢٠٠٨

## سیاسەت پرۆسەیەک یا شیوازێکی وەرگرتنی بڕیارە بۆ گروپەکان

هەرچەند باوە کە سیاسەت بە حکومەتەوە وابەستە بێ، بەڵام سیاسەت لە هەموو چالاکییەکانی مرۆڤدا و لە دامەزراوە ئەکادیمیایی و ئایینی و بازرگانیەکاندا بەدی دەکرێ.

زانستی سیاسی بریتیە لە دیراسەکردنی هەڵس و کەوتی سیاسی و پشکنینی چۆنیەتی وەدەستهێنان و پیرەوکردنی دەسەڵاتە، بۆ نمونە توانای سەپاندنی ئیرادەی خۆت بەسەر کەسێکی تر. تیۆرزانێک بەناوی هارۆڵد لاسوێل بەم شێوەیە پێناسەی سیاسەتی کردووە "کێ چی وەدەست دێنی و کەی و چۆن ."

### دەوڵەتێکی سروشتی

لە ساڵی ١٦٥١ دا تۆماس هۆبز بەناوبانگترین کتێبی خۆی بو ناوی Leviathan بە چاپ گەیاند و، لەو کتێبە

بۆ بەهانە هێنانەوە بۆ هاتنەکایەوەی کۆمەڵگەکانی مرۆڤ مودێلێکی پەرەسەندنی سەرەتایی مرۆڤ خستە روو. هۆبز لەو مودێلە باسی لە دەوڵەتێکی نایابی سروشت دەکرد کە تیایدا هەموو تاکەکان بەیەکسانی سود لە سەرچاوەکانی سروشت وەدەگرن و لە بەکارهێنانی هەر ئامرازێک بۆ گەیشتن بەو سەرچاوانە ئازادن. بۆ هۆبز دەرکەوت کە ئەمجۆرە رێکخستنە بووە هۆی پەیدابوونی "شەڕی هەمووان دژی هەمووان" یاخود بە لاتینی "bellum omnium contra omnes". جگە لەوەش بۆی دەرکەوت کە پیاوان لەو حاڵەتەدا دەچنە نێو حاڵەتێکی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و دەستبەرداری مافی رەهای خۆیان بۆ هەندێ جۆری پاراستن دەبن. لەکاتێکدا وا دیارە کە هەرەمەکانی زاڵبوون و هاوکاری کۆمەڵایەتی بونیان بۆ سەردەمی بەر لە هاتنەکایەوەی کۆمەڵگەکانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە. مودێلی هۆبز لۆژیکی هێنانەکایەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤ پیشان دەدات .

## مێژوو

ڤی جی گلاید ئەو گۆڕانکاریەی کە بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤ کە لە دەوروبەری ساڵی ٦٠٠٠ پێشی زاینیدا هات بە شۆڕشی شارستانی ناو دەبات. یەکێ لە روخسارەکانی ئەم جۆرە نوێیەی شارستانیەت بە دامەزراوەکردنی چینایەتی کۆمەڵایەتی و پیشە ناکشتوکاڵییەکان (لەوانە پیاوانی ئاین و پارێزەران) و باجسەندن و نوسینە. کە هەموویان پێویستیان بە بوونی بە شوێنێکی پڕ لە دانیشتوانە- یاخود شارەکانە.

وشەی سیاسەت (politics) لە وشەی یۆنانی (polis) سەرچاوەی گرتووە. سیاسەتی بازرگانی و ئاینی و ئەکادیمیایی و هەموو جۆرە سشیاەتێکی تر - بە تایبەتی ئەوانەی بەدەست کەم سەرچاوەییەوە دەناڵێنن- هەرەمێکی زاڵبون لەخۆیان دەگرن، کەواتە سیاسەتن. زۆربەی جار سیاسەت لەرووی پەیوەندی بە بەرێوەبردنی حکومەتەکاندا دەخوێندرێ. کۆنترین شێوەی حکومەت شێوەی رێکخراوی خێڵکی بوو. حوکمی پاشایەتی میراتگری حوکمی گەورە پیاوانی خێل بوو و سیستەمیچکی فیودالْ وەک ریچکخستنێگ کە تیایدا تاکە خێزانێک کۆنترۆڵی کاروبارە سیاسیەکانی گرووپێک دەکرد. کەواتە مێژووی سیستەمی پاشایەتی بۆ ٥٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە کە بەردەوام بەشێوەیەک لە شێوەکان هەبووە.

## پێناسەکان

هێز (Power) توانای سەپاندنی ویستی خۆتە بەسەر کەسێکی تر. رەنگە سەپاندنەکە توانای هێزیشی

لەگەڵدایە، یاخود با بڵێن توند و تیژی.

دەسەڵات (Authority) هێزی سەپاندنی یاساکان و مسۆگەرکردنی ملکەچی و سەرکردایەتیکردن و دەست نیشان کردن و حوکمکردن.
شەرعیەت (Legitimacy) خەسڵەتێکی حکومەتە کە بەرێگەی وەدەستهێنان و پراکتیزەکردنی دەسەڵاتی هێز بەپێی پرەنسیپ و پێوەری دانپیانراو و قبوڵکراو وەریگرتووە.

حکومەت ئەو دەستەیە کە دەسەڵاتی هەیە یاسا دەربکات و بیان سەپێنێ

## هێزی سیاسی.

رستە بەناوبانگەکەی ساموێل گۆمپەرز "دۆستەکانت خەڵات بکە و دوژمنەکانت سزا بدە" باس لە دوو جۆر لە پێنج جۆرەکەی هێز دەکات کە زانایانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی باسیان لێوە دەکەن، یاخود با بڵێن هێزی هاندەر ( incentive power دەسەڵاتی خەلاتکردن) و هێزی خورتی) coercive power دەسەڵاتی سزادان). هەرسێ هێزەکەی تریش لەم دووانە هەڵدەقوڵێن. هێزی شەرعیانە، هێزی پۆلیس یاخود ناوبژیوان، ئەو دەسەڵاتەیە کە بە تاکێک بەخشراوە و بەو پێیە دەتوانێ پێوەری هەڵس و کەوتەکان بسەپێنێ. هێزی شەرعیانە لە هێزی خورتی ئەچێ بەوەی کە هەڵس و کەوتی نابەجێ بە غەرامە یاخود سزایەکی تر سزا دەدات. هێزی ناوبژیوان، هێزێکە بە کەسانێک دەبەخشرێ لەبەر چاکییان یاخود دەستکەوتەکانیان یاخود هەڵوێستەکانیان. تێرکدرنی حەزی هەستکردن بە وێکچوون لەگەڵ ناودارێک یا قارەمانێک ئەوە خەلاتی ملکەچبوونە. هێزی پسپۆر، هێزێکە لە خوێندن یا ئەزموونە سەرچاوەی گرتووە. زۆر جار جێبەجێکردنی رێنماییەکانی راهێنەرێچکی بەئەزموون سەرکەوتنی لێ بەرهەمدێ وەک خەڵات. هێزسپۆران بە بارودۆخەکانەوە بەندە، چونکە نەشتەگەرێکی مێشک ناتوانێ بۆرییەکانی ئاوی ماڵەکەت بۆ چاک بکاتەوە.

## دەسەڵات و شەرعیەت

ماکس وێبەر سێ سەرچاوەی شەرعیەت بۆ دەسەڵات دەستنیشانکردووە کە بە (پۆلینکردنی سێ لایەنەی دەسەڵات) ناسراوە. هەروەها سێ هۆی پێشنیار کردووە کە لەبەر چی خەڵک ئەو فەرمانانەی کە پێیان دەدرێ جێبەجێ

دەکەن

## تەقلیدی

دەسەڵاتە تەقلیدیەکان پشتیوانیان هەیە چونکە بەردەوامن و پشتیوانی لە بەها هەبووەکان و حاڵی حازر status quo دەکەن. دەسەڵاتی تەقلیدی درێژترین مێژووی هەیە. کۆمەڵگەی باوکسالاری (و لەوەش دەگمەنتر دایکسالاری) سەرچاوەی پاشایەتی بۆماوەیین کە تیایاندا دەسەڵات وەچەکانی سەرکردەکانی پێشوو دەدرا. شوێنکەوتوانیش ملکەچی ئەمجۆرە دەسەڵاتە دەبن چونکە دەڵێن "ئێمە هەر فێری ئەم شێوازە بووینە". نمونەی دەسەڵاتدارانی تەقلیدی پادشاکان و شاژنەکانن.

## کاریزمایی

دەسەڵاتی کاریزمایی بۆ جوانی روح سوکی کەسێک یاخود هێزی کەسایەتی تاکێک دەگەڕێتەوە (بۆ نمونەی هەرە توندڕۆ بروانە کەسایەتی پەرستن). رژێمە کاریزماییەکان بە تەمەن کورتی ناسراون و بەدەگمەن لەپاش مردنی ئەو کەسانەی بەرێوەیان دەبەن دەمێنن.

## یاسایی هوشیارانە

دەسەڵاتە یاسایی و مەعقولەکان تواناکانییان لە سەپاندنی هەڵس و کەوت لەو پۆستەی کە هەیانە وەردەگرن. ئەوجۆرە دەسەڵاتە پێویستی بە ملکەچی بۆ پۆستەکە نەک بۆ خاوەن پۆستەکە بن. دیموکراسییە مۆدێرنەکان نمونەی رژێمە یاسایی هۆشیاریانەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕیکەوتی: ١٢ی دێسەمبەری ٢٠٠٩

# بلوتووس

بلوتووس (بە ئینگلیزی ( Bluetooth : پێوانەییەکی (standard) ڕاگواستنی داتایە. بوارێکی ڕەخساو بۆ هەمە چەشن دەزگای ئەلکترۆنی ساز دەکات، کە داتا و زانیاریی(بە هەموو جۆرەکانی دەق، ڕەنگ، دەنگ..هتد) تاوتوێ پێ بکەن، وەک تەختەکلیل، تەلفۆنێکی مۆبایل، کامێرایەکی دیجیتاڵ، چاپکەرێک..و هەروەها، هەموو ئەوانە بە ئاسانی لەنێوەندێکی بێ تەلدا پەیوەندی دەگرن و کار لەگەڵ یەکتر دەکەن.

## کارەکانی بلوتووس.

بە بێ تەل وایەر لە مەودایەکی ١٠ تاکو ١٠٠ میتریدا کاردەکات، بە توانای ئاڵوگۆڕکردنی یەک میگابایت لە چرکەیەکدا ١(Mbits) بەگوێرەی تەکنیکی نوێ ئەم خێراییە دەگات ٢ مێگابت لە چرکەیەکدا، بە لەرەلەری ٢,٤٥ مێگاهێرتز داتاکان ئاڵوگۆڕ پێدەکات.

تاکو بتوانرێت دەزگایەک تایبەتمەندێتی Bluetooth وەربگرێت، پێویستی بەبوونی پارچەیەکی بچووکی بڕاو (تەڵاشە) Chip . یێک دەبێت تێیدا. ئەم Chip ـەش وەرگر و هێنەرە، کە بە transceiver ناودەبرێت. هەر دوو واتای (transmit, receive)دەگەیەنێت، ئەمڕۆکە لەناواخنی زۆربەی ئامێر و دەزگا ئەلکترۆنییەکاندا بەدی دەکرێت. شێوازی کارکرنی Bluetooth بەگوێرەی خاڵ بۆ خاڵ وەیان کۆمەڵە خاڵێک پێکەوە سازدەدرێت داهێنەری بلوتووس.

کۆمپانیای ئێریکسۆنی (Ericsson) سویدی بیرۆکەی بلوتووسی هێنایە کایەوە و پەرەی پێدا.

پاشان کۆمەڵێک کۆمپانیانی هاوکار، پێکەوە کۆمەڵەیەکیان پێکهێنا بۆ کارکردن تیایدا بەناوی (Special Internet Group SIG). کە برێتیی بوون لە : Ericsson, IBM, Nokia, Toshiba, 3Com, Lucent, Microsoft, Motorola

ناوی بلوتووس لە چێیەوە هاتووە.

بلوتووس گەر بیکەین بە کوردی واتە ددان شین، بەڵام لەڕاستیدا بلوتووس ناوی پاشای دانمارک (Harald Blåtand) کە بە ئینگلیزی دەبێت بە (Bluetooth) بووە لە ناوەڕاستی سەدەی دەهەمدا، بەناوبانگی ئەوەوە ئەم تەکنیکە ناونراوە وەک ڕێزلێنانێک لە قارەمانێتی ئەوپاشایە کە فەرمانڕەوایەتیی و دەسەڵاتی خۆی فراوان کردووە و گەیشتۆتە نورویژ. وەک باس دەکرێت هارالد حەزی بەخواردنی شاتوو زۆر کردووە، و لەپاش خواردنی ددانەکانی ڕەنگی شینیان وەرگرتووە و بۆیە بەددان شین ناوبراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕیکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩

---

## پەرەسەندنی گلۆبالیزم.

گلۆبالیزم وشەیەکی سیاسی، ئابوریی، تیکنۆلۆژیی، کۆمەڵایە تییە، لە گەڵ درۆست بوون و پەرەسەندنیی سەرمایە داریدا. باس لە شێوەکانی پەرەسەندنی سیستەمی سەرمایەداری دونیا دەکا کە لە رۆژئاوادا سەری هەڵداوە و بەرەو رۆژهەڵات بە مەبەستی داگیرکردن و دەست بە سەر داگرتنی هەموو شێوەکانی ژیاندا هەنگاوی ناوە.

بە جیهانیی بوونی، گلۆبالیزم دیاردەیەکی جیهانی هەمە لایەنەیە، تائەو کاتی کە سنوردار ناکرێ و هیچ دەولەت و سیستمێک ناتوانی بەری پێ بگرێت، جا هەر چەندە پێشکەوتوویان دواکەوتوو بێت.

بە جیهان بوونی سیستەمێکی بە هێزو بە تواناو کاریگەر لە خۆماڵیی کردنی ئابووری بازاڕ بە قازانج و بەرژەوەندی سەرمایەداری جیهانی و هۆی هەرە سەرەکیی کە لە دەست کۆمەڵیکی بچووکدا دەسووریتەوە.

جیهانگیری کە پێکهاتووە لە گەشە کردنی شێوەکانی بەرهەمهێنان هەتا ئەو پەری بەر توانای تێکنۆلۆژیی، کە لە

لایەکەوە هەموو خەونەکانی سەرمایەداری جیهان بەدی دێنێ و لە لایەکی دیکەشەوە ڕێژەی بێکاریی لە نێو کۆمەڵدا دەستی پێ دەکا هەتا دەگاتە پەنجا بە پەنجا لە نێو کۆمەڵگا کە دا.

جیهان بینی لە هەموو کاتەکانی ژیانی مرۆڤ دا ڕۆلی خۆی دەبینێ و دەست دەخاتە ناو چوکترین شێوەکانی تێکۆشانی مرۆڤەوە، هەر لە گەشەکردنی بیروڕای ئازادیی تاکوگونجاو لە گەڵ بارێکی دراوی داسەپاودا، هەتا دەگاتە خوو ڕەوشتە کۆمەڵایەتیی و خێزانیی و تاکەکانیش، لە هەموو بووارەکانی سیاسیی، ئابووری، کۆمەڵایەتیی، ڕۆشنبیریی، تێکنۆلۆژیدا.

**چەند بەشیک کە لە گلۆبالیزمی سەردەمدا گرینگن پێویستە بخەینە بەرباس.**

١- بە جیهان بوونی ئابووری، گلۆبالیزم کە لە مەیداندا ئەسپی خۆی لە شێوەی پەرە پێدانی تێکنۆلۆژی سەردەمدا بەرەو پێشەوە بردنی ئامیرەکانی بەرهەمهێنان لە شێوەی ئوروپایەکاندا تاو دەدا، هەتا لە کەمترین کات و هەرزانترین تێچوون و باشترین جۆری بەرهەم و زۆرترین دەسکەوت دا خۆی دەبینێتەوە. هەر لە بەشەکانی کشتوکاڵی و بازرگانی و پیشەسازییەوە بگرە هەتا دەگاتە ئاڵوگوری پوڵو پروسەی بانکی.

لە گەڵ بەرەو پێش چوونی تێکنۆلۆژیش کە لە مەیدانی ئابووریی دا لایەکی دراوەکەیە، رووی دوهەمی دراوەکەش سەر هەڵدەدا بەرەو پێشهەوە دهەڕوا بەڵام ئەویش پەرەسەندنی بێکاری و زیاد بوونی ئاستی ڕێژەی بێکاری و نزم بوونەوەی ئاستی ژیانی ئەو بەشەی کە پێی دەگوترێ هیزی کار. دیارە لەم مەیدانە دا واتە مەیدانی ئابووریی، جیهانیی بوونی کە لە بەرژەوەندی و بە کەڵکی هەموو سەرمایەداری بێ، بەڵکو زیاتر بە قازانج و بەرژەوەندی وڵاتانی سەرمایەداری وەک ئوروپاو، ئامریکاو هتد.... دەبێت.

٢- جیهان بینی لە مەیدانی رۆشنبیریدا. جیهان بینی جۆرە سیستەمێکی جیهانی تایبەتییە کە بە گەشە کردنی بیرورا بەرە و پێشەوە چوونی ئازادیی تاک لە بیروڕا دەربڕین و بۆ چووندا، بە بێ هیچ جۆرە کۆت و کۆنترۆل و ڕێگرییەک، دیارە ئەمەش نە سەلمێندراوە و ناشسەلمێندرێت، بەڵکو بو پرۆسەیەکی دوورودرێژدا دەڕواو رۆیشتووە هەتا گەیشتوتە ئەو قۆناخەی ئێستا.

دیسانە کە لەم مەیدانەش دا تێکنۆلۆژی ڕۆلی گرینگی خۆی بینیوە، ئەگەرچی جۆرە سانسۆرێک لە سەر ڕۆژنامە، گۆڤار، خۆپێشاندان، سیمینار، میزگرد یان هەر جۆرە چالاکییەکی دیکەی دەربڕینی بیروراو بۆچۆون هەبێ، بە کام لە ئاستی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی سەردەمی جیهان بینی دا دەست بەستراوە. بۆ نمونە پەیدا بوونی موبیل و ئێنتیرنێت، پێکهێنانی ماڵپەڕی ئێنتیرنێتی، مەیدانی دە ڕبڕینی بیرو بۆچوون و تۆژینەوەی زیاتر بەر فەراوانتر کردۆتەوە و کە هەموو جۆرە سانسۆرێک دەست بەستراوە. جیهان بینی گلۆبالیزم وایی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کردوە کە دونیای کردۆتە گوندێکی بچوک کە چوکترین دەنگوباس لە یەک چرکە دا لە سەرتاسەری جیهاندا دەنگدەداتەوە.

٣- جیهان بینی لە مەیدانی کۆمەڵایەتیدا. ئەگەرچی لە مەیداندا پڕوسیسیکی دوورودرێژ لە ڕۆژئاوادا ڕۆلی خۆی دەبینی و لە نەجاتدانی کۆمەڵ لە سیستێمیکی باوک سالاریدا بەڵام بۆتە هۆی هەڵتەکاندن و لە بن دانی، کە لە شێوەی بەرهەم هێنانی ئوروپایەکان و ڕۆژئاواییەکان کە لە ئاسیاش سیستەمی بە کارهێنانی ئامێرەکانی بەرهەم هێنانە. وە ڕیشە کیشانی ڕەگ ونەریتە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەیەکی سروشتی کە هەنگاو هەڵدێنیتەوە.

لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتدا بۆتە مایەی سەرهەڵدانی دەمار گرژی نەتەوەیی، و ڕزگاری و لە هەمانکاتێش دا لە بندان و لە گرێژە نەبردنی هەموو بەها گرینگەکانی خوو ونەریتە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی ناسروشتی و دوور لە پرۆسیسی بەرەو پێش چۆون، و بە شیوازی داسەپاندن و وێکچون و لاسایی کردنەوە کە ئەوەش لە جیاتی ئەوەی ئاکامی چاک لەو لە مەیدانی کردەوە دا وەک ڕۆژ ئاوا بدا بە دەستەوە، لەم مەیدانە دا گلۆبالیزم نەیتوانیوە لە ڕۆژهەڵات دا ئامانجەکانی خۆی بە شێوەیەکی باش بەرنامە ڕێزی بکات لە گەڵ گەشە کردنی تێکنۆلۆژیدا کە دیهەوێ بە دیبێت.

٤- گلۆبالیزم لە مەیدانی سیاسیدا. لەو مەیدانە دا دوو زاراوەی دیکە و دوو سیستەمی دیکەی سیاسی کە هاوشێوەی گلۆبالیزمن دەبنە مۆرکی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی، کە دیسان بە چەندین ڕیگای جۆراو جۆردا ڕۆیشتوون هەتا گەیشتوونەتە ئەو شێوەیەی ئێستا کە ئەویش حوکمی دێمۆکراتی و کۆمەڵگای مەدەنییە، دیارە ئێمە نامانهەو لێرە دا باس لە کۆمەڵگای مەدەنی لە سەر پلە و بەهاکانی دێمۆکراتی بدوێین، بەڵام دەمانهەوێ ئەوەی روون بکەینەوە کە یەکێک لە تایبەت مەندیەکانی بەرهەمە هەرە بەنرخەکانی گلۆبالیزم کە بریتیە لە سەرهەڵدانی دێمۆکراتی لە سیستەمی بەڕیوەبەرێ کردنی کۆمەڵ، کە لە کۆمەڵگای مەدەنیی دا چاوەدێری کردن و پاراستنی ئەو سیستەمە

دێمۆکراتییە و توورِ هەڵدانی سیستەمی سەربازی و دیکتاتووریی و تاکە دەسەڵاتیی لە بەڕیووەبهەرایەتیی کردنی کۆمەڵگادا. ئەگەرچی وەک ناو لاسایی کردنەوەیە، بەڵام بە پڕوپاگەندە کردن نە وەک بە کردەوە کە بەرەی ڕۆژهەڵاتیش خۆیان وا نیشان دەدەن، بە تایبەتی هەرە پێشکەوتووخوازەکان بە ناو کە وا نیشان دەدەن ئەوانیش ڕێگای دێمۆکراتیان گرتووتە بەر بەڵام چوکترین و سادەترین وەزیفەیی دێمۆکراتیان هەتا ئێستاش بە جێ نەگەیاندووە کە پەیڕوکردنی هەڵبژاردن و دیاری کردنی دەسەڵات و ماوەی بەڕێوبەری کردنەکەیان کە حەز ناکەن کەسیتر حوکم بکات بە غەیری ئەوان.

٥- گلۆبالیزم لە مەیدانی دێمۆکراتییدا  لە ناو کۆمەڵگای مەدەنی و سیستەمی دێمۆکراتیدا، گلۆبالیزم بۆتە هۆی تێکەڵ بوون و بە کردەوە پێکەوە ژیانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان. لە ئاخرەکانی سەدەی رابردووش دا کاریگەری هەبووە لە سەر کۆمەڵگا مام ناوەندەکان، لە پاش نەمانی" شەری سارد" وردە وردە خەریکە لە نێو کۆمەڵگا دوا کەوتووەکانیش دا ڕیشە دادەکوتێ، بە تایبەتی لە ناو کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان دا کە دامەزراندنی سیستەمێکی دێمۆکراتی بەرەو هەڵدێریان دەبا.

٦- گلوبالیزم لە مەیدانی راگەیاندن و میدیادا. لە بارەی بەرەو پیشچوونی راگەیاندنی دەنگ و ڕەنگ بە هۆی پەیدابوونی ئینتیرنێت و، موبیل، سەتەلایت و فەراوان بوونی مەودای کەناڵە ئاسمانیەکان، راگەیاندن و نیشاندانی ئاستی پێشکەوتن وایلیهاتووە کە گلۆبالیزم لەم سەردەمە دا خزمەتێکی گەورەی بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کردووە و، کە ئەوەش دەبێتە هۆی لێک نیزیک بوونەوە و لێک شارەزا بوون و زیاتر لێک تیگەیشتنی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە.

دیارە گلۆبالیزم ڕولی خۆی لە سەر هەموو ئاستەکانی مەیدانی ژیانی مرۆڤ دا بینیوە، بەڵام بە شێوازی جۆراوجۆر

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ  -  ڕیکەوتی: ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩

# لێبوردەیی

زاراوەیەکی کۆمەڵایەتی و رۆشەنبیری و ئایینیە بەکاردەهێنرێت بۆ ئاماژەکردن بەو پیادەکردنە کۆمەڵیانە یان تاکەسیانەی کە لێپێچینەوە لەگەڵ هەموو ئەو کەسانە ناکان کە باوەڕیان یان هەڵسوکەتیان بەشێوەیەکی جیاوازە لە گەڵ ئەوەی کە رەنگە مرۆڤ پێی رازینەبێت. پیادەکردنەکانی سیستەمە گشتگیرەکان بە پێچەوانەی لێبوردەییە کە بە توندڕۆیی ناودەبرێت. زاراروەی لێبوردەیی زیاتر باوترە لە زاراوەکانی تری وەک "قەبوڵکردن" و "رێزگرتن" کە گروپە جۆراوجۆرەکانی پێ قەرزباردەکرێت. لێبوردەیی وەک چەمکێک سەپاندنی سزا هاوشان لەگەڵ بڕیاردان بە ئاگایانە پاش بەکارهێنانی ئەم توانیە. زاراوەی زۆربەی جار بۆ ئاماژەکردن بە پیادەکردنە کۆمەڵیە نا توندوتیژەکان بەکار دەهێنرێت جا ئەمە پیادەکردنی ئایینی یان رەگەزیانە یان سیاسی بێت و ئەمەش زۆر بە دەگمەن رێگە بە رەفتارە توندو تیژەکان دەدات.

مانای کۆمەلایەتیە فراوانەکەی لێبوردەیی ئەو بیرۆکەیە لەخۆوەدەگرێت کە دەڵێت "توندڕۆیی" و نەگونجان بریتین لە سەرچاوەی توندوتیژی و ناجێگیری باری سیاسی. لەبەر ئەوە لێبوردەیی بووە بە پەسەنکراوترین زاراوەی کۆمەلایەتی بۆ پێناسەکردنی ئەو پیادەکرنە کرداری و عەقلانیانەی کە رێگە بە هەمە رەنگی و پیادەکردنە کۆمەلایەتیە نا باوەکان دەدات. مرۆڤ لێبوردەیە تەنها بەرامبەر ئەو خەڵکانەی کە حەزیان پێناکات بە هۆی جیاوازبوونیان لەو. و لەکاتێکدا کە ناکرێک رێکەوتن لەگەڵ ئەو خەڵکانە بکرێت لەبەر ئەوەی نەخوازراون, ئەوا "لێبوردەیی" وا پێویستدەکات کە واز لەو لایەنە یان گرووپە جیاوازەکان بهێنیت و رەخنەکانت بۆ ئەو گرووپانە وروژاندن و هاندانی بۆ توڕەیی تێدا نەبێت

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕیکەوتی: ٢٩ی ئاگۆستی ٢٠٠٩

# کلپتۆکراسی،

## فەرمانڕەوایەتی دزوجەردە.(Kleptocracy)

کلپتۆکراسی، (جاروبار بە Cleptocracy دەنووسرێت) (رەگی ئەم وشەیە لە کلپتۆ Klepto واتە دزوجەردە + کراسی Cracy واتە فەرمانڕەوایەتی هاتووە بە مانای فەرمانڕەوایەتی دەوڵەت لەلایەن دزوجەردەوە). زاراوەیەکی نەخوازراوی نارەسمیە و بەکاردەهێندرێت بۆ حکومەتێکی گەندەڵ لە بەڕێوبردنی داهاتی گشتیدا بە مانای ئەوەی بەڕێوبردنەکەی وا نەخشە بۆکێشراوە کە بەشێوەیەکی سەرەکی هەڵدەستێت بە بەخێو کردن پشتگیری کردنی دەوڵەمەندی تاکەکەسی دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسە حکومیەکان و دارودەستەکانیان (کلپتۆکراتەکان).

لەبەرئەوەی دیموکراسی دزینی ئاشکرا بۆ بەرژەوەندی راستەوخۆی تاکەکەسی بەمەبەستی پشتگیری کردن بۆ ماوەیەکی درێژخایەن مانەوە لە دەسەڵاتدا قورسترو زەحمەتتر دەکات، بۆیە رژێمە کلپتۆکراسیەکان زۆرجار رژێمی دکتاتۆرین یان هەندێک شێوازی تری حکومەتی ئۆتۆکراتین (تاکڕەوین).

فەرمانڕەوایەتی کلپتۆکراتی واتە ئابووری وڵات بخرێتە ژێر خزمەتی بەرژەوەندیەکانی کەسانی کلپتۆکرات. وڵاتە دابەشکراوەکان ئەوانەی سەروەتو سامانیان لەرێگەی دەسبەسەر داگرتن داچۆڕینی سەرچاوە سروشتیەکانەوە بەدەست دێت (وەک ئەڵماس، نەوت کە لە چەند حاڵەتێکی گرنگی کەمدا) لەوانەیە بە شێوەیەکی تایبەت ببن بە کلپتۆکراسی. ئابووریە دووبارە دابەشکراوەکان ئەوانەی سامانیان لە رێگەی سیستەمی باج وەرگرتنەوە بەدەست دێت سنورێکی سروشتی دیاریکراویان هەیە لەبارەی ئەوەی تا چ رادەیەک دەتوانن سیاسەتی کلپتۆکراسیان فراوان بکەن لەسەر خەڵکی خۆیان بەبێ شڵەژاندنی حکومەتەکەیان لە رێگەی فراوانکردنی دەسەڵاتیان بۆ پشتگیریکارانیان یان دوورخستنەوەی وەبەرهێنەرانی داهات لە وڵاتەوە یان وایان لێبکرێت کرێکار و سەرمایەیان بکێشنەوە. کاتێک ئابووریە دووبارە دابەشکراوەکان هەڵدەستن بە دەرخستنی ئامانجە کلپتۆکراسیەکان، ئەوان ئەمە لە رێگەی بەکارهێنانی باج کە کۆکراوەتەوە لە خەڵکی ئاسایی بە مەبەستی هاریکاری کردنی پشتگیریکارانی حکومەت ئەنجام دەدەن. نمونەش بۆ گروپە ئاساییەکان کە جێگای سەرنج راکێشانن: هێزە چەکدارەکانو سوودوەرگرانی خۆشگوزەرانیەکانء قوتابیانء کارمەندە مەدەنیەکان جوتیارەکان، خانەنشینەکان... هتد.

دروست کردنی سیستەمێکی کلپتۆکراسی پشتگیری کراو لەلایەن دیکتاتۆریەتەوە بەشێوەیەکی ئاسایی دەبێتە مایەی چەندین ساڵ لە قاتوقڕی ئێش ئازار بۆ بەشێکی زۆری هاولاتیان وەک لەناوچوونێک بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی سەروەری یاسا دادەنرێت. سەرەڕای ئەمەش، کلپتۆکراتەکان بەشێوەیەکی رۆتینی گرفتە ئابووری کۆمەڵایەتیەکان پشتگوێ دەخەن لە رێگەی گەڕانیان بەدوای کۆکردنەوەو بەدەستهێنانی سامان و دەسەڵاتی زیاتر.

هەندێک لە چاودێران زاراوەی (کلپتۆکراس) بەکاردێنن بۆ بە بێبایەخدانانی ئەو پرۆسە سیاسیانەی رێگە بە کۆمپانیا گەورەکان دەدەن تا کاریگەر بن لەسەر سیاسەتە سیاسیەکان. (رالف نادر) بە پێی ئەم مانایە بۆ ئەم وشەیە، ولایەتە یەکگرتوەکان بە کلپتۆکراس لە ماوەی هەڵمەتەکانی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٠٠ دا ناودەبات.

زاراوەیەکی‌تری زیاتر ورد بۆ هەمان ئەم کاریگەریە لەسەر وڵات زاراوەی پلوتۆکراسی‌یە Plutocracy پلەدارکردنی نێودەوڵەتی دیوەدەری (شەفافیەت) لە سەرەتای ٢٠٠٤ دا، رێکخراوی دژە گەندەڵی چاودێری (نێودەوڵەتی دیوەدەری) هەڵسا بە بڵاوکردنەوەی لیستێک کە بە باوەڕی ئەو ئەمانە دە خۆدەوڵەمەندکەردترین سەرکردەن لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی رابردودا. بە پێی ئەو بڕی ئەو پارەی کە گوایە دزراوە ( بە دۆلاری ئەمریکی)، ئاوایە:

سەرۆکی پێشووی ئەندەنوسیا سوهارتۆ (١٥ملیار - ٣٥ ملیار)
سەرۆکی پێشووی فلیپین فێردیناند مارکۆس (٥ ملیار - ١٠ملیار)
سەرۆکی پێشووی زاییر مۆبوتو سیسی سیکۆ (٥ ملیار)
سەرۆکی پێشووی نێجیریا سانی ئەباچا (٢ملیار - ٥ملیار)
سەرۆکی پێشووی یوگسلاڤیا سلۆبۆدان میلۆسڤچ (١م)
سەرۆکی پێشووی هاییتی جین-کلاود دوڤالێر (٣٠٠ملیۆن - ٨٠٠ ملیۆن)
سەرۆکی پێشووی پیرۆ ئەلبێرتۆ فوجیمۆری (٦٠٠ ملیۆن)
سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئۆکرانیا پاڤلۆ لازارێنکۆ (١١٤ملیۆن - ٢٠٠ ملیۆن)
سەرۆکی پێشووی نیکاراگوا ئەرنۆڵدۆ ئەلمێنا (١٠٠ملیۆن)
سەرۆکی پێشووی فلیپین جۆزێف ئێسترادا (٧٨ملیۆن - ٨٠ ملیۆن)

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ریکەوتی: ٢٧ی جوولای ٢٠٠٩

## وتووێژ لەگەڵ بەرێز کاک حەسەن سەلاح سۆران

***١- لەگەڵ ئەوەی کە هەموو خوێنەری کورد زۆر باش جەنابت دەناسن، ئەگەر دەکرێ بە کورتی خۆت بەخوێنەران بناسێنە ؟***

*سۆران:* بەناوی کوردستانی گەورە

من ناوم حەسەن سەلاح سۆران، کە نووسراوەکانم زۆرتر بەناوی (ح. س. سۆران) بڵاو دەبنەوە.

بابم سەرهەنگ برایم سەلاح فەرماندەی هێزی کۆماری دێمۆکڕاتیکی کوردستان لە مەهاباد بو، کە بە بنەچەک دەچێتەوە سەر فەرمانڕەوایانی موکریان و دایکیشم ناوی ئامینەی گەلاوێژ بو کە لە دایکەوە، لە بنەماڵەی ناسراوی فەرمانڕەوایانی ئەردەڵانە (خوشکەزای نەمر سەردار سەیفەددین خانی ئەردەڵانە، کە عوسمانیەکان لە سێدارەیان دا. لە رۆژی دوی مانگی رەزبەری ١٣٢٠ ی هەتاوی، لە ئاوایی سارووقامیشی جەغەتو، سەر بەناوچەی بۆکان هاتوومەتە دنیاوە( ئەگەر پێویست بەژیان نامە بو، بچنە سەر ماڵپەڕی bokan.de و لەوێ وەریبگرن.

***٢- بە بڕوای جەنابت بۆ هەتا ئێستا، هیچ تاکێکی کورد بۆ بەهێز بوونی هەستی نەتەوەیی باسێکی ئەوتۆی لەناسیۆنالیسمی کورد نەکردوە، یا ئەگەر باسی لێکراوەو و هەوڵی بۆ دراوە ، بۆچی کۆمەڵگەی ئێمە ئاوا لانەواز، بێبەشو پرش وبڵاوە؟***

*سۆران:* بەر لەهەمو شت، دەبێ واتەی وشەی ناسیونالیسم تان بۆ لێک بدەمەوە: وشەی ناسیونالیسم، بەمانای گەل خوازی و نیشتمانپەروەریە، چون بەزمانگەلی فەرەنگی بەگەل دەڵێن " ناسیون " و ناسیونالیست واتە گەلویست و گەلپەروەر. هەر لەبەر ئەویە، ئەم بیرۆکەیە لەزوربەی ئایین و فەلسەفەکان دا بە پیرۆز نرخاوەو و بەپێویست زانراوە. بەڵام بەداخەوە هێندێکی کەم لە قوتابخانە فەلسەفی و ئایینیەکان، وشەی پیرۆزی " ناسیونالیسم " یان لەگەڵ وشەی رەزاگران و زەقی " شێڤێنیسم " لێ تێکەڵ بوە. ناسیونالیسم واتەخوشەویستی زێد، نیشتمان و ئاو و

خاک و خزمەت بەوانە، نەک خۆ لە هەمو گەلێک بەزلتر زانین، رەگەزپەرستی و خەڵکی دیکە بە هیچ دانان. لە قوتابخانەی ناسیونالیسمی کلاسیک دا، هیچ گەلێک خۆی لە کەسی دیکە بەزلتر نازانێ و پێی وا نیە، خوێنی لە خوێنی خەڵکی دیکە رەنگینترە و کورد کوتەنی " لە لووتی فیلەوە کەوتوەتە خوارەوە"، بەڵام هەر لەم کاتەش دا، گەلی خۆشی بە کەمتر لە گەلانی دیکە نازانێ. بەم پێیە، زوربەی مرۆڤگەلی دڵسۆز و ناوداری کورد ناسیونالیست بوون، و لە دەوری کوانوی گەل و کوردایەتی کۆبوونەتەوە، بۆ وێنە: مامۆستا ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیی، مامۆستا قانع، سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی، مامۆستا هێمن موکریانی و هتد. جا بەم پێیە، تەنیا شتێک کە ئێمەی بە هەر ئایین و فەلسەفەو بۆچوونێکەوە، لە دەوری یەک کۆ کردوەتەوە، دۆزی "ناسیون" یا "گەل" و وشەی کورد و کوردایەتیە. ئەگەر لە بەستێنی مێژوش دا، زۆرتر هەر کورتیمان هێناوە، بەشخوراو و پرش و بڵاوین و سەر نەکەوتووین، هۆی زۆر بوە، کە گرنگترینی ئەو هۆیانە، بریەتی بوە لەخوارەوە بوونی پلەی زانست، خۆخۆری، ململانێ، خۆ بەکەم زانین و هتد.

***٣- پێت وایە "ناسیۆنالیست" بوون بۆگەیشتن بە ئاواتەکانمان، واتە پێک هاتنی دەوڵەتی سەربەخۆ، بۆ گەلی ئێمە باشە یا خراپ؟***

***سۆران:*** پێموایە هەر لە سێبەری دۆزی کوردایەتی و خڕبوونەوە لەدەوری تەوەرەی "ناسیون = گەل "ی کورد دا، دەتوانین داوای ماف، دەسەڵاتو سەربەخۆییو ئەو شتە رەوایانە بکەین، دەنا کامە کەرەسەو ئامرازی دیکە، دەتوانێ ببێتە پاڵپشتی ئەم ویستە پێویستە.

***٤- ئایا پێت وایە ئەو وڵاتانەی ئێستا هەن، چ زل چ چکۆلە،چ هەستێک کردونی بە ووڵاتی سەربەخۆ، ئایا هەستی ناسیۆنالیستی نەبووە؟***

***سۆران:*** دڵنیام، کە تەواویان وەک گەلێک (ناسیۆنێک) و یا خاوەنی نیشتمانێکی هاوبەش، بەدوای دەسەڵاتو سەربەخۆیی دا چوون و سەرکەوتو بوون.

***٥- ئێمە خوێندکارانی ناسیۆنالیستی کورد پێمان وایە، ئەگەر ناسیۆنالیست نەبین هەرگیز بە ئاواتی خۆمان ناگەین، چونکە بەردەوام، ئەو هەستە ناسیۆنالیستیە، لە نێو قەلبی تەوای گەلانی جیهان دا دەبینین و بە رازی***

***هەرمان و بەقای ئەوانی دەزانین. ڕوانگەی ئێوە وەک نەتەوە پاریزیک چییە؟***

**سۆران:** پێم بۆچوونێکی دروست تان هەیەو بێجگە لە خۆشەویستی نیشتمان (ناسیۆنالیست بوون)، لە بارودۆخی ئەمڕۆی جیهان دا رێگەیەکی دیکەنیە. مەگەر بیرۆکەی بازاڕۆکی چکۆلەی جیهانی سەربگرێ و سەربکەوێ، ئەو کاتە ئێمەش وەک هەمو گەلانی دیکە، ژیانی یەکسانمان دەبێ و پێویست هەوڵ، بە کێشەو هەرا نیە. ئەو کاتە تەواوی خەڵکی جیهان وەک "ناسیۆن"ێکی جیهانی چاوی لێدەکرێ، کە یەکێک لەوانە کوردە. لە بارودۆخی ئێستا دا، خەڵکی وڵاتانی جۆربەجۆر بزانن و نەزانن، هەمو ناسیونالیستن. ئەی ئەو گشتە کێشەو هەرایە چیە لە سەر بردنەوەی فووتباڵ، کایەی ئۆلێمپیک، خەڵاتی نۆبێل، بەهێز کردنی هێزی رامیاری، سپایی و ئابووری و هتد. بۆ هەمو کەس مافی ئەوەی هەیە بۆ مافی خۆی تێبکۆشێ، بەڵام کورد نیەتی؟ تەنانەت ئەگەر باسی هێزگەلی ئایینی و رامیاری سەرەکی مێژو بکەین، ئەوانیش لەپێش هەمو شت دا، ناسیۆنالیست بوون، جا دوای ئەوەبۆ وێنە ئیسلام یا کۆمۆنیست، سۆسیالیست و شت بوون. دەستەڵاتی عوسمانی، وەک هێزێکی سەرەکی بەناو ئیسلامی، بۆ وێنە وەک نوێنەری خودا!، ناوی زوربەی ناوچەکانی کوردستانی کرد بە تورکی و ئێستاش ئەو ناوانە هەر ماون و هەر بەو بیانوە ئێستا تورکیا داوایان دەکاتەوە. یا دەستەڵاتی یەکیەتی سۆڤیەت، بۆ وێنە پاشگر (پاشکۆ) یەکی نا بەناوی زوربەی خەلکانێکەوە کە رووس نەبوون، بۆ وێنە ئێستاش لە کۆماری ئازربایجان پاکیان بەدروشمی ئۆڤ داغکراون، وەک " ئاخوندۆڤ "، عەلیۆڤ " و فلان و فیسار، ئەی ئەمە دەتوانێ ناوی چی بێ؟ ئێستاش لەوڵاتی چێن، کە بە ناو نێوەندی کۆمۆنیسم یا با بڵێم سۆسیالیسمە، هەرچی تێبێتیەکان هاوار دەکەن و دەڵێن ئێمە چینی نین و دەستەڵاتی خۆمان دەوێ، بە گۆپاڵ وەڵامیان دەدەنەوە!!! . گشتمان دالای لامای ئاوارە، رێبەری تێبێتیەکان دەناسین.

***٦- ڕینوێنی توو بۆ ئێمەی ناسیۆنالیست چییە،بەچ شێوە یەک هەنگاوبنێین سەرکەوتوو دە بین؟***

**سۆران:** هەمیشە وەک کورد و بەناوی کوردێک، کە نزیکەی پەنجا میلیۆن خەڵکی جیهان پێک دەهێنین، دەبێ بەپێی یاساگەلی نێو نەتەوەیی، داوای ئەم مافە بکرێ و بەچەشنی هەمە لایەنەو بنەوەشت هەوڵی بۆ بدرێ، نەک بە پێناسەی هێندێک لە ئایین و بڕوا فەلسەفیەکان، کورد لەمافی خۆی چاوپۆشی بکا، بەڵام گەلانی دیکە هەومو مافی ئەوەیان ببێ، خاوەنی چارەنووس و مافی خۆیان بن.

٧- زۆر سپاست دە کەین کە ئەو دە رفەتەت پێ داین.

ئامادە کردنی ناسر قادرپوور.

سۆران: منیش دەست خۆشی و ماندو نەبینیتان لێ دەکەم - ح. س. سۆران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕیکەوتی: ٢ی مای ٢٠٠٩

## هەڵوێستەیەک لە سەر بەرە

بەرەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردوستان لە ٢٠٠٨ دا پێک نەهاتوو، هێچ ئالترناتیڤێک پەیدا نابێت و، گۆرانیش روو نادات. با بزانین لە ٢٠٠٩ دا چمان بە سەردێت، ئایا هەمان چارەنوسیی ٢٠٠٨ ە یان بە خۆمان دا دێینەوە.

گۆمان لەوە دانییە کە هەل و مەرجی ئەم ڕویی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوستی بەبەرەیەکی یەکگرتوو هەیە. سالەهایە ئێمە ی کوردی رۆژهەڵات بەو ئارەزۆوە دەژین و قسەی لە سەردەکەین، بەتایبەتی لە ٢٠٠٨ دا زۆری لە سەر نوسراو پرۆژیی جۆراو جۆری لە لایەن کەسایەتی و حیزبەکانە دێتراوە و بیستروواوە.

بەڵام ئاکامەکەیی چی بووە، لە ڕاستی دا هیچ.

### هۆیەکانی نەبوونی بەرە

ئەمن نامەوی بگەرپی مەوە بۆ چەند سال پێش ئێستا چۆنکە ئەوکات دوو حیزب خۆیان بە حیزبی سەرەکی دەزانیو هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆشیان بۆ نەناو خۆیان لێ بوارد.

بەجێ ئەوەی هەوڵی بەرەیەکی یەکگرتوو بدرێت بەداخە و توشی لێک ترازان و لەت و پەتی هاتن، پاش ئەوەی کە حیزبی دێموکرات بوو بە دووبەش، کۆمەڵەش بون بە ٤ بەش و یەکی دێکەش بەرێوەیە، پارتی ئازادیش بە هەمان شێوە بون بە دوو بەش و بەشێک لە هاوریانی خۆیان گەرانەوە سەر ناوە ئەسلیەکەیان واتە یەکێتی شۆڕشگێران، خەباتیش بە هەمان شێوە هەر دوو بەشن واتە خەباتی شێخ جەلال و خەباتی مەلا خدر عەبباسی. دیارە خەباتی شێخ جەلال ئێستا کورەکەی جێگای باوکی گرتۆتەوە، بەڵام خەباتەکی مەلا خدر کە نەمابوون لەم ئاخرانە دا بەهێمەتی بنەماڵەکی هەوڵی ئاکتیف بوونی درا. زۆریش سەیر نییە لە راستی دا، ئاخر بەرە چۆن بە شیخ و مەلا و ئاغا پێک دێت. هەریەکەیان ئێدولۆژیی تایبەت بە خۆیان هە یە، کومۆنیست و ئێسلام و دیموکرات، کاریکی ئاسان نییە لە راستی دا بۆ پێکەوە کار کردن.

لە ئۆرۆپاش پارتێک دەبینین جارجارە یەک لە میدیاکان دەردەکەون واتە پارتی سەربەخۆیی کوردوستان، دیارە ئەو پارت زۆر لە مێژە هەیە و هەوڵی دڵسوسانەشیان زۆر داوە.

ئەم پارتانەیی باسمان کرد بە گشتی بێ جگە لە پارتی سەربەخۆ هەر هەموویان تۆشی لێک ترازان و لەت بوون هاتن، ئەم کارەساتە بە خۆیی لە خۆیدا سەدیکی دروٚست کرد بۆ پێش گرتن لە دروست کردنی ئەو بەرەییەیی کە ئێمەی رۆژهەڵاتی خەونی پێ وەدەبینین، واتە ٢٠٠٨ هیچ بەرهەمێکی سیاسی باش و مۆسبەتی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان پێ نەبوو بێجگە لە خەموو نارەحەتی و نا ئۆمێدی لە لایەن حیزبەکانەوە. دیارە ئەمن نایەمە سەر ئەوەیی کە چەندە رۆژنامە وان و، نوسەرو، چالاکی ماڤی مرۆڤ و خەڵکی شۆڕشگێر شەهید بوون و لە زیندانەکانی رێژیمی فاشیستی ئێراندان.

هەمۆیان بەرنامە و پرۆژەیان بۆ بەرەیەکی یەکگرتوو هەیە بەڵام هیچیان یەکتری قەبوڵ ناکەن خۆیان حازر نین پێکەوە دانیشن، کاتێک حیزبەکان حازر نەبن بەرەپێک بێنن و بەرەیەکی یەکگرتوو پێشکەش بە کۆمەڵگاکەمان نەکەن هەرگیز نابێت بە ئالترناتیڤێکی مێژوویی و مۆری پاسیڤی و بێتوانایی خۆیان نیشان دەدەن.

بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانێکی پێشکەوتنخواز لە ئەمرۆدا جیگای باوەری خەڵکی کوردستانە و رێگرە لە بەردەم سیاسەتی زیانبەخشانە. بۆیە نابێ بهێڵین کارەسات و لەت بوونی دیکە رۆبدات، دەبێ هەل و مەرجی ئەمرۆیی کوردستان بقۆزینەوە، ئاڵوگۆر لە خۆمان دا پێک بێنین، دەبێ لە فەرهەنگی جیابونەوە و دژایەتییەوە روو لە

فەرهەنگی هاوکاری و یەکریزی بکەین، لەم قۆناغە دا بە ئامانج بگەین و ئالترناتیڤ پێشکەش بە گەلەکەمان بکەین و لە خۆبووردو بین ڕەخنە و دیالۆگ تەوەری سەرەکی مان بێت.

قەبولکردنی یەکتری و جیاوازیەکانمان پێویستە، خۆ بەزل نەزانین و واقعییەت پێوستە، دورکەوتنەوە لە دەسەڵاتخوازی و سەرەرۆیی گرینگە، یەکگرتنەوە و لە ژێر بەرەیەکی یەکگرتوویی فەراواندا و پرۆژەیەکی گرینگی سیاسی بە بەرنامە پێویستە.

با ئەوەش بلێن کە کەسمان بە تەنیا گۆرانی پێ ناکرێت بەبێ ئەوانی دیکە، بەڵام پێکەوە دەتوانرێت گۆرانی باش و ویستی کۆمەڵانی خەڵکی بە دیی بێنین، لە گەڵ ئەوەش دا دەبێ بەرە لە هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگاکەمانی تێدابێ ئەگەر نا بەرەیەکی ناتەواوە.

## کۆ دەنگی

کۆ دەنگی و هاوهەڵویستی پێویستیەکی مێژوویی و ئەمری واقیعی کوردوستانە کە، کۆمەڵگاکەمان بەرە و هەنگاوێکی مۆدیرن و سەردەمیانە دەبات، بەرە و پێش کەوتن و دنیای سەردەم دەبات.

ئاخر ئەگەر بە خێرایی چاوێک لە جیهانی ئەمڕۆکە بکەین دەبینین کە دونیایی مۆدیرن و تیکنۆلۆژی ئەوەندە پێشکەوتوو، ئێمە هەرگیز پێ ناگەین. چی دەبێتە هۆیی پێک هێنانی ئەم مۆدیرنیتەیە، زۆر ڕۆنە کە لە هەر کۆمەڵگایک دا کۆ دەنگی و تەبایی و یەک گۆتاری هەبێ، مەعلومە دەبیتە هۆیی پێشکەوتن کۆمەڵگایەکی سەردەمیانە، کە زۆرتر لە بیریی ئاسایش و ژیانێکی بەختەوەرانە دا دەبێت بۆ کۆمەڵگاکە.

پارت و ڕێکخراوە و سەندیکاکان بەشێکی ئەساسن بۆ هەموو جۆرە ئالۆ گۆرێکی باش و خراپ لە کۆمەڵگاداو نەخشی خۆیان دەگێرن.

## کۆتایی

بەرە لە نێو پارتەکانی ڕۆژهەڵات دا بۆتە وتەی ڕۆژو هەر کەسێک بیرو روانگەی تایبەت بەخۆی هەیە و، پرۆژەی

هیچیان لە گەڵ یەکتری ناگونجی و هەمووشیان خۆیان بەهێز دەزانن و حازریش نین هەموویان پێکەوە لە کانالێکەوە قسەی خۆیان بۆ خەڵکی بکەن، هەر کەسە و بە جودا لە میدیای جۆراو جۆردا قسە دەکاو یەکتری تاوانبار دەکەن.

بە بڕوای من ئەم وەزعە هەروا دەمینێتەوە و ئەگەر خراپتر نەبێ چاکتر نابێت، مەگەر ئەوەی کە کەسانی دێکە لە دەرەوەی حیزبەکان لە هەوڵی بەرە یان هەر ناوێکی دێکە دابن بە پشتیوانی سیاسەتمەدارانی بێ لایەن و، نوسەرو، ئەدیب و رۆناکبیرانەوە. ئەوکات ڕێگە حیزبەکان وەخەبەر بێن و خۆ باوینە ناو بەرەکە بۆ ئەوەی جی خاڵی نەدەن، ئەگەریش پێ یان خۆش نەبێ یان بە مەسڵەحەتیان نەبێ ئەوا هەوڵی تێکدان و بەربەستی بۆ درۆست دەکەن جا چەندە تیدا سەرکەوتوو دەبن ئەوا ئێستا پێش بینی ناکرێت.

ئەمانە هەموویان هۆیی لێک دۆرکەوتنەوەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕیکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠٠٩

---

## پێناسەیەک لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

نەتەوە یەکگرتوەکان هەمان ئەو ئامانجو پێکهاتە بنەرەتیەی هەیە کەلە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەیبووە لە ساڵی ١٩٤٥. لەئامانجی سەرەتاییو - گەورەترین سوودیشی بۆ ئەندامەکانی- بریتیە لەپاراستنی ئەمنو ئاساییشی جیهانی. کە ئەوەش باشتر یارمەتی هاندانی ئابوریوبازرگانی نێودەوڵەتی دەدات وە سەرەڕای ئەو ئەرکە سەرەتاییەی، ئەم ڕێکخراوە خزمەتی ئەندامانی خۆی دەکات لەڕێگای جۆراوجۆری دیکەوە. نەتەوە یەکگرتوەکان دەوڵەتان لەدەوری یەکتر کۆدەکاتەوەو مێزگردیان بۆ سازدەکات. بۆخستنە ڕووی دیدەکانیانوچارەسەرکردنی ناکۆکیەکان بەبێ توندوتیژی. ڕێگەی داوە بە دەوڵەتان بۆ هاوکاری کردن لە چارەسەرکرنی کێشە جیهانیەکان، هەروەکو دیاردەی هەژاری، نەخۆشی، وەهەروەها تێکچونە ژینگەییەکان. ئەو ئیش دەکات وەکو ڕەمزێک لەسیستەمی نێودەوڵەتی وە هەروەها وەکو کەسایەتیەکی جیهانی. ئەم ڕێکخراوە یارمەتی گەشەپێدانی پێشکەوتنی هەردوو

لایەنی ئابووری‌وکۆمەڵایەتی دەدات لە دەوڵەتە هەژارەکان یان دەوڵەتانی جیهانی سێهەم، چونکە ئەو جۆرە کێشانە دەبنە سەرچاوەی ناکۆکی‌وناکۆکیش دەشێت جەنگ بەرهەم بهێنێت. نەتەوە یەکگرتوەکان یارمەتی ڕێکخستنی ئیش‌وکاری سەدان وەکالات‌وپرۆگرام دەکات، ئەم دوانەش چ لە ناو ڕێکخراوەکە یان لە دەرەوەی ڕێکخراوەکەدابێت. هەروەها زانیاری (داتا) ی نێودەوڵەتی کۆدەکاتەوەو بڵاوی دەکاتەوە.

## دروست بوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

نەتەوە یەکگرتوەکان بریتیە لە دەرئەنجامی مێژوویەکی دریژی هەوڵدان بۆ باشتر کردنی هاریکاریە نێودەوڵتیەکان.لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئەمانوێل کانت) پێشبینی حکومەتێکی فیدراڵی، فیدراسیۆن federation یان کۆمەڵە league ی کرد بۆ نەتەوەکانی جیهان. کانت باوەری وابوو ئەم حکومەتە یکگرتووی ڕێگەدەدات بە دەوڵەتان کەوا یەکبگرن‌وسزای ئەو نەتەوانەش بدەن کەوابە حەماسەوە کاردەکەن بۆ کاری دوژمنایەتی. ئەم جۆرە یەکگرتنانە لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە بۆ پاریزگاریکردنی یەکدی لەدژی دەست درێژکارێک هەندێک جار بەئاسایشی گشتی ناودەبرێت. کانت هەروەها هەستی بەوە کرد کەوا فیدراسیۆنەکە مافەکانی نەتەوە بچووکەکان دەپارێزێت کەبوونەتە گەمە پێکەری بەردەست نەتەوە گەورەکان.

بیرۆکەکەی کانت لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە ١٩١٤ - ١٩١٨ بەدەرکەوت. ئەو وڵاتانەی کە لەکاولکاریەکانی شەر دەترسان، بیریان لەوە کردوە کەوا پێکەوە کاربکەن بەرەو بەدەستهێنانی ئاشتی‌وئاسایش. ئەوان ڕێکخراوێکی نوێیان پێکهێنا، (کۆمەڵەی گەلان) بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە. کومەڵەی گەلان لەساڵی ١٩٢٠ - ١٩٤٦ درێژەی کێشا. ئەم کۆمەڵەیە بەدرێژایی ئەو مێژوویەی کەتۆماری کرد ٦٣ ئەندامی هەبوو، زۆرێک لەوانە لە دەوڵەتە گەورە کانی ئەو سەردەمەبوون: وەکو فەرەنسا، دەوڵەتی بەریتانیای گەورە، ئیتاڵیا، ژاپۆن، ئەڵمان،وە یەکێتی سۆڤێتی پێشوو. بەڵام کۆمەڵەکە دوو هەڵەی سەرەکی تیادابوو. یەک، کومەڵێک لە دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەو سەردەمە ئەندام نەبوون تیایدا، بەشێوەیەکی تێبینیی کراویش لەسەرو هەموویانەوە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. دوو، ئەندامانی کۆمەلەکە بەشێوەیەکی ڕوون ئارەزوویان لەوە نەبوو کە دژایەتی گێرە شێوێنیەکانی هەریەک لەدەوڵەتانی ژاپۆن وئیتاڵیاوئەڵمانیا بکەن لە ساڵەکانی ١٩٣٠. ئەم سەرکێشیانەی ئەم دەوڵەتانە کردیان کۆتاییەکەی بەهەڵگیرساندنی شەری دووەمی جیهانی کۆتایی پێهات لەساڵی ١٩٣٩ - ١٩٤٥، لە کۆتاییدا کۆمەلەی گەلان شکستی خوارد لەبنەڕەتریترین پەیامی خۆی، لەوەی ڕێ لە هەڵگیرسادنی شەری دووەمی جیهانی

بگرێت. بەڵام لەگەڵ ئەم دارووخانەشدا بیرۆکەی ئەم جۆرە ڕێکخراوە کۆتایی پێنەهات. یەکەم کۆبوونەوە بۆ دروست کردنی ریکخراوێکی نوێ لە ساڵی ١٩٤١ وە دەستی پێکرد، کاتێک سەرۆکی ئەو کاتەی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا فرانکلین رۆزفێلتوسەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی بەریتاتانیا وینستۆن چەرچڵ ئیمزایان کرد لەسەر ڕێککەوتنامەی ئەتلەنتیک کە تیایدا ڕێککەوتن لە سەر ئەوەی لە سەر ڕێرەوێک بڕۆنوئیش بکەن کە زۆر کاریگەر بێت، سیستەمێکی کاریگەر دروست بکەن بۆ پاراستنی ئاسایشی جیهانوزیاد کردنی ئاستی هاوکاریکردن. لەساڵی ١٩٤٢ نوێنەرانی هەریەک لە دەوڵەتانی هاو پەیمان(هاوپەیمان لە شەری دووەمی جیهانیدا) کۆیان بریتی بوو لە ٢٦ دەوڵەت، ئەم دەوڵەتانە شەریان لە دژی ژاپۆن و ئەڵمانیای نازی بەسەرکردایەتی ئەدۆڵف هیتللەر، بەیاننامەیەکیان لەلایەن نەتەوەیەکگرتوەکانەوە ئیمزاکرد بەڕازیبوون لەسەر پرینسیپەکانی ڕێکەوتننامەی ئەتڵەنتیک.

## ڕێکەوتننامەی ئەتڵەنتیک: (Atlantic Charter)

بەیانێکی کامل بوو لەلایەن هەردوو وولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکاو بەریتانیاوە بەیانکرا، لەماوەی شەری دووەمی جیهانیدا،

کۆمەڵێک پرنسیپی هاوبەشیان دەربری لە سیاسەتە نیشتمانیەکانیان تاوەکو پاش شەر پراکتیزە بکرێت. بەیانەکە پێکهاتوئیمزای لەسەر کرا لە ١٤ - ٨ - ١٩٤١ لەلایەن سەرۆک فرانکلین رۆزەفێلت سەرۆکی ئەوکاتی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوسەرۆکی وەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا وینستۆن چەرچڵ، دوای زنجیرەیەک کۆبونەوە لەسەر کەشتیەکی جەنگی لەباکووری ئەتلەنتیک لەکەناری نیوفاولاند. ئەوان بانگەشەی ئەوەیان کرد کەوا هەموو کەسێک مافی هەیە بۆ هەڵبژاردنی پێکهاتە تایبەتەکانیان لە حکومەت نەک بوونی سنوورە گۆراوەکان کە سەپێنراوە بەسەریاندا. ماف بۆ هەموو نەتەوە، سەرکەوتوەکانوتێکشکێنەرەکان، بوونی ڕێگایەک بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتیەکانی زەوی، هەروەک بوونی ئارەزووی هاوکاری ئابووری لە نێوان نەتەوەکانوچاکسازی کردن لە باردۆخەکانی ژیان بۆ خەڵکانی کرێکار. کە هیواو ئارەزوی خۆی دەردەبرێت دوای تێکشکانی نازیەیەکان، هەموو دەوڵەتێک بتوانێت هەست بەسەلامەتی خۆی بکات لە دژکاریکردن. وە خەڵکی جیهان سەربەست بین لە ترسەکان، لەوەی دەیانەوێت. هەروەها دانەنا بە پرنسیپی سەربەستی کاری دەریایی، وە تۆمەتبارکردنی دەربڕی بەوەی کەوا مرۆڤایەتی پێویستە خۆیان بەدوور بگرن لە بەکارهێنانی هێز لە پەیوەندیەیە نێودەوڵەتیەکان، وە هەروەها

جەختیان کردوە لەسەر پێویستی بۆ داماڵینی چەکە کۆکوژەکان دوای سەرکەوتنی چاوەڕوانکراوی هاوپەیمانان. لە کۆنفرانسەکە کە لە واشینتۆن دی سی بەستراله ١ - ١ - ١٩٤٢، ٢٦ حکومەت کە لە شەڕدابوون دژی هێزی میحوەر، هاوپەیمانان پاڵپشتیان لە بەرنامەیەکی هاوبەش کرد لە مەبەستەکانوپرینسیپەکان کە لە بەیانێکی تەواودا کۆکرایەوەوناونرا بە"پەیمانی ئەتلەنتیک". بەیانەکە ئەم پێکەوەلکانەی بەرجەستەکرد بۆ هاوپەیمانیەکە، ڕاگەیاندنەکەش ناونرا بە نەتەیەکگرتوەکان، کەدواتر ئیمزاکرا لەلایەن زۆربەی دەوڵەتە-نەتەوە سەربەستەکانەوە. ئەساسی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان پێکهات وە لە سانفرانسیسکۆ لە مانگەکانی چوارو‌پێنجی ساڵی ١٩٤٥ لە سانفرانسیسکۆ.

بەیانەکە یەکەمین ناوی رەسمی بەکارهێنراوی نەتەوە یەکگرتوەکانی لەخۆگرتبوو( ناوەکەش پێشنیاری سەرۆک ڕۆزەفێڵت بوو) لەدوای ساڵێک، چوار لە دەوڵەتانی هاوپەیمان ، بەریتانیا، ئەمریکا، چین، سۆڤێت، ڕێککەوتن لە سەر دامەزراندنی ریکخراوێکی نێودەوڵەتی گشتگیر. ئەو چوار دەوڵەتە پێکگەیشتن لە ١٩٤٤ لە (دومبارتن ئۆکس) لەواشینتۆن.d.c، وە رەشنووسی ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوە نوێیەکەیان نووسی. کۆمەڵە تازەکەیان ناولێنا نەتەوە یەکگرتوەکان، بەڵام ئەوان هێشتا نەیان توانیوە ڕێکبکەون لەسەر کۆمەلێک مەسائیل، هەروەکوو مافی بوونە ئەندامێتیومافی دەنگدان. هەر چوار دەوڵەتەکە بۆ جارێکی تر بە یەک گەیشتنەوە لەسەر ئاستی باڵا لە ساڵی ١٩٤٥ لە (یاڵتا)، لەوێ، ئەوان ئەو خاڵانەیان تاووتوێ کردوکوتاییان پێهێنا کە پێشتر ناکۆک بوون لەسەری، بانگەشەیان کرد بۆ بەستنی کۆنفرانسێ لەسەر ئاستی دەوڵەتان بۆ تەواو کردنی ئیشوکارەکان. لە ٢٥ی ئەپریلی ١٩٤٥ نەتەوە یەکگرتوەکان وەکو ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی لە سانفرانسیسکۆ کۆبووەوە بە بەشداریکردنی نوێنەرایەتی نزیکەی ٥٠ دەوڵەت. نوێنەرەکان نزیکەی دوو مانگ کاریان کرد بۆ تەواو کردنی هاوپەیمانەکە، کە ئامانج و پرینسیپ و پێکهاتەی ڕێکخراوەکەی لەخۆگرتبوو.

هاوپەیمانەکە ڕێکەوتنامەیەکی لەخۆگرتبوو کە داوای لە دەوڵەتانی جیهان دەکرد بۆ دانانی بنەمای بنەڕەتی هاوبەش کە ئەو پەیوەندیانە ببات بەرێوە. نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی رەسمی لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ هاتە بوون. هەروەکو کۆمەڵەی گەلان، نەتەوەیەکگرتوەکان دامەزرا بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتیونەهێشتنی ڕوودانی شەرێکی جیهانی دیکە. نەتەوەیەکگرتوەکان دەیزانی ئەو کارە سەرکەوتوو نابێت ئەگەر پشتگیرییەکی بەردەوامی بەهێزترین وڵاتانی جیهانی نەبێت. ڕێکخراوەکەش چەندان هەنگاوی ناوە بۆ مسۆگەرکردنی ئەو پشتگیرییە. بۆ هاندانی وڵاتە یەکگرتوەکان بۆ ئەوەی بەشدارییەکی بەردەوامی هەبێت،

نەتەوەیەکگرتوەکان بارەگای خۆی لە شاری نیۆرک دامەزراند. بۆ ئەوەی بەهێزترین وڵاتەکانی جیهان دڵنیابن کە ئەم ڕێکخراوە هەڕەشە لە سەربەخۆییان ناکات، نەتەوەیەکگرتوەکان مافی ڤیتۆی بەسەر گرنگترین کاروچالاکیەکانیاندا پێبەخشین. پێنج وڵات ئەم مافی ڤیتۆیەیان وەرگرت: وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، یەکێتی سۆڤێتی جاران، چین. (ڕوسیا مافی ڤیتۆی یەکێتی سۆڤێتی بۆمایەوە لەدوای کۆتایی هاتنی ئەو دەوڵەتە لە ساڵی ١٩٩١). لایەنێکی سەرەکی تر هەیە کە نەتەوە یەکگرتوەکانی بەهێز کردووە بە پێچەوانەی سەرەتاکانی کومەڵەی گەلانی پێشوو،ئەویش ئەوەیە بەگریمانەیی هەموو هەرێمێک یان ناوچەیەک یان کۆڵۆنێک لە جیهاندا ئەندامە تیایدا، بەدەر لە سویسرا تەنها چاودێرە لە نەتەوە یەکگرتوەکان ئەمەش بەو واتایەی کەوا دەتوانێت بەشداری بکات لە تەوەرو گفتوگۆی نەتەوە یەکگرتوەکان بەلام مافی دەنگدانی نیە. سویس ڕەچاوی کردوە کە دەبێتە ئەندامێکی تەواوەتی لە نەتەوەیەکگرتوەکان. بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو دەنگدەرانی ئەم دەوڵەتە دوو ریفراندۆمیان ڕەدکردەوە کە پێشنیاری دەکرد سویس ببێتە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان. سویسیەیەکان بە شێوەیەکی روون ئەوەیان پێباشبوو کە پارێزگاری لە حاڵەتی چاودێریبوونی بێلایەنانەی خۆیان بکەن. هەندێک قەوارەی سیاسی نائەندام بوونی هەیە هەروەکو، شاری ڤاتیکان‌وریکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی(plo)، هەروەها لەنەتەوە یەکگرتوەکان ئەرکی چاودێری هەمیشەییان هەیە.

### پێکهاتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان شەش پێکهاتەی جیاوازی دامەزراندوە کە کارە جیاوازەکان بەڕێوەدەبەن:

١- کۆمەڵەی گشتی. The General Assembly

٢- ئەنجوومەنی ئاسایش. The security Council

٣- سکرتاریەت. The Secretariat

٤- ئەنجوومەنی ئابووری‌وکۆمەڵایەتی. The Economic andSocial Council

٥- دادگای دادی نێودەوڵەتی .The International Court of Justice

٦- ئەنجوومەنی ڕاسپاردن. Trusteeship Council

### ر - کۆمەڵەی گشتی: (General Assembly)

ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان پێکهاتوە لە ١٩٢ دەوڵەتە ئەندام هەتائیستا، هەریەک لەوانە یەک

دەنگی هەیە. ئەم ئەنجوومەنە پابەندە بەهەموو بریارو گفتوگۆ سەرەکیەکان لە بۆکارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان. ئەم ئەنجوومەنە وەکو هۆڵیکی جیهانی وایە، پێدانی ناوەندێکی بەهێز شیاو بۆ دەوڵەتان بۆ بەرەو پێش بردنی ئایدیاکانیانوگفتوگۆکردنی مەسەلەکان. ئەنجومەن توانای هەیە گفتوگۆ دروست بکاتوئامۆژگاری بدات لەسەر هەر مەسەلەیەک کە لە پێکهاتەی نەتەوەیەکگرتوەکاندا هاتوە. هەرچەندە ئەم ئامۆژگاری یانە زۆرە ملێ تێدانیە چونکە ئەم کۆمەڵە دەسەڵاتی نۆیە بۆ ئەوەی ناچاریان بکات. بریاردان لەسەر مەسەلە رۆتینیەکان دەنگی زۆرینە وەردەگیرێت، بەڵام بریارەگرنگەکان پێویستی بە دەنگی زۆرینە هەیە بە رێژەی ٣ - ٢.

کۆمەڵەی گشتی ساڵانە بەپێی دانیشتنی پێشتر دیاریکراو کە بەشێوەیەکی گشتی لە ناوەراستی مانگی نووە دەست پێدەکات تاوەکو ناوەراستی مانگی دوانزدە، لەم ساڵانەی دوایشدا، کۆمەڵەی گشتی خولی ساڵانەی هەبوە. هەروەها بەلایەنی کەمەوە هەموو ساڵێک لەسەر بابەتێکی دیاریکراو کۆدەبێتەوە، بۆ نمونە یارمەتی دانی ئابووری یان مەسەلەی داماڵینی چەک، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵە ئەتوانێت کۆبێتەوە لە دنیشتنی کتوپڕدا بۆ مامەلە کردن راستەوخۆ لەگەڵ هەر هەرەشەو گوڕەشەیەک کە رووبەروی ئەمنوئاسایشی جیهانی ببێتەوە. لەگەڵ دەست پێکردنی هەموو دانیشتنێکی ئاسایی کۆمەڵەدا، ئەندامانی کۆمەڵە سەرۆکێک هەڵدەبژێن بۆسەرۆکایەتی ئەنجومەن. دانیشتنی کۆمەڵە هەروەکو دانیشتنەکانی تری رێکخراوەکە بەشێوەیەکی هاوکات وەردەگێردرێت بۆ کۆمەڵێک زمان، کەواتە هەرکاتێک ئەندامی هەر دەوڵەتێک کە بەزمانی خۆی قسەدەکات ئەندامەکانی دەوڵەتانی تر دەتوانن تێی‌بگەن. ئەنجومەن دەسەڵاتی ئەوەشی هەیە کەرێگەبدات بەوەرگرتنی ئەندامی نوێ بۆ ناو رێکخراوەکە. ئەو رەزامەندی نیشاندەدات بۆ ئەو بودجەیەی کە بۆ کاروبەرنامەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان دابین دەکرێت، کۆمەڵەکە وەکالاتوپرۆگرامەکان دادەمەزرێنێت بۆ جێبەجێکردنی بریارەکانی. ئەو ئەندامەکان هەڵدەبژێرێت بۆ خزمەت کردنی وەکالاتوپرۆگرامەکانورێکخستنی ئەو پرۆگرامانە لەرێگای لیژنە جیاوازەکانەوە.

### ب - ئەنجومەنی ئاسایش: Secrurity Council

ئەنجومەنی ئاسایش یەکێکە لە هەرە پێکهاتە بەهێزەکانی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان. ئەو بەپرسە لە پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی،و بەرپرسە لەگەراندنەوەی ئاشتی کاتێک کەململانێکان و پێکدادانەکان پەرەدەسێنن. بریارەکانی لەسەر هەموو ئەندامەکانی جێبەجێ دەکرێت. ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێت یاخود دەسەڵاتی هەیە لە دەستنیشان کردنی ئەو هەرەشەیەی کاریگەری هەیە بۆ سەر ئاسایش، بۆ دیاری کردنی ئەوەی

نەتەوە یەکگرتوەکان چۆن وەڵامی ئەوهەرەشانە بداتەوە، وە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی داوا لەئەندامەکانی دەکات کەوا کۆمەڵێک چالاکی یان کار وەربگرن، بۆ نمونە ئەنجومەن دە بێت سزا یان گەمارۆی ئابووری بسەپێنێ وەک وەستاندنی بازرگانی لەگەڵ وڵاتێکدا کە بە سەرە رۆیی بزانرێت. هەموو جارێک ئەنجومەن کۆدەبێتەوە کە ئاشتی توشی هەڕەشەدەبێت.

نوێنەری هەریەک لە دەوڵەتە ئەندامەکان کەخاوەنی کورسین لەئەنجومەن پێویستە لەو کاتانەی کە ئەنجومەن کۆدەبێتەوە ئامادەبن. ئەنجومەنی ئاسایش زۆرجار کۆدەبێتەوە لە ژێرداوای ئەندامێکی، UN بەزۆری ئەو دەوڵەتانەی کەداوایەک بەرزدەکەنەوە دەربارەی چالاکی هەندێ دەوڵەتی تر.

ئەنجومەنی ئاسایش خاوەنی ١٥ ئەندامە، کە پێنجیان ئەندامی هەمیشەیین، کۆمەڵەکە دە ئەندامەکەی دیکە بۆ ماوەی ٢ ساڵ هەڵدەبژێردرێت. پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەش بریتین لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، ڕووسیا، فەرەنسا، چین زۆرترین هێزیان هەیە، ئەم دەوڵەتانە کەبراوەی جەنگی جیهانی دووهەمن تائێستاش ئەوان نوێنەرایەتی هێزێکی گەورەی جیهانی دەکەن. لەم ئەنجومەنە بۆ ئەوەی بڕیارێک وەربگیرێت پێویستی بە بەدەستهێنانی نۆ دەنگە. بەڵام هەریەک لەو پێنج ئەندامە هەمیشەییە مافی ڤیتۆی هەیە یان ئەتوانێت ڤیتۆ بەکاربهێنێ سەبارەت بە بڕیارە گرنگەکان، ئەم دەسەڵاتە بە مافی ڤیتۆی هێزە گەورە کان ناسراوە. لە ئاکامدا ئەنجومەن تەنها کاتێک چالاک دەبێت کەپێنج ئەندامە هەمیشەییەکە دەگەنە ڕێکەوتنێک لەسەر رەئیەک. ئەمەش لەسەردەمی جەنگی ساردا کێشەی دروست کردبوو لەنێوان وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەتی جاران، کەئەمەش لە ١٩٤٥ وە دەستی پێکرد بەروخانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو کۆتایی هات لە ساڵی ١٩٩١. لەوماوەیەدا ئەنجومەن توشی حاڵەتێک بوو کەتیایدا پێشکەوتن زە حمەت بوو، ئەوەش لە بەرئەوەی هەریەک لە ئەمریکاویەکێتی سۆڤێت نە دەگەیشتنە ڕێککەوتننامەیەک. بەڵام لەساڵی ١٩٩٠ ەدەکانەوە جۆرە هاوکاریەک لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا دروست بوو کەوایکرد ئەنجومەن پێبنێتە بارێکی باشتروچالاک تر.

- ئەنجومەنی ئاسایش شێوازی جۆراوجۆری هەیە کە لەرێگەیەوە دەتوانێت چارەسەری ململانێوناکۆکیەکان بکات لە نێوان دەوڵەتاندا.عادەتەن یەکەمین هەنگاو کە ئەنجومەن هانی دەوڵەتان دەدا بۆ دامرکاندنەوەی ناکۆکیەکانیانە بەبێ ئەوەی پەنابەرنە بەر بەکارهێنانی هێز، ئەنجومەن دەتوانێت ناوبژی ململانێ بکات یان هێڵێکی هادئ پێشنیاز بکات بۆ دامرکاندنەوەی هەچ ناکۆکیەک، ئەو دەتوانێت هێزی سەربازی ئاشتی پارێز ڕەوانەی ئەو

ناوچانە بکات کە ململانێی توندی تیادایە، ئەگەر جەنگ هەڵگیرسا، ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێت داوای ئاگر بەست بکات، هەروەها ئەنجومەن دەتوانێت بریارەکانی خۆی بچەسپێنێت لە ڕێگای سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر ئەو دەوڵەتەدا یان لە ڕێگای چوونە ژوورەوەی هێزی سەربازی هاوبەشەوە.

لەماوەی ساڵەکانی ۱۹۹۰ ەوە، مشتومڕی گەورە هەبووە دەربارەی ئەو دەوڵەتانەی کە پێویستە ببنە ئەندامی هەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایش. هەندێک دەوڵەت بڕوای وایە لە پاڵ پێنج ئەندامە هەمیشەییەکە پێویستە کۆمەڵێک دەوڵەتی تر هاوردە ی ناو ئەنجومەنی ئاسایش بکرێت، بۆ نمونە ژاپۆن وئەڵمانیا کە دوو دەوڵەتی بەهێزن لە زۆر ڕووەوە دەتوانن ببنە پاڵپشتێکی بەهێزی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، بەڵام تا ئێستاش ئەم دوو دەوڵەت نەبوونەتە ئەندامی هەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایش.چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەش هەروا ئاسان نیە زیاد کردنی بوونی ئەندامی هەمیشەیی لە ئەنجومەن ئاڵۆزی دروست دەکات، کەتیایدا، چۆن بریاربدرێت چ دەوڵەتێک ببێتە خاوەنی کورسی هەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایشوکێش نەبێت, بۆ نمونە ئەگەر ئەڵمانیا وەری بگرێت، سێ لە ئەندامە هەمیشەییەکە ئەوروپی دەبێت, کە ئەمش وادەکات مەترسی بن بۆ زل هێزە کانی تر. کۆمەڵێک پرۆتۆکۆڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە وای دانابوو کە هەردوو دەوڵەتی ئەڵمانیا و ژاپۆن بخرێنە ناو لیستی هەمیشەیی ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایش بەڵام بەبێ ئەوەی کە مافی ڤیتۆیان پێبدرێتوئەندامێتی ئەنجومەنیش سنوردار بکرێت بۆ ماوەی یەک ساڵ ئەوەش دووربوو، هیچ کام لە پرۆتۆکۆڵ جێبەجێنەکران، بەشێوەیەکی جوزئی لەبەرئەوەی ئەو پێکهاتەیەی کە ئێستا مەوجودە زۆر گونجاوولەبارە بۆ پێنج ئەندامە هەمیشەییەکە هەر ئەوانیشن دەتوانن ڤیتۆ بەکاربهێنن بۆ هەر گۆرانکاریەک لە ئەنجومەنەکەدا.

### سکرتاریەت: Secretriat

سکرتاریەت پێک هاتووە لە لە بەشی جێبەجێکردن لە نەتەوە یەکگرتوەکان. چاودێری بەڕێوەبردنی پرۆگرام و سیاساتەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان دەکات لە گەڵ جێبەجێکردنی کارەکانی ڕۆژانە .

ئەم بەشە لەلایەن سکرتێری گشتیەوە سەرۆکایەتی دەکرێت, ئەو وەکو قسەکەری نەتەوەیەکگرتوەکان دەور دەبینێت.

### ١- کارمەندانی سکرتاریەت: Secretariat Staff

کارمەندە کانی سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتوەکان بریتین لە بەڕێوەبەری ئیدارە کەو, کەسانی پسپۆر لە بابەتە تەکنیکیەکاندا وەکو پاراستنی ژینگە، مشاوری ئابووری، کارکردن لە بەرنامەو پرۆژەی جیاواز لە وڵاتە ئەندامەکاندا. ئەو کارمەندانەش بەرپرسیاریێتی جۆراوجۆریان هەیە, هەروەکو چاودێری کردنی چالاکیەکانی پەیامی پاراستنی ئاشتی, ئامادەکردنی توێژینەوەکان لەسەر بابەتە جیهانیەکان, رێکخستنی کۆنفرانسی نێودەوڵەتیوهەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئابووریو کۆمەلایەتی. گەورەترین سەنتەری ئەم ئیدارە یە لەدەرەوەی شاری نیۆرک لە سویسرایە لە شاری جێنیوا Geneva، کە کۆمەڵێک نێونەرایەتی نەتەوەیەکگرتوەکان لەوێ بارەگای سەرەکیان هەیە.

یەکێک لە ئامانجەکانی سکرتاریەت بریتیە لە بەرەوپێش بردنی خزمەتگوزاری مەدەنی نێودەوڵەتی بۆ کاری دیپلۆماتەکان و فەرمانبەری حکوومەتی کە دڵسۆزیەکانیان بە یەک وڵاتەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو بۆ هەموویانە. وە ئیدارە کەش سوێند دەخۆن کە ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی تر نەبن جگە لە دەسەڵاتی نەتەوەیەکگرتوەکان. رێژە ی نەتەوەیەکگرتوەکان داوادەکات لە ئەندامەکانی کە رێزی سەربەستیوکەسایەتی نێودەوڵەتی ئەو ئیدارە یە بگرن هەرچەندە، نەتەوەیەکگرتوەکان بە پلەی جیاواز سەرکەوتنی بۆ ئەم مەبەستە بەدەستهێناوە. سکرتێری گشتی بە شێوەیەکی گشتی وەکو دیپلۆماتێکی سەربەخۆ دەبینرێت. بەڵام وڵاتە ئەندامەکان هێشتا لەبەربەرەکانێدان بەلەشوێندانانی هاوڵاتیەکانیان بۆئەوەی کۆنترۆڵی ئیدارە کە بکەن بۆ خۆیان کە پرۆگرامە گرنگەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان بەڕێوەدەبات.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ دا دەزگای ئیداری نەتەوەیەکگرتوەکان کەوتە ژێر شالاوێکی زۆری رەخنەوە, فەسادی ئیداریونەبونی شەفافیەت لە خەسڵەتەکانی رێکخراوەکەبوون. زۆربەی ئەو رەخنانەشی کەلێی دەگیرا لەلایەن وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە بوو کە باوەڕی وابوو بەشداریەکی نا عادلانە پشتگیریکردنی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانی کردوە. لەناوەراستی ساڵی ١٩٩٠ ئەو رەخنانە وای کرد هێندێک چاکسازی ریکخراوەکەی گرتەوە, لەوانە میزانیەو کەم کردنەوەی ئەندامانی ئیدارە کە.

## ٢- سکرتێری گشتی: Secretary General

سکرتێری گشتی کەسایەتیەکی گشتی بەهێزە، چاودێری چالاکی رۆژانەی ڕێکخراوەکە دەکاتو رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە دانانی رۆلی ڕێکخراوەکە لە کاروباری ئاسایشی نێودەوڵەتی. سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان توانای هێنانی هەرمەسەلەیەکی هەیە بۆ ناو ڕێکخراوەکە ئەگەر هەرەشە بکات لە ئاسایشی جیهان. سکرتێری گشتی دەسەلاتی هەیە خزمەت بکات وەکو ناوبژیوانێکی بێلایەن لە ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکانوهێنانی لایەنە ناکۆکەکان بۆ سەر مێزی گفتوگۆ. گرنگی دانی سکرتێری گشتی بەکێشەکان زۆر جارده توانێ یارمەتی چارەسەرکردنی هۆکارەکەی بکات, بۆ نمونەلە سالانی ١٩٩٠، سکرتێری گشتی پێشووی نەتەوەیەکگرتوەکان بوتروس غالی (Boutros Boutros Ghali) نەفسی خۆی ناوبژیوانی کرد لەناکۆکیو ململانێکانی ئۆمالیەکان، لەیوگوسلافیای پێشوو، لەشوێنی تر. لە سالی ١٩٨٠ سکرتێری گشتی ئەوکاتە (جاڤێر پرێز دیکیولار) ناوبژیوانی کرد لە ناکۆکیو ململانێکانی ئەمریکای ناوەراست. سکرتێری گشتی هەروەها کاردەکات بۆ بنیاتنانی ڕێکەوتنێک لە نێوان پێنج ئەندامە هەمیشەییەکە لە ئەنجومەنی ئاسایش، دەزانێت بە بێ ئەو ئەنجومەنە ناتوانێت کاربکات.

سکرتێری گشتی بەشێوەیەکی رەسمی لەلایەن کۆمەڵەی گشتیەوە هەڵدەبژێدرێت, بەلام پێشتر پێویستە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەست نیشان بکرێت وە بتوانێنێت رازیبونی دەنگی هەر پێنج ئەندامە هەمیشەییەکە مسۆگەربکات. سکرتێری گشتی بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەتوانێ خزمەت بکات وەکو سکرتێر بەلام ئەتوانێت خۆی هەڵبژێرێتەوە بە هەمان رێگەی یەکەمجاری. ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێت کاندیدێک هەڵبژێرێت لە هەر دەوڵەتێک بێت, بەلام ئەوە عورفێکی نەنوسراوە هەیە کە ئەو پلەیە بەشێوەیەکی جوغرافییانە دەسورێتەوە, لە گەڵێدا سکرتێرێکی گشتی هەڵبژێردراو لە ناوچەیەکی تازەهەیە لەدوای هەموو دوو ماوەی خۆهەڵبژاردنەوەیەک.لە سالی ١٩٩٧ کۆمەڵەی گشتی پۆستی جێگری سکرتێری گشتی دەستنیشان کرد بۆ یارمەتی دان بەرێوەبردنی سکرتاریەت, ئاسان کردنی کارەکانی ڕێکخراوەکە. سکرتێری گشتی جێگری سکرتێری گشتی دیاری دەکات.

سکرتێری گشتی، هەروەکو ئەوانی دیکە لەئیدارە ی نەتەوەیەکگرتوەکان پێویستە لەسەری کەوا سەربەخۆبێت. لەراستیدا, سکرتێری گشتی پێویستەپشت بە دەوڵەتە ئەندامەکان ببەستێت, بە تایبەتی پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش لەوکاتەی سەرقالی کارەکانی دەبێت، لە دەرئەنجامدا سکرتێری گشتی بەزۆری

لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایش تێدەکۆشێت بۆ گرتنە بەری ئەو ئاراستەیەی کە پێویستە نەتەوەیەکگرتوەکان بیگرێتەبەر. هەر لەو کاتەی ئەنجومەنی ئاسایش سکرتییێری گشتی دەست نیشان دەکات لەگەڵیشیدا رێژە یەک هەیە لەسەر ئەوەی ئاستی سەربەخۆییەکەی چەندەبێتوچەند دەتوانێت سەربەخۆبێت.

## کوفی ئەنان

کوفی ئەنان لە ساڵی ١٩٣٨ لە دایک بووە خەڵکی وولاتی گانایە بەڵام لە وڵاتە یەکگرتەوەکانی ئەمریکا ژیاوەو هەر لەوێش پەروەردە بووە.

کوفی ئەنان لە ساڵی١٩٩٧ وە لە لایەن کۆمەڵەی گشتییەوە هەڵبژێدرا بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان تا ساڵی ٢٠٠١، دوای ئەوەش کۆمەڵەی گشتی بەکۆی دەنگ هەڵیان بژاردەوە بۆ جاری دووەم واتا لە ٢٠٠٢ - ٢٠٠٦. کوفی ئەنان یەکەمین سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکانە کە خەڵکی وولاتێکی ئەفریقی رەش پێست بێت وە یەکەمینیشە کە لەلایەن ئیدارە ی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە بەرزبکرێتەوە بۆ ئەو کارە گەورەیە. پێش ئەوەی ببێت بەسکرتێری گشتی, کوفی ئەنان وەکو وەکیلی سکرتێری گشتی خزمەتی کردوە لە چالاکیەکانی پاراستنی ئاشتی. ئەو متمانەی پێدرا لە کارو چالاکیەکانیو ئەرکی پاراستنی ئاشتی کەوتە ئەستۆ بەتایبەتی لە ئۆمایەکانی بۆسنیە لەسەرەتای نەوەدەکاندا. کوفی ئەنان وەکو وگوتمان لە ئەمریکا پەروەردە بووە بۆیە سیستەمی بیرۆکراسی نەتەوەیەکگرتوەکان باش شارەزایە. وەکو سکرتێری گشتی, ئەنان چاکسازی لە دەستەی کارگێری سکرتاریەتدا کرد هەروەها بە بایەخەوە چاکسازی کرد لە پەیوەندیەکانی نێوان نەتەوە یەکگرتوەکان و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا. هەروەهاکاری کردوە بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە سەر ئاستی جیهان، لەوانە کارکردن بۆ نەهێشتی نەخۆشی کوشندەی ئایدز, بەتایبەتی لە وولاتانی جیهانی سێهەمدا.

بوتروس غالی کە راستەوخۆ پێش کوفی ئەنان سکرتێری گشتی رێکخراوەکە بوو, بوتروس خەڵکی وولاتی میسرە, سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان بوو لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٢ - ١٩٩٦. بتروس غالی هەوڵیدا بۆ فراوانکردنی رۆڵی ئەوانەی ئاشتی ئەپارێزنوئاشتی دروست دەکەن. ئەو لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشدا زۆر بەرەورِوبوو، ئەم سیفەتەشی وایکرد تووشی کێشە بێت لەگەڵ ئەندامەکانی ئەنجومەندا, بە تایبەتی لەگەڵ ئەمریکادا, بۆ نمونە ئەو سەرزەنشتی ئەنجومەنی ئاسایشی کرد لەبەرامبەر پێدانی پرۆژەی گەورە پێی بەبێ ئەوەی کە پارەیەکی

پێویستی بۆ تەرخان بکەن بۆ جیبەجێکردنی. لە ساڵی ١٩٩٦ وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ڤیتۆی بەکارهێنا لە بەرامبەر هەڵبژاردنەوەی ئەم پالێوراوە بۆ دەورەی دووەم، لەبەرئەوەی هەردوو کوفی ئەنان‌وپێتروس غالی نوێنەرایەتی یەک وڵاتیان دەکرد ئەویش وڵاتی ئەفریقا بوو، هەڵبژاردنی ئەنان نەریتی هێشتنەوەی پۆستی سکرتێری گشتی بۆ ئەفریقا بۆ دوو دەورە پاراست. سکرتێرەکانی پێشووی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لەناوچەی جیاوازە هاتبوون, بەڵام ئەوە عادە تەن نەنوسراوە بەوەی کە پێویستە ئەوان لە یەکێ لە دەوڵەت بەهێزەکانی جیهان نەبن. ئەم عادەتە وەڵامە بۆ گرنگی دان بەوەی کە هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی لە دەوڵەتێک نەبێ کە جێی تێبینی بێت لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە وەکو هەدەف واتا دەبێت لە دەوڵەتێکی بێلایەن بێت. هەروەها ترسێک هەیە کە هەڵبژاردنی دەوڵەتێکی لەو شێوەیە دەسەڵاتێکی زۆر زیاتر بە کاریگەرترین دەوڵەتەکانی دونیا دەبەخشێت.

سکرتێرە گشتیەکانی (پێشووی) رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بریتین لە:

١- تریگڤ لای (نۆروێژ) ١٩٤٦ - ١٩٥٣
٢- داگ هامارسکولد (سوئید) ١٩٥٣ - ١٩٦١
٣- یو زانت (بورما) ١٩٦١ - ١٩٧١
٤- کۆرت والدهیم (ئۆتریش) ١٩٧٢ - ١٩٨٢
٥- جاڤیر پرێز دی کیولار (پیرۆ) ١٩٨٢ - ١٩٩١.
٦- بوتروس بوتروس غالی (میسر) ١٩٩٢ - ١٩٩٦

تی بی نی. هەروە ها ئێستاش بانکی مون سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووە کانە کە خەڵکی کۆریای باشورە. بانکی مون ساڵی ١٩٤٤ لە لە وڵاتی کورە ی باشور لە داێک بووە.. بانکی مون وە زیری دە رە وی کوری باشور بو لە ساڵی ٢٠٠٤ هەتا ٢٠٠٦. پاشانیش بە سەرۆکی نەتەوە یکگرتوە کان هەڵبژێردرا لە سالی ٢٠٠٧ دا.

http://no.wikipedia.org/wiki/Ban_Ki-moon

شایەنی باسە تا ئێستا هیچ ئافرەتێک لەم پۆستەدا خزمەتی نەکردووە, واتە تا ئێستا هیچ ئافرەتێک ئەم

پۆستەی وەرنەگرتووە.

### د). ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی: Social Council Economic and

ئەنجومەنی ئابووریوکۆمەڵایەتی (ECOSOC) لەژێر دەسەڵاتی کۆمەڵەی گشتیدا کاردەکات بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئابووریوکۆمەڵایەتی لەناو UNدا. ئیکۆسۆک ECOSOC پەنجاو چوار ٥٤ دەوڵەتانی ئەندامدا هەیە کە لەلایەن کۆمەڵەی گشتییەوە هەڵدەبژێردرێن بۆ ماوەی سێ ساڵ. ئیکۆسۆک لێکوڵینەوەکانوچالاکیە پێشنیازکراوەکان لەسەر بابەتە نێودەوڵەتیەکان ڕێکدەخات هەروەکو لایەنی پزیشکی, پەروەردە, لایەنە ئابووریەکان وە هەروەها پێویستیە کۆمەڵایەتیەکان. هەروەها چاودێری کارو باری ژمارەیەکی زۆر لەپرۆگرامو وەکالەتەکان دەکات، وە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگای کۆمەڵێک لیژنەی جیاوازی بەردەوامەوە لیژنە وەزیفیەکانولیژنە ناوچەییەکان کاردەکات. پێنج لیژنەی ناوچەیی هەیە چاودێری پرۆگرامەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان دەکەن کە چۆن لە ناوچەیەکی تایبەتی کاردەکەن. نۆ لیژنەی لێکۆڵینەوەی وەزیفی هەیە کە مامەڵە دەکات لەگەڵ بابەتەکان هەروەکو گەشەی دانیشتوان, بازرگانیکردن بەمادەی بێهۆشکەر وەکو موخەدەراتوئەفیونوهتد، مافی مرۆڤ، وە ڕەوشی ئافرەتان. لیژنەکانی تر کار لە سەر ئەو بابەتانە دەکەن کە پەیوەندی بە کۆمەڵێک پرۆگرامەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە هەیە, هەروەکو نەهێشتنی تاوان، دارایی گشتی, سەرچاوە سروشتیەکان, زانست, وە ناوە جوغرافیەکان.

ئیکۆسۆک کۆمەڵێک وەکالاتی پسپۆر ڕێکدەخات کە بۆ ئەوەی بەرژوەندیە ئابووریو کۆمەڵایەتیە جۆراو جۆرەکان ئامادە بکات یاخود پەرەپێبدات، ئەو وەکالاتانە بەشێوەیەکی سەربەخۆ کاردەکەن، بەڵام بەکارکردن لەگەڵ وەکالەتەکانی تری نەتەوەیەکگرتوەکان. پرۆگرامەکانیش یاخود وەکالاتەکانیش ئەمانەن: ریکخراوی تەندرروستی جیها(WHO) ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆپەروەردەوزانستورۆشنبیری (UNESCO) ڕێکخراوی کرێکارانی نێودەوڵەتی (ILO)ڕێکخراوی کشتوکاڵو خواردەمەنی.(FAO)

### دادگای دادی نێودەوڵەتی: (International Court of Justice)

دادگای دادی نێودەوڵەتی هەروەکو ناسراوە بە دادگای جیهان، هێزێکی دادوەریە لە نەتەوەیەکگرتوەکان, بارەگاکەشی لە وولاتی هۆلەندە. دادگاکە گوێ بۆ ئەو بابەتانە دەگرێ کە تیایدا مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکرێت,

یان داوایەک لەلایەن گەلانەوە دژ بەیەکتری دە کریت. دادگاکە خاوەنی پازدە دادوەرە کە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش‌وکۆمەڵەی گشتیەوە هەڵدەبژێردرێن. لە دەوڵەتان داواناکرێت بەشداری بکەن لە گەشەسەندنی دادگاکە, بەڵام گەر هەچ دەوڵەتێک رازی بوو بەوەی کە بەشدار بێت, ئەوا پێویستە لەسەری کەوا پەیوەست بێت بە بیرپارەکانی دادگاکەوە.

## ئەنجومەنی ڕاسپاردن (Trusteeship Coucil)

ئەنجومەنی ڕاسپاردن دامەزرا بۆ ئەوەی چاودێری قۆناغی گواستنەوەی ژێردەستەیەک لە موستەعمەراتەکان بکات بەرەو سەربەخۆیی. دواهەمین موستەعمەرە کەسەربەخۆیی وەرگرت لە ساڵی ١٩٩٤ بوو، بەمەش ئەنجومەنی ڕاسپاردن بێ کار مایەوە چونکە ئەمە دوا موستەعمەرە بوو.

## ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتوەکان (Membership In The UN)

نەتەوەیەکگرتوەکان سەرەتا کە دەستی پێکرد لە ساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ ٥١ دەوڵەتی دامەزرێنەر، بە بەشداری ٥٠ دەوڵەت لە وولایەتی سانفرانسیسکوکۆبۆوە، پۆڵەندا لە کۆنفرانسەکەدا نەبوو بەلام دواتر ئیمزای لەسەر هاوپەیمانیەکە کە کرد.

ئەندامانی نوێ رێگایان پێدەدرا بێنە ناو رێکخراوەکەوە لەسەرداوای ئەنجومەنی ئاسایش بەرێژەی ٣ - ٢ی دەنگەکان لە کۆمەڵەی گشتی. ئەندامێتی کراوەیە بۆ هەچ دەوڵەتێک گەر هاوکاری پەیامی نەتەوەیەکگرتوەکان بێت‌وئامادە بێت کە بنەماویاساکان‌وبەرپرسیارێتیە دیاریکراوەکانی هاوپەیمانی نەتەوەیەکگرتوەکان جێبەجێ بکات. لە ساڵەکانی سەرەتای ڕێکخراوەکەدا، دەوڵەتانی رۆژئاوا هەیمەنەیان کردبوو بەسەر رێکخراوەکەداوکۆمەڵەی گشتی بە شێوەیەکی ئاسایی چووبووە پاڵ وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. یەکێتی سۆڤێت هەستا بە دەستنیشان کردنی تەوازنێک balance بۆ کاریگەریەکانی رۆژئاوا ئەویش لە رێگای بەکارهێنانی دەسەڵاتی ڤیتۆ Veto لە ئەنجومەنی ئاسایش.

هاوسەنگی هێز balane of power دەستی کرد بە گۆرانکاریەکان لە ساڵەکانی ١٩٥٠ - ١٩٦٠ هەروەکو دەست

هەڵگرتن لە کۆمەڵێک لە ناوچە داگیرکراوەکانی ناوچەی ئاسیاوئەفریقا لە پێناوی ئەوەی سەربەخۆبن وهەروەها ببنە ئەندام لە نەتەوەیەکگرتوەکان. ئەندامێتی لە نەتەوەیەکگرتوەکان لەو سەردەمەدا زۆر زیاتر بوو وە ئەندامە تازەکان پەیوەستیەکی جیاوازیان هەبوو وەک لە دەوڵەتە پیشەسازیە داگیرکارە رۆژئاواییەکان. زۆر لە ئەندامە نوێ یەکانی ئەو کاتە گەیشتبوونە ئەو باوەرەی کە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا زۆر بەهێزە وە نەتەوەیەکگرتوەکانیش زۆرتر لە بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتەدایە. ئەو گەلانەی کەتازە سەربەخۆییان بەدەست هێنا بوو دەستیان کردبوو بە باڵادەستی خۆیان, ئەوان کاریان دەکرد لەشێوازی دەگدانەکانی ناو UN ئەمریکا لەوکاتەدا لەناو کەمایەتیەک خۆی دەبینیەوە لەسەر کۆمەڵێک مەسەلە. لە کۆتایی ساڵی حەفتاکانەوە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی سەرەتایی دەستی کرد بە بەکارهێنای مافی ڤیتۆ.

گۆرانکاری تری بوونە ئەندامێتی لە نەتەوەیەکگرتوەکان, نوێنەرایەتی کردنی بۆ چینیەکان دەگرتەوە, لە ساڵی ١٩٤٥ چین پەیوەندی کرد بەنەتەوەیەکگرتوەکانەوە وەکو ئەندامێکی دامەزرێنەر, نوێنەرایەتی حکومەتێکی ناسیۆنالیست دەکرد لە نانجین Nanjing . لە ساڵی ١٩٤٩ ناسیۆنالیستەکان جەنگی ناوخۆی چینیان دۆراند لە دژی کۆمەنیستەکانوپاشەکشێیان کرد بەرەو دورگەی تایوان. بەهۆی پشتگیری ئەمریکاووڵاتانی خۆرئاواوە، حکومەتی نەتەوەیی لە تایوان داوای کرد ببێتە حکومەتێکی شەرعی لە هەموو چین وە بەردەوام بوو لە پاراستنی کورسی چین لە نەتەوە یەکگرتوەکان هەتا ساڵی ١٩٧١. لەو ساڵەدا کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان کورسییەکەی تایوانی رەت کردەوەو دای بە حکومەتی کۆمۆنیستی لە پەکین, ئەم کارە وای کرد تایوان بە کورسیوبەبێ نوێنەرایەتی بمێنێتەوە لە نەتەوە یەکگرتوەکان. تایوان دە یویست ببێتە ئەندام لە نەتەوەیەکگرتوەکان, تائێستاش لە هەوڵداندایە بۆ بەدەست هێنانی ئەو پۆستە بەڵام چین وای نیشانداوە کە تایوان وەکو هەرێمێکی ئەو وایە, بەڵام لەگەڵ ئەوراستیانەشدا کاروباری تایوانیەکان وەکو گەلێکی سەربەخۆ وایە لە زۆر لە مەسائیلە نێودەوڵەتیەکاندا,چین زۆر بەتوندی بەرهەڵستکارە لەبەئەندام بوونی تایوان لە نەتەوە یەکگرتوەکان لەبەرئەوەی سەرۆکەکانیان بڕوایان وایە گەر UN دانی نا بەتایواندواکورسیەکیشی بۆ تەرخانکرد ئەو کاتە ئەوە ئەبێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆتایوانیەکان کەداوای سەربەخۆیی بکەن.

### پارەی کۆکراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان (UN funding)

پارەی کۆکراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان بریتیە لە پێدانی بری داواکراو لەلایەن دەوڵەتە ئەندامەکانەوە. هەموو

دەوڵەتێک ئەو برەی کەلێی داوادەکرێت پشت دەبەستێت بە توانای ئەو دەوڵەتە لەرووی سەروەتوسامانەکەیەوە. واتا تا دەوڵەتێک سەروەتوسامانی زۆرتربێت ئەو برەی کەلێ داوادەکرێت زۆرترە. هەروەها نەتەوەیەکگرتوەکان داوا لەدەوڵەتان دەکات کە بەشداری بکەن لە پێدان‌وکۆکردنەوەی پارەولە تێکۆشانیان لە پاراستنی ئەمن‌وئاسایش, لەگەڵ ئەمانەشدا, ژمارەیەک لە دەوڵەتان خۆیان بەشداریەکی دیاریان کردووە لە پاڵپشتی کردن بۆ بەرنامەوکارەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان, ئامریکا لێرەدا بە پلەی یەکەم دێت، بەشێوەیەکی نزیک بە رێژەی ٢٢%ی بودجەی بەرێوەبردنی رێکخراوەکە ونزیکەی ٢٨%ی بودجەی پاراستنی ئاشتی لە ساڵی ٢٠٠١ دابین کردوە.

## کاریگەریە نێودەوڵەتیەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان.

## The UNs, International Influnce:

کاریگەریەکانی UN بۆ بڵاوکردنەوەی ئاشتی لەسەر ئاستی دە ولەتی بەدرێژایی تەمەنی گۆڕانکاری زۆری بەخۆوە بینیوە. لەسەردەمی شەری ساردا ململانێ‌و ناکۆکی نێوان وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیێتی پێشوو کاریگەری ئەم رێکخراوەی لە کاروبارەنێو دەولیەتی لاوازکردبوو.

گرژی و ئاڵۆزیەکانی نێوان سۆڤیێت و ئامریکا ببوو بەکۆسپ لە نێوان دەوڵەتە ئەندامەکانی رێکخراوەکە تاوەکو بگەنە رێکەوتن یاخود کۆبونەوەیەک بکەن لە سەر مەسەلە گرنگەکان.

لەگەڵ ئەوەی کاریگەریەکانی لە بارە ی کاروباری ئەمنی و نێودە ولەتی بەشێوەیەکی سنوردارو بوو لەماوەی ساڵانی شەری ساردا, نەتەوەیەکگرتوەکان هەوڵەکانی بۆ گرنگی دان بەدیاردە گرنگەکان چڕترکردەوە, وەکو لێکۆڵینەوەو بەستنی کۆنفرانس لەسەرکێشە ئابووری‌وکۆمەڵایەتیەکان بە تایبەتی لە جیهانی سێ، وە پشتیوانی کردنی هەرێمە داگیرکراوەکان و یارمەتی دانیان بۆ بەدەست هێنانی سەربەخویی, هەروەها یارمەتی دانی ئەو گەلانەی کەتازە سەربەخۆییان بەدەست هێناوە.

لەسەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ وەولەگەڵ تەواوبوونی شەری سارد نەتەوەیەکگرتوەکان کاریگەریەکانی خۆی لەسەر مەسەلەکانی ئەمنی و نێودە ولەتی دەست پێکردو هەروە ها یەکێتی سۆڤیێت تێکشکا لە ساڵی ١٩٩١. ڕووسیا لەجیاتی یەکێتی سۆڤیێت کورسی دائمی وەرگرت لە ئەنجومەنی ئاسایش. لەگەڵ کۆتایی پێهنانی گرژی‌و

ئاڵۆزیەکانی نێوان ئامریکاوسۆڤێت, هێزە باڵادەستەکان لەزۆربەی حاڵەتەکاندا زیاتر توانیان چارەسەری مەسەلە ئەمنی و نێودە ولەتی بکەن.

## هێزەکانی ئاشتی پارێز: (Peacekeeping Forces)

هێزی ئاشتیپارێز بریتیە لە شێوە بەکارهێنانێکی دوژمنکارانە لەهێزی سەربازی بۆ یارمەتیدانی ئەو دەوڵەتو نەتەوانەی کە لەگرژیوئاڵۆزی دان، تاوەکو بگەن بە وەزعێکی هێمنو ئارامو دور لەشەڕ. هێزەکانی ئاشتی پارێزی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان دەورێکی بێلایەنانە دەگێڕن, کاردەکەن بۆ هێوەرکردنەوەی ئەو ناوچانەی کە گژیوئاڵوزی تیایاندا بەربڵاوە بە کۆمەلێک شێواز، دە توانن بچنە ئەو ناوچانە وەکو چاودێر، هێنانە کایەی ڕێکەوتننامەی باوەڕپێکراو لەنێوان لایەنە ناکۆکەکانو ئەوان دەتوانن وەزعە ئاڵۆزەکە هێوەربکەنەوە لە نێوان لایەنە دژەکاندا لەرێگای تەداخولکردنی جەسەدی خودی خۆیان بو ناو شوێنی گرژیو ئاڵۆزیو پێکدادانەکان, هەروەها دەتوانن لەگەڵ ئەفسەرە سەربازە کانی هەردوولا دانوستان بکەن, وە زیادکردنی کەناڵەکانی پەیوەندی کردن پێکەوە, هەروەها ئەوان دەتوانن ببنە چاودێر بەسەر ئاگربەستەکانەوە, سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکان و زیادکردنی یارمەتیە مرۆڤایەتیەکان.

هێزە ئاشتی پارێزەکان چەکداری سادەن، ئەوان لە سەفەرەکانیاندا زرێپۆشوتفەنگی ئۆتۆماتیکی بەکاردەهێنن, یان هەر جۆرە چەکێکی تر کە قورس بێت. کاری ئەم هێزە ئاشتی پارێزەرانە زۆرجار خەتەریاتی تێدەکەوێت، بەتایبەتی ئە گەر یەکێک لەلایەنەکان گومانی لە بێلایەنی ئەم هێزانە هەبوو. زۆرجار ئەم هێزانە دەکەونە مەترسیەوە کاتێک کە ئاگربەستەکان هەڵدەگیرێنوهەندێک جاریش هەر بەمەبەستەوە هێرشیان دەکرێتە سەر. جێی باسە تائێستا نزیکەی ١.٦٠٠ چەکداری هێزی ئاشتی پارێز کوژراوە.

- ئەنجومەنی ئاسایش دەسەڵات بە ئەرکەکانی ئاشتی پارێز دەبەخشێت، عادەتەن بۆ چەند مانگێک، هەرچەندە ئەنجومەنەکە دەتوانێت ئەم دەسەڵات پێدانە بۆ ساڵانێکی زۆر پێیان بداتەوە. نەتەوەیەکگرتوەکان بەتەنیا خاوەنی ئەو سوپایە نیە، چونکە ئەنجومەنی ئاسایش هێز لە دەوڵەتە ئەندامەکان وەردەگرێتودەیداتە نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ هەر ئەرکێکی، هەروەها ئەنجومەنی ئاسایش یەک فەرماندار دەستنیشان دەکاتوچالاکیە سەربازیەکانیش لە ژێر ئەمری UN دەبێت. چالاکیە سەربازیەکانیش تەنها کاتێک دەست بەکاردەبن کە لایەنەکانی

ناو ململانێییەكە رازیبون بەبوونی ئەو سوپا ئاشتی پارێزە، كەواتە سەركەوتنی ئەركی ئەو هێزە ئاشتی پارێزە پشت دەبەستێت بەهاوكاریەكانی هەردوو لایەنە ناكۆكە. بڕی ئەو پارانەی كەوا لەم هێزە ئاشتی پارێزانەدا سەرف دەكرێت پشت ئەستوورە بەهاوكاریەكانی ولاتەئەندامەكان, بەلام كۆمەڵەی گشتی دەبێت رازی بوونی خۆی دەربرێت لەسەر ئەو برە پارەیە. ئەمرۆ، نەبوونی بری پارەی پێویست تاكە گەورەترین گرێیە لە بەردەم بەكارهێنانی هێزەكانی ئاشتی پارێز. لەبەرئەوەی كارەكانی هێزەئاشتی پارێزەكان فراوان بوون، پێویستی بەپارەیەكی زیاتروزیاتر هەیە.

### یەكەمیین ئەركی هێزە ئاشتی پارێزەكان: (The first Peace keeping mission)

شایەنی باسە بە ڕونی نەتەوەیەكگرتوەكان ئاماژەی نەكردوە بە هێزی ئاشتی پارێز, بەلام بڕیار دەردەكات كەوا تەنگەژەو ئالۆزیە نێودەوڵەتیەكان بەشێوەیەكی ئاشتیانە چارەسەربكرێن, بەلام گەربێتوئەوەش سەركەوتونەبوو, ئەوا پەنادەباتە بەر بەكارهێنانی هێز.

بیرۆكەی دروستكردنی ئەم هێزی ئاشتی پارێزانە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی تەنگەژەی كەناڵی سوێسی میسر لە ساڵی ١٩٥٦، كاتێك هەریەك لە بەریتانیاو فەرەنساو ئیسرائیل لە شەڕدابوون دژی میسریەكان. لەماوەی ئەو تەنگەژەیەدا، لیستەر پیرسۆن دیپلۆماتی كەنەدا پێشنیاری پێویست بوونی هێزێكی نێودەوڵەتی گەورەی كرد بۆ پاراستنی ئاشتیوئارامی لەوناوچەیەدا هەتاوەكو كێشەو تەنگەژەكانی نێوان لایەنە بەشەر هاتووەكان برەوێتەوە، كۆمەڵەی گشتی ئەم ئامۆژگارییەی بەهەند وەرگرتوبۆ یەكەم جار هێزی ئاشتی پارێزی سەر بە نەتەوە یەكگرتوەكان دروست بوو UN.هێزە ئاشتی پارێزەكانی نارد بۆ ئەو ناوچەیە تاوەكو ببێتە چاودێر بەسەر گەراندنەوەی هێزە سەربازیەكانی بریتانیاو فەرەنساو ئیسرائیل لە خاكی میسرداووەهەروەها كار كردن وەكو هێوەر كەرەوەیەك لە نێوان لایەنە بەیەكداچوەكاندا, بیرۆكەی هێزی ئاشتی پارێز لەوێوە گەشەی كرد.

### ئەركە یەك لەدوای یەكەكان: (Subsquent Missions)

لە ١٩٨٠ وە تاوەكو سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ هێزە ئاشتی پارێزەكانی UN یارمەتی هەندێ ناوچە كەپر بوو لە تەنگەژەو ململانێ. نەتەوەیەكگرتوەكان دانوستانی ئاگربەستی كرد

لە ئامریکای ناوەراستو شەری نێوان عێراق - ئێران ١٩٨٠ - ١٩٨٨، هێزی ئاشتیپارێزی نارد بۆچاودێری کردنی ناوچەکە وە لە ئەفریقاش هێزی ئاشتی پارێزبۆ چوو بۆ، نامیبیا لە نۆامبەری ساڵی ١٩٨٩ تاوەکو مارسی ١٩٩٠ بۆ چاودێریکردنی سەربەخۆیی ئەو دەوڵەتە لە جنوبی ئەفریقا وەسەرپەرشتنی کردنی یەکەمین هەڵبژاردنی سەربەستی ئەو گەلە. هێزەکانی ئاشتی پارێزی نەتەوەیەکگرتوەکان خەلاتی ئاشتی نۆبلی پێبەخشرا لە ساڵی ١٩٨٨ لەبەرامبەر بە دەست هێنانی سەرکەوتنەکانی لە پاراستنی ئاشتی.

نەتەوەیەکگرتوەکان لە ساڵی ٢٠٠٢ دا ٤٤٠٠٠ هەزار سەربازی لە ٩٠ دەوڵەت لە ١٥ چالاکی ئاشتی پارێز بۆ ماوەیەکی دیاری کراو لە باشووری ئاسیا، لە رۆژهەلاتی ناوەراست، ئەوروپای رۆژهەلاتوئەفەریقا بەکارهێنا.

ئەرکە نوێیەکان بێ کێشەو گرفت نەبوون. هەوڵەکانی UN لاوازی پێوەدیار بوو بەهۆی کەمی بڕی ئەو پارەیەی کە تەرخان کرابوو، هەروەها نەتەوەیەکگرتوەکان خەملاندنەکانی هەڵەبوون سەبارەت بەوەی کە ئەرکە نوێیەکان چی پێویستە، بۆنمونە UN لە ساڵی ١٩٩١ دا تەنها ٥٠٠ سەربازو پۆلیسی چاودێری نارد بۆ ئانگۆلا، لە کاتێکدا ئاگربەستەکەیان زۆری نەخایاند شەری ناوخۆ هەڵگیرسایەوە لەنێوان لایەنگرانی حکومەتویاخی بووەکان، ئەرکی UN لەوێ بریتی بوو لەپارێزگاری کردنی ئاشتیوچاودێری کردنی هەڵبژاردنەکان. دوای ئەوەی حکومەت لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا ریکخراوە یاخی بووەکان چەکیان هەڵگرتەوەو جارێکی دیکە شەری ناوخۆ هەڵگیرسایەوە. نەتەوەیەکگرتوەکان لەم شکستەی پەندی وەرگرت. نەتەوەیەکگرتوەکان هێزی چەندجار گەورەتری بۆ مۆزامبیک بۆ هەمان ئەرک ناردووە لە ساڵی ١٩٩٢ بە سەرکەوتنی گەورەتریشەوە. لە ساڵی١٩٩١ UN هێزی ئاشتی پارێزی نارد بۆ کەمبۆجیا بۆ بەرێوەبردنی حکومەت لەژێر رێکەوتنامەیەکی هەستیاردا کە کۆتایی بەو جەنگە ناوخۆییە درێژخایەنە هێنا. ئەرکەکانی هێزی ئاشتی پارێز لەساڵی ١٩٩٣ کۆتایی هات، کاتێک حکومەتێکی نوێیان بۆ ئەو وولاتە پێکهێنا.

نەتەوەیەکگرتوەکان لە چوونە ناو خاکی سۆمالیا توشی کێشەو گرفتێکی گەورەتر بووەوە لەماوەی سالانی ١٩٩٢ - ١٩٩٣ نەتەوەیەکگرتوەکان، وولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکای سەرپشک کرد لەهەوڵەکانی بۆ پاراستنی ئاشتی بە بەخشینی یارمەتیە مرۆڤایەتیەکان بۆ ئەو دەوڵەتە کەتوشی شەری ناوخۆ هاتبوو, کە دانیشتوانەکەی توشی نەهامەتیوبرسێتیەکی یەکجارزۆر کردبوو.

ئەرکەکانی نەتەوەکگرتوەکان لە هەوڵەکانیان گەشەکردنی بەخۆوە بینی لەڕەوینەوەی شەرو پێکدادانەکانی نێوان عەشیرەتەکان بۆ دەست بەسەرداگرتنی حکوومەتەکە، دوای ئەوەی یەکێک لە عەشیرەتەکان هێرشی کردە سەر هێزە ئاشتی پارێزەکان, سکرتێری گشتی ئەوکاتەی نەتەوەیەکگرتوەکان پیتروس غالی هانی هێزەکانی ئەمریکای دا بۆ بەرپەرچدانەوەو شوێنکەوتنی سەرکردەی بەهێزی عەشیرەتەکە (موحەمەد فەرەح ئایدید). چالاکیەکان لە شەری ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٣ دا کۆتاییان پێهات, لەگەڵ ئەوەی ١٨ سەربازی ئەمریکی کوژرانویەکێک لە لاشەکان لە سەر شەقامی موقادیشۆ ڕادەکێشرا بۆ بەرچاوی کامێراکان, هێزەکانی ئەمریکا زۆر بەکتوپڕی لە یۆماڵ پاشە کشەیان کرد، شەری ناوخۆیی ئەو وولاتە دەستی پێکردەوە.

نەتەوەیەکگرتوەکان پەیمانی دا کەوا گەورەترین ئەرکی ئاشتی پارێزی لە یوگۆسلافیای پێشوو ئەنجامبدات لە ساڵی ١٩٩٢. لە دەسپێکی هەوڵەکانیدا چل هەزار سەربازی بیانی کە ساڵانە بودجەکەی نزیکەی یەک بلیۆن دۆلاری ئامریکی بوو. ناوەندی سەرەکی کارەکانیش لە بۆسینەو هێرزۆگۆڤین بوو، ناکۆکی دوژمنایەتی نێوان ئەو نەتەوانە هەرەسی لە ناکاوی یوگوسلافیا بوو. ئەرکی هێزە ئاشتی پارێزەکان هەر لەسەرەتای دەسپێکیەوە توشتی گرفت هاتبوو, سەربازەکان ئامادەنەکرابوون بۆ ئەو روبەروو بوونەوەیە UN.هێزی چەکداری ئاسایی ناردبوو کە ئامادەکرابوون بۆ کارە مرۆییەکان بۆ ناو جەنگێک کە یەک لایەنیان وەکو دەستدرێژکاری سەرەکی ناسرابوو. نەتەوەیەکگرتوەکان چاودێری زۆرێک لە ئاگربەستەکانی دەکرد کەبەردەوام دەشکێنران، هێزە ئاشتی پارێزەکان تەنها دەیانتوانی یارمەتی بگەیەننە شارە گەمارۆدراوەکان ئەویش لە ماوەی دیاریکراودا کە شەرفرۆشەکان سەپاندبویان. لە ساڵی ١٩٩٥ هێزەکانی ێربەکان شارۆچکەی سربرینیکای بۆسنەیان داگیرکرد کە ئەنجومەنی ئاسایش بەیانی دەرکردبوو ناوچەیەکی ئارامەو مەرجی ئەوەی ناوێ کەوا هێزی تەواوەتی بۆ بنێری لەبۆ پاراستنی، نزیکەی حەوت هەزار پیاوو منداڵ سەربڕدران لە چەند مانگێکدا، هێزەکانی ئاشتی پارێز پەرت وبڵاو بوو, لەلایەن هێزێکی سەربازی زۆر بەهێزی کۆکراوەوە شوێنی گیرایەوە کە ئەویش هێزی هاوپەیمانی باکووری ئەتلەسی کۆیکردبۆوە (NATO) کە هەریەک لە وولاتانی ئەمریکاوبەریتانیاوفەرەنسا بەشدارییان تیاداکرد.

### هەڵوێستە گۆڕاوەکان لەبەرامبەر هێزی ئاشتی پارێز:

### Changing Attitudes Toward Peackeeping

ئەزمونی نەتەوەیەکگرتوەکان لە یۆماڵو یۆگوسلافیای پێشوو وای لە ئەندامە بەهێزەکانی کرد کە ڕێگرین لە

ئەنجامدانی هەر ئەرکێکی ئاشتی پارێزی نوێ. ئەنجومەنی ئاسایش داوای سکرتێری گشتی رە د کردەوە بۆ دخالەت کردن لە خاکی رواندا لە ساڵی ١٩٩٤ لەکاتێکدا کەسایەتی خێڵەکی شەڕفرۆش، هۆتۆ،نزیکەی نیوملیۆنی لە ئەندامانی قەبیلەی توتسی لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا تەفروتوناکرد، لەکاتێکیش ڕووداوە هاوشێوەکان ببوەنە هەڕەشە لە دەوڵەتە دراوسێی بۆروندی لە ساڵی ١٩٩٥، ئەنجومەنی ئاسایش دوبارە وەڵامدانەوەی ئەو کردەوانەی رەتکردوە.

لەکۆتایی ساڵەکانی ١٩٩٠ ئەنجومەنی ئاسایش هێزە ئاشتی پارێزەکانی سەرپشک کرد لە دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی لە کۆسۆڤۆ(بەشێک لە سربیاومۆنتینیگرۆ, کە پێشتر کۆماری یوگوسلافیای فیدراڵ بوون)، بۆ گەراندنەوەی ئاشتیوئارامی لەتەیموری خۆرهەڵاتولەماوەی گواستنەوەی بۆ سەربەخۆییوبەرێوەبردنی ئەوهەرێمە لە ماوەی ئەو حکومەتە کاتیەدا. هەروەها یارمەتیدانی لە سەربەخۆبوونیو راپەراندنی پەیماننامەی ئاشتی سیرالیۆن.

لەساڵی ٢٠٠١ دا ئەنجومەنی ئاسایش هێزە فرە ڕەگەزەکانی سەرپشک کرد بۆ هێنانەکایەی بارودۆخێکی ئاشتیو سەقامگیر لە خاکی ئەفغانستاندا، لەپاشان شەری ئەمریکا دژی تیرۆریستان لەوێ ،ئەم هێزی ئاسایشە لەلایەن دەوڵەتە بەشداربووەکانەوە سەرکردایەتی دەکرێت, زیاتر لەڕۆڵی نەتەوەیەکگرتوەکان.

### گەشەکردنی ئابووری: ( Economic Development)

بێگومان ئەو چالاکیانەی کە وەکالەتەکانی سەر بەنەتەوەیەکگرتوەکان دی کەن هەمووی بەپێی بنەمای تایبەتیە کەهانی گەشەکردنی ئابووری کۆمەڵایەتی دەدات کە ئەوەش هاندەرێکە بۆ هێنانەکایەی جیهانێکی پڕلە ئاشتیو ئاسایش. حکوومەتەکە داوا لە نەتەوەیەکگرتوەکان دەکات کە کاری تەواو بۆ هەمووان مسۆگەر بکاتوپێوەرە باڵاکانی ژیانو گوزەران و گەشەکردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی دابین بکات. دەرئەنجام UN بەشێکی گەورەی لە فەرمان بەرو بودجەی تەرخان کرد بۆ گەشەکردنی پرۆگرامە ئابووریە جیهانیەکانی. کۆمەڵەی گشتی دانینا بەوەی کەپێویستەستروکتوری پەیوەندیە ئابووریە نێودەوڵتیەکان دابرێژرێتەوە لە پێناو یارمەتی دانی دەوڵەتانی جیهانی سێهەم، وەپێشنیاری زنجیرەک هەنگاوی یارمەتی کرد بۆ کەمکردنەوەی کەلێنەکانی نێوان دەوڵەتە هەژارەکان و دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان. نەتەوەیەکگرتوەکان چەندین پرۆگرام و وەکالاتی تایبەتی دەخاتە کار لەپێناو بەرەو پێش بردنی گەشەی ئابوریو مسۆگەرکردنی یارمەتیو پسپۆڕی تەکنیکی بۆ وڵاتە تازە

گەشەکردووەکان. یەکێک لەو پرۆگرامانە بریتیە لە کۆنفرانسی نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی بازرگانی و گەشەکردنەوە.(UNCTAD) زۆربەی وڵاتە تازە گەشەکردووەکان پشت لەسەر ئەو داهاتە دەبەستن لە بازرگانی دا دەستیان دەکەوێت بۆ بەهێزکردنی هەوڵەکانی گەشەکردنی ئابوریان لە نیشتمانی خۆیانداوبەتایبەتی دووچاری بەرزونزمی نرخ دەبن لە بازاڕە نێودەوڵەتیەکان و کێشەکانی دیکەی بازرگانی. UNCTAD لە ساڵەکانی ١٩٦٠ دا دامەزرا بە ئومێدی یارمەتی دانی دانوستانی ڕێکەوتننامە بازرگانی نێودەوڵەتیەکان کە نرخەکان جێگیردەکات و بازرگانی لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا گەشە پێدەدات. لەماوەی ساڵەکانی ١٩٧٠، کۆمەڵەی گشتی ئەو ئامانجانەی گرتبووە خۆ لە بانگەشەکەیداوبۆ دەسەڵاتێکی ئابوری نێودەوڵەتی نوێ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان. بەڵام وڵاتە تازە گەشەکردووەکان دەسەڵاتێکی کەم یان هەیە لە ئابوری نێودەوڵەتی دا، لە ئەنجامیشدا UNCTAD زۆر ناکاریگەر بووە لەبەرەو پێشبردنی بەرژەوەندییەکانیان لە بازرگانی نێودەوڵەتیا.

هەوڵەکانی بریتین لە پرۆگرامی گەشەکردنی نەتەوەیەکگرتووەکان UNDP کە هەموو هەوڵەکانی UN لە نەتەوە تازە پێگەیشتووەکاندا ڕێکدەخات. پارەکەشی لەڕێگای هاوکاریە خۆبەخشەکانەوە دابین دەکرێتوهەزاران پرۆژەی هەیە لەسەر تاسەری جیهاندا UNDP هورەترین ئاژانسی نێودەوڵەتی جیهانە کە یارمەتی گەشەکردن لەسەر مەسەلە تەکنیکیەکان دابین دەکات، دوو ئاژانسی پەیوەندیدار بریتین لە ڕێکخراوی گەشەپێدانی پیشەسازی نەتەوەیەکگرتووەکانوپەیمانگای دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ڕاهێنانوتوێژینەوە.

وەکالەتەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان شتی بەسوودی جۆراوجۆر پێشکەش دەکات بۆ هاندانی گەشەکردنی ئابووری، حکومەتی دەوڵەتانی جیهانی سێهەم (تازە گەشەکردووەکان) ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وەکو هاوڕێیەک دەبینن بۆ پێشکەوتنی جیهان نەوەک وەکو قەوارەیەک کە هەڕەشە لە دەسەڵاتەکانیان بکات یان وەکو بیرخەرەوەیەکی حوکمی کۆلۆنیاڵی، ژمارەیەک لە کەسە پسپۆڕەکانی UN وخۆبەخشەکانیشی سەربەژمارەیەک لە دەوڵەتانی جیهانی سێهەمن، بەڵام کارمەندەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان کەلە دەوڵەتانی جیهانی سێهەمەوە هاتوون لەوانەیە هەستیاتر بن لە چاو هاوکارەکانیان لە دەوڵەتانی خاوەن سەرمایە بۆ حاڵەتە ناوخۆییەکان و هاوبەشی کردن لەبواری یارمەتی دانی گەشەکردن. هەروەها نەتەوەیەکگرتووەکان دەتوانێت یارمەتیەکانی خۆی ڕێکبخات لە سیستەمی دەولیدا، خۆلادانی لە هەوڵە دووبارەوە بووەکان. کۆمەڵێک دیاردەی وەکو نەهێشتنوچارەسەرکردنی نەخۆشی، پاراستنی ژینگە، بەشێوەکی تایبەتی سوود لە شێوازی نێودەوڵەتی UN وەردەگرێت. زەرەرە گەورەکانی

پرۆگرامەکانی گەشەکردنی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان بریتیە لەوەی پارەکان بەشێوەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بە بەشداریکردنە نەوعییەکانی دەوڵەتە خاوەن سامانە زۆرەکان. هەموو پرۆگرامەکان پێویستە لە سەریان کەوا هانی خۆبەخشەکانیان بدەن لە بۆ تەواوکردنی کارەکانیان، وە خۆبەخشەکانیش دەتوانرێ دابڕدرێن لە کارەکانیان بە شێوەیەکی کتوپڕ ئەگەر پرۆگرامەکە حکومەتێکی بەخشەری بەدڵ نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندی جار وەکالەتەکان چالاکیان نیە کەحکومەتەکانوبزافی بازرگانی دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان ڕێگەیان پێداون، ئەمەش وادەکات ئەو وەکالەتانە یعتیباریان نەمێنێت بۆ ئەو بێتواناییەیان. هەروەها UN یارمەتی گەشەکردنی دارایی داوە لەرێگەی بانکی جیهانییەوە. ئەم بانکە جیهانیە لە ساڵی ١٩٤٤ دروست بوو، بۆ یارمەتی دانی گەلانی دواکەتوو وە یارمەتی دانیان بە پارە بۆ تەواوکردنی پرۆژەکانیان. بانکەکە رازیە بە پێدانی پارە بە دەوڵەتە ئەندامەکان بۆ دارایی پرۆژە تایبەتیەکان کە ئەوەش پەیتا پەیتا هانی بەرهەمهێنەری خاریجی دەدا، وەکالەتێکی پەیوەندیدار کە ئەویش سندوقی دراوی نێودەوڵەتیە IMF لەهەمان کاتدا دروست بوون بۆ هاندانی هاوکاری نێودەوڵەتی لە مەسەلە مالیەکاندا. ئەم سندوقە هانی شێوازێکی جێگیرو ڕێکوپێکی ڕێژەکانی ئاڵوگۆڕی دراوی دەدات.

## ژینگەی جیهانی: (Global Environment)

پرۆگرامی ژینگەیی نەتەوەیەکگرتوەکان،(UNEP) پاڵ پشتی لەژینگەیەکی ساغوسەلامەت دەکات لە هەموو شوێنێکی دونیادا. ئەو ڕێگەیەک دەگرێتە بەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی ژینگە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، کە ئەویش زیاد کردنی کەسانی پسپۆر بۆ دەوڵەتانی ئەندام، چاودێریکردنی وەزعی ژینگەی جیهانی، گەشەکردنی پێوەرە ژینگەییەکان، پێشنیارکردنی سەرچاوەی وزەی ئەڵتەرناتیڤ. کاری UNEP بەپێی ئەو پرینسیپانە رابەری دەکرێت کە لە کۆنفرانسی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ژینگە دروست بوو کە ناسرا بە لوتکەی زەوی، لوتکەکەش لە شاری ڕیۆدی جانیرۆ کۆبونەوە لە وڵاتی بەرازیل، کۆنفرانسی ئەوەندە گەورە لەو شێوەیە نەبەستراوە کە تیایدا زیاتر سەد سەرکردە بەشداری تیاداکرد, ئەوەش سێهەم کۆنفرانسی ژینگەیی نێودەوڵەتی بوو کەلەلایەن نەتەوەیەکگرتوەکانەوە ئەنجام درابێت. یەکەمین کۆنفرانسی ژینگەی نەتەوەیەکگرتوەکان لە شاری ستۆکهۆڵم بوو لە وڵاتی سوید لە ساڵی ١٩٧٢ کە پرنسیپی گشتی ژینگەیی بنیاتنر، لەسەر ئەو بنەرەتەی کەوا چالاکیەکانی تاکە دەوڵەتیک نابێت بێتە مایەی زەرەر بۆ دەوڵەتێکی تر, ئەو کۆنفرانسە هەروەها هۆشیاری دا لەبارەی رووخساری نێودەڵەتیەوە سەبارەت بە زەرەرو زیانە ژینگەییەکان. کۆنفرانسی دووەم لە نایرۆبی بەسترا لە وڵاتی

کینیا لەساڵی ١٩٨٢، نایرۆبی بارەگای سەرەکی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکانە بۆ پرۆگرامە ژینگەییەکان.

لە ساڵی ١٩٩٢ لوتکەی زەوی کە فراوانتربووە. بابەتی باسی سەرەکی، بەردەوام بوونی گەشەپێدانی ئابووری بوو, مەبەست لە گەشەپێدانیش واتا سەرچاوە سروشتیەکانی جیهان بە خەسار نەبردرێن یان لەناو نەبردرێن. دەرئەنجامی کۆبونەوەکەش پیلانێک بوو بەشێوەیەکی گشتی پێی دەگوترا ئەجێندا ٢١، کە دەوڵەتە گەورە تازە پێشکەوتوەکان پەیمانیان دا کە بەشێوەیەکی زۆر باش ئاگایان لە ژینگە بێت, دەوڵەتە پیشەسازیەکان پەیمانیان دا کە یارمەتی یان بدەن بۆ جێبە جێکردنی ئەو ئەرکە. لیژنەی تایبەت دروستکرا بۆ دڵنیاکردنی دەوڵەتان سەبارەت بەو بەڵێنانەی کەدایان, بەڵام لیژنەکە دەسەڵاتی نەبوو بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکان، هەرلەیەکەم کۆبوونەوە لە ساڵی ١٩٩٤ لیژنەکە دانی نا بەوەی کەدەوڵەتە پیشەسازیەکان لە هەوڵەکانیان تەنها نیوەی ئەو برە پارەیەیان سەرفکردەوە کەبەڵێنیان دابوو سەرفی بکەن.

کۆنفرانسی لوتکەی زەوی هەروەها پەیماننامەیەکی پێکهێنا لەسەر بەرزبونەوەی پلەی گەرمی گۆی زەوی، دیاردەیەکی ژینگەییە، کە تیایدا پلەی گەرمی گۆی زەوی بەردەوام لەبەرزبونەوەدایە لە ئەنجامی سوتانی ئاژەڵە بەبەردبوەکان و سامانە کانزاییە سروشتیەکانوکارگە پیشەسازیەکان. بەڵام پەیماننامەکە ئاگاداری ئەو دەوڵەتانەی نەکرد کەئیمزای پەیماننامەکەیان کردبوو بۆ کۆبوونەوە لەسەر مەبەستەکان لە هەندێک ڕۆژانی تایبەتدا. پرۆگرامی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ کاروباری ژینگەیی کاردەکات لەگەڵ ڕێکخراوی میترۆپۆلۆگی جیهانی (WMO)لەسەر ئەم مەسەلەیە. دوو ڕێکخراو هەڵدەستن بە پێوانی گۆرانکاریەکان لە ئاووهەوای گۆی زەوی لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە. نەتەوەیەکگرتوەکان هەروەها هۆشتاریدا بە کەسانی پسپۆری حکومی سەبارەت بە گۆرانکاریەکانی ئاووهەوا. لە ساڵی ١٩٨٩ ئەو لیزانانە کە وەکو تیمێکی دەولی خزمەتیان دەکرد دانوستایان کرد سەبارەت بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی گۆی زەوی.

پەیماننامەیەکی دیکە کە لوتکەی زەوی لە ساڵی ١٩٩٢ پێکی هێنا مامەڵە کردنە لەگەڵ مەسەلەی جۆراوجۆرێتی ژیان کەبریتی لە تەنەوعی ژیانی زیندەوەر، جیاوازی بونەوەرەکان لە نیشتمانێکی تایبەت یان لە شوێنە جوغرافیەکان. لە ژێر پەیماننامەکەدا، دەوڵەتەکان ڕازی بوون بە پاراستنی ئەو ناوچانەی کەئاژەڵانی لێدەژی و هەروەها ئەو ناوچانەش کەتایبەتە بە ڕووەکەکان. دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان ڕازیبوون بە پێدانی ماف بۆ دەرهێنانی مادە بەسوودە بازرگانیەکان لە جۆرە دەگمەنەکانی ئاژەڵانی ناوچە پارێزراوەکانی جیهانی سێهەم.

ئەمریکا هەستا بە دواخستنی ئیمزاکردنی ئەو پەیماننامەیە لەبەرئەوەی دەترسا کە پێدانی ئەو مافە بەرائەتی داهێنـان سنوردار بکـات لـە بایۆتـەکنۆلۆژی دا. ریکخـراوی نەتەوەیـەکگرتوەکان خـاڵی سـەرەکیە بـۆ هاوکاریـە نێودەوڵـەتیـەکان بـۆ هەریـەکێک لـە مەسـەلە ژینگەییـەکان. بـەڵام نـەبوونی دەسـەڵات لـە چالاکیەکانیـدا بەسـەر دەوڵەتە ئەندامەکان ڕێگرێکی سەرەکیە بۆ سەرکەوتن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕیکەوتی: ٩ی مارچی ٢٠١١

---

## ئیسرائیل و داهاتووی ناوچەکە.

ئەگەر بـەوردی سـەرنجی سـەرجەم لایەنـەکانی ژیـان لـە ئیسـرائیل بـدەین، دەگەینـە ئـەم ڕاستییانە کـە: ئیسـرائیل وڵاتێکە تـا ئێستەش دانیشتووانەکەی گرفتاری کۆمەڵێک کێشە و ململانێی ئابووری، ئاسایشی، نەژادی، کولتووری و تایفەگەراییە. ململانێکـان لـە نێـوان جووە ئەشکەنازی و سەفاردیمیەکان زۆر بـەرچاوە، جگە لەوانـەش ململانێی نێوان ئەو جووە حەرادیمیانەی کەوا دژ بە بیرۆکەی زایۆنیزمن و تـەورات بـە سـەرچاوەی حوکم و دەستووری ژیـان دەزانن لەگەڵ ڕەوتە علمانی و جووە بەدینە زایۆنییەکان ئەم گرفتانەیان قوڵترکردووەتەوە.

بیری توندڕۆی ئاینی نەک هەر کۆمەڵگەکە بەرەو دیموکراتییەتێکی نەژادپەرستی (واتە دیموکراتییەتێک کە تەنیا بەرەنجامەکەی بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی جووەکـان بێ) دەبـات، بـەڵکوو تـەگـەرە لـە بـەردەم تێکـەڵبوونی مەدەنی، ئاسـانکاری لـە پێناسـەی جوولەکـەبوون، ئینتگراسـی کردنـی تاکـەکانی ئـەم کۆمەڵگەیـە و ژیـانی ئاسـایی دوور لـە نەژادپەرستی - دینی دروست دەکات. ئەگەر سەیری ئایدیۆلۆجیا و ئەو هۆکارە پاڵنەرانە بکەین کە بوونەتـە هـۆی دامەزراندنی حیزبەکانی ئیسرائیلی، تێبینی دەکەین چەندان حزبی جوولەکەی نەژادپەرستی تایفەگەر یـاخۆ ئـاینی توندڕۆ هەن و لە بەرامبەردا حزبی تری دژ بەو بۆچوونانە دامەزراون، وەک پارتی شینوێ و کار (تـا ڕادەیـەک) و حزبە عەرەبی و چەپە بونیادەگراکـان یـاخۆ حزبـە ئاینیـە جووە سەفاردیمیەکانی دژ بە بۆچوونی تووندی حزبـە ئەشکەنازیە باڵادەستەکان.

زانای بواری جوگرافیای دانیشتووان و خەڵکناسی (بلیکەر) بەپێی (بیرۆکەی ڕاگواستنی دانیشتووان) ئەم پرسە دابەشی سەر پێنج قۆناخ دەکات. بەگوێرەی ئەبۆچوونە بێ ئەوە عەرەبەکان بەر قۆناخی دووەم دەکەون (واتە قۆناخی سەرەتایی ڕاگواستنی دانیشتووان) کە تێیدا تێکڕای پیتان و لە دایکبوون بەرزە، بەڵام مردن کەمە کەمە ڕوو لە دابەزین دەکات و سەرەنجام ژمارەی دانیشتووان زیاد دەکات، هەرچی جوولەکانن بەر قۆناخی پێنجەم دەکەون (واتە قۆناخی پاش ڕاگواستنی دانیشتووان) کە تێیدا لەدایکبوون و مردن لە ئاستێکی نزمدان، بەڵام مردن لە لەدایکبوون زیاترە، سەرەنجام گەشەی دانیشتووان بەرەو دواوە دەکشێتەوە. ژمارەی دانیشتووانی ئیسرائیل بەبەراورد لەگەڵ عەرەبەکان بەردەوام لە کورتی دەدات، گەشەکردنی دانیشتووانی جوو چووەتە قۆناخی جێگیرییەوە، هەرچی عەرەبەکانە بە پێچەوانەوە. دانیشتووانی مسوڵمان بە تێکڕای گەشە نێزیکەی ٣،٥% لە ماوەی ٢٠ ساڵدا دوو هێندە دەبێ، لەکاتێکدا هەردوو گروپی فەلە و دروزی هەریەکە لە ماوەی ٢٨ ساڵدا دووهێندە زیاد دەکەن.واتە تێبینی دەکرێ لە کۆمەڵگەی جوولەکە و غەیری جوولەکەدا تێکڕای گەشە جیاوازیان هەیە و بەهۆیەوە ڕێژەی دانیشتووان لە قەوارەی گشتیدا لە ماوەی سالانی داهاتوودا دەگۆ ِڕێ. هەروەها لە ناو کۆمەڵی غەیرە جوولەکەدا تێکڕای گەشە جیاوازە، ڕێژەی دانیشتووان لە ئایندەدا گۆڕانی بەرچاوی بەسەرردادێ، بەجۆرێک کە ڕەوتی گەشەی دانیشتووان لەناو کۆمەڵی غەیرە جوولەکەدا بەشێوەیەکی تەواو بە قازانجی گروپی عەرەبە مسوڵمانەکان دەشکێتەوە. ئەمە وادەکات ئیسرائیل ڕێگە بە گەڕانەوەی ئاوارەکان نەدا، هەوڵی تەواویش دەدات گەشەکردنی دانیشتووانی عەرەب لە ناو ئیسرائیل رابگرێ.لە مارسی ١٩٩٦دا ئیسرائیل بڕیاری دا بەپێی پلانی (متساديم) هاووڵاتییانی فەلەستینی لەکەناری رۆژئاوا وعەرەبەکانی ٤٨ لە یەک جیا بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش هەردوو حکوومەت: کار (لە ٢٠٠٠) و حکوومەتی لیکۆد (لە ٢٠٠١) گرینگیان بەو مەسەلەیە دا. شارۆن لە حکوومەتی یەکەمیدا (٢٠٠١) داوای لە پەیمانگەی فان لیر و سەرۆکەکەی پرۆفیسۆر(شەمشون تسلینگەر)کرد کە بەهاوکاریی دەیان شارەزا لە بواری ئابووری، خوێندن، دیمۆگرافیا و ئاسایش توێژینەوەیەک لەوبارەیەوە بکەن. لە تەمووزی ٢٠٠١ گەیشتنە ئەو بڕوایە کە دەبێ ئەم جیاکردنەوە ئەنجام بدرێ و ناویان لە پلانەکەشنا (پلانی ناوچەی پێوەندی). بەمەزەندەی (فان لیبر) ئەگەر ئەم جیاکردنەوە ڕوو نەدا ئەوە تا کۆتای ٢٠١٠ ڕێژەی جووەکانی نێوان ئوردن و دەریا دادەبەزێ بۆ ٥١%، لە ٢٠٢٠ دەبێتە٤٧% و لە٢٠٥٠ دەبێتە٣٧%، بەڵام ئەگەر جیاکرانەوە ئەوە ڕێژەی جووەکان لە ناوەخۆی ئیسرائیل تا کۆتای ٢٠١٠ بەرز دەبێتەوە بۆ ٧٨% لە ٢٠٥٠ش دەبێتە ٧٤%.٨٩. لێرە دەپرسین ئاخۆ لە داهاتوودا ئەم وڵاتە جێگەی ئەو دانیشتووانە چڕەی هەردوو گروپە نەژادییە ناکۆکە دەبێتەوە کە هەریەکیان سەرسەختانە خۆی بە خاوەنی سەرەکیی ئەم خاکە دەزانێ، بەڕەچاوکردنی پانتایی خاک، ئاو، وزەکان و تواناکان و هەوڵکەوتەی جوگرافی ئیسرائیل و ڕادەی گونجاوی دانیشتووان بۆ ئەو

وڵاتە چەندە و گروپە نەژادییەکان چۆن دەتوانن بە ئارامی و هێمنی پێکەوە بژین؟ لەم رووەوە سەرانی زایۆنیزم نیگەرانی جیدیان هەیە، هەر ئەمەش وای کردووە ژمارەیەکیان بیر لە ڕاگواستنی عەرەبەکان بکەنەوە بۆ ئوردن (لە کاتی سەدامیش بۆ کەرکووک)کەچی گروپێکی تریشان - لیبراڵ و چەپەکان - بیر لە جوداکردنەوەی ناوچە فەلەستینیەکان بکەنەوە. هەر ئەمەش وا دەکات عەرەبەکان دژی پلانی کشانەوە لە غەزە و جیاکردنەوە بن.

پارتە ئاینییەکان بەتایبەتی جوولەکە حەرادیمیە توندڕۆکان کە سەرچاوەی بە زیندوو هێشتنەوەی ئاینی جوولەکەن تێچوویان زۆر زۆرە و ئەرکی دراویان لەسەر حکوومەت قورس دەکەوێ، لە زۆر بارەوە هەڵوێستیان لەگەڵ دەوڵەتدا ناکۆکە. مەسەلەی کۆچکردن و نیشتەجێکردنی کۆچبەرانیش بەهەمان شێوە باری دارایی خەزینە و گەنجینەی دەوڵەتی لاسەنگ کردووە و ناچاریان دەکات بۆ پڕکردنەوەی کەماسیە دراوییەکانیان پەنا بۆ هاوکاریی کۆمەکی دەرەکی بەتایبەتی هی ئەمەریکاییەکان ببەن بۆ مسۆگەرکردنی یارمەتییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پیر و پەککەوتە و کۆچبەرەکان. سوپایەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو و بە تواناش بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەرجەم دوژمنەکان و پاراستنی سنوور و ژیانی هاووڵاتییان ئەرکی ئابووریی ئیسرائیلی قورس کردووە. ئەمانە جگە لەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر دەکەن و لە بەرامبەریشدا توانای هێزە سیاسییەکان کەم دەکەنەوە و دەنگەکان پەرت و بڵاو دەکەن، وا دەکەن هەمیشە حکوومەتی ئیئتلافی ناجێگیر لەگەڵ حزبە ئاینییە (بچووکە) بەرژەوەند پەرستەکان پێک بێنن. بەبێ ئەوان بۆیان نەکرێ حکوومەت دابمەزرێنن، ئەمەش سەرباری ئەوەی ململانێ و توندوتیژی نێوان گروپە ئیتنی - ئاینییەکانی ناو ئیسرائیل زیاتر دەکات، لە لایەکی ترەوە پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ عەرەبەکان دوا دەخات، ڕادەی ڕەگەزپەرستیی ئاینی - نەژادی عەربیش بەرز دەکاتەوە، بیانووش دەداتە دەست ئیسلام - عەرەب تا بەو ڕەهەندە لە دژایەتیی بە دیموکراتیکردن و زیاتر ئاڵۆزکردنی باری ئارامیی ناوچەکە هەنگاو بنێن.

کێشەی فەلەستینیەکان و مەسەلەی خاوەندارێتی خاک بۆ ئیسرائیلییەکان خاڵێکی لاوازە. عەرەبەکان بەهۆی بیری ڕەگەزپەرستی عەرەبی ئیسلامی دەتوانن هەمیشە سوود لەو خاڵە وەربگرن بۆ هاندان و دوژمنداریکردنی جوولەکان. ئەگەرچی جووەلەکە (لەو پەڕی ڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپەوە) درک بەم ڕاستییە دەکەن، لەکاتی تەنگانەدا حکوومەتی نیشتمانی پێک دێنن، بەڵام ئەم راستییە نابێ لەیاد بکەین کە ئایندەی ئیسرائیل بێ دامەزراندنی رۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی ئارام و دیموکراتی دوور لە دەمارگرژی نەژادی-ئاینی ناکرێ مسۆگەر بکرێ، بۆیە بیرکردنەوە لە پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ رۆژئاوا و ئیسرائیل (تەنانەت کوردیش) زۆر گرینگە. بوونی دیموکراتییەت لە ناوچەکە و گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەی خەڵکەکەی واتە گۆڕانکاری لە بیروڕا و ئایین. جوولەکە

زایۆنییەکان بۆ هێشتنەوەی دەوڵەتی جوولەکە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری جووە بڕوادار و تەوراتییەکان و عەرەبیش لەژێرکاریگەری هەستکردن بە لاوازی و ناتوانی و ئەم دواکەوتنە کۆمەڵایەتی - ئابووری - رۆشنبیرییەی هەیانە وا بەئاسانی ناتوانن دەستبەرداری کولتووری خۆیان و ئاینی ئیسلام بن، مانەوەی ئەم کێشەیە وەک خۆی بارودۆخی ناوچەکە ئاڵۆزتر دەکا، چارەسەریشی کاتێکی زۆری دەوێ، بۆیە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی خاوەن خاک و سامان و ئاو هەروەها گەلێک کە لە ناخیدا ئیسلام و بیرکردنەوەی شۆڤێنی-ئاینی-نەژادی عەرەب و نەتەوە مسوڵمانە دراوسێکانی بە هۆکارێکی سەرەکی لە بێبەش بوونیان لە دەوڵەتی نەتەوەییان بزانن، هەروەها بڕوابوونی زۆرینەی هەرە زۆری ئەم گەلە بە دیموکراتییەت و ئیسلامییەتی لاسایی وا دەکات دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی زۆر ئەستەم نەبێ بۆ پارسەنگکردنی هێز و هاوکێشەکانی ناوچەکە، ئەگەر خەڵکی تری ناوچەکە مل بۆ پرۆژەی رۆژهەڵاتی مەزن نەدەن ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دیموکراتیخواز بۆ هەوێنی دیموکراتییەت لە ناوچەکە پەلەی لێبکرێ.

لەلایەکی ترەوە، تێبینی دەکرێ کەوا حزبە عەرەبییەکانی ئیسرائیل و جەماوەرەکەی بەشداریکردن لە کەنیست و حکوومەتەکانی ئیسرائیلی زۆر بەڕەوا دەزانن. بە شێوازێکی خەبات و مافێکی سروشتی دادەنێن، بەڵام لە هەمان کاتدا هەر هاوکاری و پێشوازییەکی وڵات ئیتنی- گروپی تر بە کوفر و لادان لە بنەماکانی مرۆڤ و ئیسلام بزانن. ئەم وەرچەرخانە لە بیرکردنەوەی عەرەبەکانی دەستدرێژیکردنی گەلانی تر بۆ تۆقەکردن و دەستدانەوە لەگەل ئیسرائیلییەکان لە داهاتوودا دەکاتە شتێکی ئاسایی.

حزبەکانی ئیسرائیل گرینگی زۆر بە کادیرە کۆن و خاوەن ڕابردووەکانیان دەدەن، لای سەرجەم حزبەکان ئاسایشی ئیسرائیل، ناسنامەی علمانیەت دیموکراتی جوولەکە زۆرگرینگە، ناکۆکی و جیاوازیی نێوان سەرجەم حزبەکان زیاتر لەسەر شێوازی کارکردنە بۆ مانەوەی دەوڵەتی ئسرائیل نەک لە سەر بنەماکانی هزری، بۆیە زۆر ئاساییە حزبەکان لەو پەڕی چەپ بۆ ئەوپەڕی ڕاست(دینی - علمانی) لەیەک ئیئتلافدا حکوومەتێکی نیشتمانی پێک بێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕیکەوتی: ١٥ی مای ٢٠١٠

## دیپلۆماسی حیزبەکان زەربەیان لە دەنگی کورد داوە.

### وشەی دیپلۆماسی

ئەم زاراوەیە لە وشەی دیپلۆماتی فەڕەنسەییەوە هاتووە کەبە مانای نوێنەری سیاسیی و لەتێکە لە دەوڵەتێکیتردا، هەروەها لە وشەی دیپلۆمای یۆنانی و لاتینی وەرگیراوە.

فراوانترین مانای دیپلۆماسی پەیوەندی سیاسیی نێوان دو دەوڵەتە، تیوریزانە سیاسییەکان دیپلۆماسی بە مانای عونسورێکی دەسەڵاتی گەل ئەزانن و هەندێکیتریش بە تەنیا هۆی بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی خەڵکی دائەنین.

بە مانایەکیتریش دیپلۆماسی واتە، پەیوەندی لە سەر ئەساسی بەرژەوندی دو لایەنی حکوومەت یان دو نەتەوە دێت، کە لەسەر ئەو ئەساسە پەیوەندیە سیاسی و ئابوورییەکانیان پەرە پێ دەدەن.

### دیپلۆماسی حیزبەکان

کاتێک دینە سەر باسی دیپلۆماسی حیزبەکان، پێویستە باس لە دەنگی نەتەوەیەک بکەین کە لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجانەی کە هەیەتی وە ک، ئامانجی سیاسی،ئابووری،کەلتوری هتد... بۆ وڵاتەکەی خوی هەوڵ دەدات.

بەڵام بە هوی ئەوەی کە ئێمە وڵاتمان نییە، بە جێگای حکوومەت حیزبەکان ئەم ئەرکەیان دەکەوێتە سەر شان، کە دە توانین بلێین ئەرکی نیشتمانی و وڵاتپارێزی کەوتۆتە سەر شانی حیزبەکان.

دیارە ئەم باسە وردبینی زیاتری دەوێت بەڵام ، ئێمە بە کورتی باسی لێوە دەکەین.

بەگشتی حیزبەکانی کوردستان لە هەر چوارپارچە زەربەیەکی گەوریان لە دەنگی کورد داوە، لە راستیدا دەلیل و

دێکۆمێنتیش لە سەر ئەم مەسەلەیە زۆرن، بەڵام ئێمە هەر ئاماژە بە نەبونی یەک ریزی و ناتەبایی ئەم کۆدەنگیە دەکەین.

ئەگەر کە مێک لە کاری حیزبە کوردەکان لە ئۆرۆپا وردبینەوە دەبینین کە بە شێوەیەکی زۆر شپرزە کەوتونەتە پەیوەندیکردن لە گەڵ حیزبە خاریجییەکانی ئەو وڵاتانەی کە کومیتەی حیزبەکانی تێدایە. هەر حیزبێک بۆخوی لە پەناوە هەوڵ بۆ خوی دەدات، کارەکەشیان بەداخەوە لە ئاستێکی زۆر نەزم دایە و هیچ دەستکەوتێکی نەتەوەیی نەبووە. ئەگەر دەسکەوتێکیش هەبوبێ ئەوە دەسکەوتی حیزبی بووە، هیچکام لە حیزبەکان ناتوانن ئەوە بسەلمێنن کە کاری نەتەوەییان کردووە.

## هۆکارەکان چین وا دە ستکەوتی میللی نەبووە؟

کاتێک باسی حیزبەکان دەکەین باشتر وایە کە ئیشارەیەکیش بە دۆخی حیزبەکان، یان باشترە بلێین کۆمیتەی حیزبەکان بکەین،کۆمیتەکان لەرێگای کۆنفرانسەکانەوە هەڵدەبژێردرێن و لە کۆمیتەکانیشدا کارەکان دابەش دەکرین بەسەر کاروباری ماڵی، تەشکیلاتی و پەیوەندی و راگەیاندن دا.

لێرەدا گرینگترین کار، کاری بەشی پەیوەندییەکانە کە دەبێ دەنگی خۆیان بە پێ عادەت لە وڵاتێ کە تێیدان بگەیننە پارلمان و سیاسەتمەداران،رۆناکبیران،نوسەران و مێدیای ئەو وڵاتە، واتە ئەم کارە کارێکی حەیاتی و ئەساسی حیزبەکانە و دەبێ ئەهمییەتی یەکجار زۆری پێ بدرێت.

ناتوانین بلێین هیچ نەکراوە و زەحمەتی بۆ نەکێشراوە، بەڵێ کاری زۆری بۆ کراوە هەوڵی زۆری بۆ دەدرێت،بەڵام بەداخەوە ئەو کەسانەی بۆ ئەوکارانە دیاری دەکرێن لە سەر ئەساسی شایستەسالاری دیاری ناکرێن. کار بەکەسێک نادریت کە توانای ئەو کارەی هەیە.

کەسێک دەیهەوێ ئەوکارە بکات هەر لە سەرەتاوە دەنگی پێ نادرێت،یان دەنگی تەواو ناهێنیتەوە، چونکە لە ئەساسدا پێش کۆنفراسەکان کار بۆ ئەوە دەکرێت کەسانی کار لە دەستهاتوو دەنگ نەهێننەوە.

پەس کەوابوو کاری دیپلۆماسی حیزبەکان هەتا ئێستاش لە قەیران دایەو زەربەیەکی قورسی لە دە نگی کورد داوە، و پەیوەندییەکان زۆرتر بۆ کاری تەبلیغاتی خۆیان بەکاری دەهێنن. تەجروبەکە وا دەڵێت،حیزبە خاریجیەکانیش هەر ئەوە ی دەڵێن کە دێن وینەیەکمان لەگەڵ دەگرن وهێندێک قسە لە سەر حیزبەکەی خۆیان دەکەن و تەواو ئاو بێنەو دەست بشۆ!

زۆرترین کاری حیزبەکان، بەرزراگرتنی مێژووی حیزبەکەیانە، واتە ساڵرۆژی دامەزران، رۆژی شەهیدان، دیارە ئەم کارە زۆر پیرۆزو جێگای رێزە و دەبێ بەرز رابگیرێت چونکە ئەو شەهیدانە لە پێناو رزگاری گەلەکەیاندا گیانیان لە دەست داوە.

هەروەک وتمان زۆرترین کات بۆ یادەوەرییەکان سەرف دەکرێت و کەمترین کاتیش بۆ کاری دیپلۆماسی، بۆیە ئێمە ناتوانین سەردانی سکرتێری حیزبێک، یان بەشی پەیوندی حیزبێک بخەینە خانە کاری دیپلۆماسی نەتەوەیەکەوە.

## هۆکارەکانی نەبونی کۆ دەنگی

نەبونی کۆ دەنگی دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی ئیدۆلۆژی و بەرنامە و پەیرەوی حیزبەکان کە هێچیان لە گەل یەکتری ناسازێن و بەرژەوەندی میللیان خستووتە پاش بەرژەوەندی حیزبییەوە، دیارە هیچکام لەحیزبەکان ئەم شتەیان پێ راست نیە و لە راستیدا رەتی دەکەنەوە، کە دەکرێ بڵێین حەقی خۆشیانە، چونکە لەو پێناوەدا خەباتیان کردوە و خۆێنیان بۆ داوە کە ئەوە شتێکی حاشاهەڵنەگرە.

بەڵام خۆ ناکرێ نەزەری تاکەکانی کۆمەڵگا بە هێند وەرنەگیرێن و پشت گوێ بخرین. دیارە هەر چەندە لە نێو حیزبەکوردییەکاندا ئەم پێشگرتنە هەبووە و هەر دە ش بێت، چونکە دیمۆکراسی لە نێو حیزبەکانی ئێمەدا هەتا ئەوکاتە دیمۆکراسییە کە پەرژەوەندییەکەیان نەکەوێتە خەتەرەوە، ئەگەر بێت و لە خەتەر کەوێت ئەوا دیمۆکراسی هێچ مانایەکی لەلای ئەوان نامێنێ و هەتا ئیستاشی لەگەل بێت کۆدەنگی کوردمان نەبینیوە کە بە یەک گۆتاری سیاسیەوە دیفاع لە بەرژەوندی گەل بکەن،دونیاش ئەوە دەزانێ و بە گۆی رێبەرانی کوردیشدا چرپێندراوە بەڵام بە داخەوە هیچ سودێکی نەبووە.

لە دونیای مودێرنی ئەمرۆکەدا، ژیان ئەوەندە پێش کەوتووە کە مرۆڤ کاتێک شەو دەخەوێت بەیانی زوو کە کامپیوتێرەکەی دە کاتەوە ئەوەندە شتی نوێ هاتووە نازانێ لە کوێرا دە ست بە خوێندنەوە و فێربوونیان بکا. بەڵام بەداخەوە لە نێو کۆمەڵگای ئێمەشدا هەموو رۆژێک بەیانان زوو کە دێیتە سەر کامپیوتیرەکەت بەس هەواڵی لێکدابڕان و شەڕ و ناکۆکی و ناهۆمێدی دەخوێنیتەوە، بەس ئازارو نارەحەتی و خەفەتە، مرۆڤ دڵی بەحالی خۆی دەسوتێ و ئێحساسی کەمبوون دەکات لە بەرانبەر دۆست و دۆژمن دا.

ئەگەر لەگەڵ هاورێکی خاریجی دا باسی سیاسەت و فەرهەنگ و کەلتور دیتە پێشیە، پرسیارت لێ دەکات لە وڵاتی تو ئەم شتانە چۆنە وەکو ئەوە وایە کوتکێکت لە سەری دەدەن،نازانی لە کوێرا دە ست پێ بکەی،لە نەبوونی یەکڕیزی،دووبەرەکی هتد...
تەنیا شتێک کە بە باشی دەتوانی دەربڕی ئەوەیە کە بەباشی دە توانین لە سەر دوژمنان و داگیرکەرانی وڵاتەکەمان قسە بکەین و بیانناسێنین.

## نەخشی تاکەکان لە مێژووی کورد و نێوحیزبەکاندا

کاتێک باس لە نەخشی تاکەکان دەکەین، باشتر وایە کە لایەنی باش و خراپی بخێنە بەر باس. ئەو کەسانەی رۆڵی گرینگ و حەیاتییان هەبووە زۆر بەر چاو و خاوەن پێگەی تایبەتین لە ناو بزوتنەوەی کوردستان دا وەک،شێخ سەعیدی پیران، شێخ عەبدولای نەهری، شێخ سەعیدی شەمزینان، شێخ مەحمود، پێشەوا قازی مەحەمەد،مەلا مستەفابارزانی هتد...

ئەم کەسایەتیانە لە شۆڕشی کوردستاندا بێگومان کەسایەتی بەهێزو خاوەن کاراکتێری تەواو و رێبەری بزوتنەوە بوون و ئیستاش و هەتاهەتایە سەرکردە و مێژوو خۆلقێنەری کوردبوون وهەن. ئەگەر لە هەرکام لە بارچەکانی کوردستاندا حیزب دامەزراون ئەوا لە سەر ئەساسی بیرۆکەی ئەو سەرکردانە دامەزراون. دیارە حیزبەکان لە سەر دوو بیروبۆچونی جیاوازا خۆیان پێناسە کردوە و دەکەن، واتە نەتەوەیی و چەپی.

ئەم دوو فکرە بەتایبەتی چەپگەرایی زەربەیەکی بەهێزی لە بزوتنەوەی کوردی داوە.

لیره دا پێم خۆشه حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵە وەک نمونه باس بکەم بۆیەش ئەو دووانه باس دەکەم بۆخۆم خەڵکی رۆژ هەڵاتی کوردستانم و نام هەوێت جارێ بچمه سەر بەشەکانیتری کوردستان.

## حیزبی دیمۆکراتی کورستان

حیزبی دیمۆکرات لە سەر بناخەی کۆمەڵەی ژێ کاف دامەزراوە، واتە بناخەی ئەم بزۆتنەوەیە بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی بوو کە تێدەکۆشا بۆ دامەزراندی دەوڵەتی کوردی.

هەتا کاتێک پێشەواش لە ژیاندا مابوو ئەو شۆڕشە هەر لە سەر ئەو بناغە ناسیۆنالیستیە رۆژ لەگەڵ رۆژ بە هێزتر دەبوو، هەتا وای لێهات کە دامەزراندنی کۆماری کوردستانی راگەیاند بۆ ماوە ی ١١ مانگ حکوومەتی کرد و بە شێوەیەکی زۆر دیمۆکراتیانە کە ئیستاش هەر ئاسەواری ماوە.

بەڵام پاش رۆخانی کۆماری کوردستان و هاتنە سەر کاری حکوومەتی فاشیستی ئێران، حیزبی دیمۆکرات کەوتە قەیرانی فکری جۆراوجۆرەوە کە وردەوردە کەلێنی تێ کەوت. باشترە بلێین کە کەسانی فرسەت تەڵەبی وە ک، ئاغاکان،چە پەکان، بە تووده و هەموانەوە.

دیارە کاتێک باسی چە پەکان دەکەین وەبیرمان دێتەوە کە چۆن ئەو حیزبەیان کردوەتە وەسیلە بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان و چەندین جاریش لە حیزب دابڕاون.

ئاغاکانیش تاق و لۆق لە حیزبدا هەبون، بەڵام نەخشی ئەوان زۆر موزیرانە و خراپ بووە کە هەتا ئیستاش هەر دەیانهەوێ حیزب بەدڵی ئەوان بێت و ئەگەر رۆژێکیش نەگەن بەو قودرەتە ئەوا حازرن دوبەرەکی و ئاژاوە بنێنەوە، دیارە ئەم کەسانە نمونەیان زۆرە ئەگەر رۆژێک پێویست بکات بەوردی باسیان دەکەین، بۆیە لێرەدا هەر بە کورتی باسمان لێوەکرد.

تێبینی- ئەو باسەی کە ئەمن لێرەدا هێناومەتە گۆڕێ زۆر بەکورتی ئیشارەم بە شتەکان کردوە، لە ڕاستیدا مرۆڤ ئەگەر بیهەوێت لەسەر شتێکی وا بنوسێت لێکۆڵینەوەیەکی ورد و ئاکادیمی دەوێت.

## کۆمەڵە

کۆمەلە کات و هەلومەرجێکدا دامەزرا کە حیزبی دیمۆکراتی کورستان تاکە هێزی کوردستان بوو. دامەزرینەرانی ئەسڵی ئەم حیزبە ئیستاش بەتەواوی روون نییە کێن، هەر پێنج لایەنی ئیستای کۆمەڵە هەریەک بەشێوە یەک باسی لێوە دەکەن، بەتایبەتی ئاغایانی موهتەدی زۆرترین ئیمتیاز بە خۆیان دەدەن،لەنێو ئاغایانی موهتەدیشدا چەندین فکرییەت هەیە وەک، یلخانیزادە، بابامێری، عەلیارەکان، لە ئەساسیشدا هەر یەک بنەماڵەن بەڵام، کێشەی بنەماڵەییان لەگەڵ یەکتر هەیەو هەر ئەو کێشانەش بوون کە لە کۆمەڵەی ئەسلی ئەوکاتی کە کاک برایم عەلێزادە سکرتیر بوو چاویان بەرایی نەدەهات، مەجبوور بوون بیر لە جیابوونەوە بکەن.

کاتێکیش کە جیابوونەوە لە کۆمەڵە، دیسان ئاغایانی موهتەدی و ئیلخانیزادە پێکەوە نەسازان و ئەو لەتەشیان کرد بە دوو.

بەهەر حاڵ مەبەستی ئێمە لێرەدا هێزی دووهەمە لە ئەوکاتی کوردستاندا، لە ڕاستیدا کۆمەڵە زۆر باش گەشەی کردبوو، ئەو گەشەکردنەش بەهۆی کەسانی وەک کاک دوکتور جەعفەر، کاک فۆاد،حەمە حۆسینی کەریمی هتد بوو، بەڵام زۆر بەداخەوە پاش نەمانی ئەوان کۆمەڵە کەوتە دەستی مارکسیستە توندڕەوەکان، فێودالەکان و کوڕە سەرمایەدارێکی تارانی واتە، مەنسوری حیکمەت کە مەئمووریەتەکەی ئەوە بوو زەربە لە بزووتنەوی کورد بدا و بەداخەوە دایشی کە ئاکامەکەی ئێستا هەمۆمان دەبێنین.

### ❊ عەینی: Objektiv.

بەوە ئەڵێن کە لە دەرەوی هۆش و ئاگایی و هەستی مرۆڤدا بە شێویەکی راستەو خۆ هەیە، بە واتایەکیتر ئەوەیە کە پەیوەندی بە دەرون و بیروهۆش و شوناسی مرۆڤەوە نیە.

### ❊ زینی: Subjektiv

واتە ئەو شتەی کە لە ناو هەست و دەرونی مرۆڤدا هەیەو بە پێی تیوری ماتریالیستی تیشکدانەوەی جیهانی

عەینییە. هەرچەندە لە زۆر کات و شوێن و بابەتی هەمە جۆرەی کۆمەڵایەتیانە و فەلسەفیانەدا ئەم دوو وشەیە بەچەندان جۆر مانایان لێک دە درێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕیکەوتی: ١٩ی ئەپریلی ٢٠١٠

---

## سکتاریسمی حیزبی، بۆتە بەربەریسم بەسەر کۆمەڵگای کوردە واری دا

ئەگەر ئاورێک لە مێژووی خۆمان بدە ینەوە، چەندین رووداوی تاڵمان وە بیر دێتەوە، لێرەدا ئیشارە بە خالێک دەکەم، ئەویش دابەش کردنی وڵاتی کوردان لە پەیمانی سایکسپیکۆدا. پێویست ناکا ئیشارە بەم رۆژە تاڵە بکەم،چونکە لە راستیدا بۆ هەمووومان رۆژێکی تاڵ و ناخۆشە کە قەت لە بیرمان ناچێتەوە و باش دە زانین دابەش کەرانی وڵاتەکەمان کێ بوون.

بەڵام خالێکی تر کە زۆر سەرنج راکێش ترە دابەش کردنی کۆمەڵگاکەمانە لە لایەن حیزبە کوردیەکانەوە.

ئەم خاڵە زۆر سەرنج ڕاکێشە بە لای منەوە،کە حیزبەکان ئاوا کۆمەڵگای کوردیان دابەش کردوە،کە یەکگرتنەوە ی قوربانی دانی  دوو نەسڵی دە وێ.

وە سەر یەک خستەوەی کۆمەڵگای کوردی و یەک گوتاری سیاسیی نەتەوە کەمان زە رووڕەتێکی مێژوویی و حەساسە لەم کاتەدا کە دەبێ بە هۆی بەهێزبوونی دروستکردنی دەوڵەتی کوردیی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و بە دێمۆکراتیزاسیۆن کردنی ناوچەکە و، گۆرینی بالانسی مەشغوڵ کردنی بۆ چوونی ئوروپاو ئامریکاسەبارەت بە کێشەی ئیسرائێل و فەلەستین بو فازێکی تر، واتە کوردستان.

ئەگەر چی ئەوە مەسەلەیەکی حەساسەو بەرژە وە ندی زۆر لە زل هێزە کان دە خاتە خەتەرە وە، بەڵام لە هەمان کاتیش دا دەکرێ دیپلۆماسیەتی کورد ئەم بالانسانە بگۆرێ.

## حیزبەکان.

دیارە کاتێک باس لە حیزب دە کەین پێویستە بە باشی بڕوانینە وشەکە،واتە کاتێک حیزبێک دادە مەزرێ مانیفیستێکی هەیە بو ئەوی کۆمەڵانی خەڵک لە دە وری خۆی کۆ بکاتەوە،جا حیزبەکە عیلمانی بێ یان ئایینی. پاشان ئەمانە بەرژە وە ندیەکانی خۆیان و حیزبەکەیان دە خەنە پێش بەرژە وە ندی گەلەکەیان، ئەمە واقعیە تێکە کە حاشا هەڵنەگرە و مێژووی حیزبەکانیش ئەمەیان سەلماندوە.

لە نێوحیزبە کوردستانیەکان دا چە پەکان و ئیسلامیەکان زە ربەیەکی زۆریان لە کۆمەڵگاکەمان داوە، وە ئەگەر باش بڕوانینە ئەم دوو ئیدۆلۆژیە،هەردووکیان ئاکامەکەیان دەبێتە تۆتالیتارو سەرە ڕۆیی و مە جال بە کۆماڵگایەکی مۆدێڕن نادەن،چونکە بەرژە وە ندیەکانیان دەکەوێتە خەتەرەوە.

ناسیۆنالیزم و دیمۆکراتیەتیش، کە لە سەر واقعیەت و هەستی نەتەوەیی بەهێز نیە، لە راستیدا ئەویش بە نۆبەی خۆی زە ربەی لە گەلەکەمان داوە، چونکە لە ڕاستی دا ئەویش کۆپی کراوە و هەڵ قوڵاوی کۆمەڵگا نیە.

## کۆمەڵگا.

پێویستە بە کورتی ئیشارەیەک بە کۆمەڵگای خۆمان بکەین، کۆمەڵگای کوردیش وەکو هەموو کۆمەڵگاکانی تری جیهان خاوەن زمان و، فەرهەنگ و کەلتورو، خاکی خۆیەتی، بەڵام لە باری هەڵکەوتی ژێۆپۆلیتیکی سیاسییەوە جیاوازیەکی زۆری هەیە لە گەڵ گەلانی تری ناوچەکەو جیهان.

لە سەرەتای مێژووی پەیدابوونی کورد هەتا ئیستا خاوەنی زۆرترین دوژمنە لە ناو هەموو گەلانی تردا، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتنی لە ناچەیەک کە بە خوێنیش کۆتایی بە زۆرە ملێیەکان نایە. دیارە ئەوەش باسێکی دورودرێژ هەڵ دەگرێ کە لێرە دا مەجالی ئەو باسە نیە.

کۆمەڵگای ئێمە دابەش بووە بە سەر چەند توێژێکی جیاوازدا، وەک ئایینی زەردەشتی، یهودی، یەزیدی، موسوڵمان،

مەسیحی و هتد.... لە نێو ئەمانەدا ئیسلام گەورە ترین زەربەی لە کورد داوە.

**یەکەم:** بە هۆی ئەوەی کە ئیسلامیین، وڵاتانی ئوروپایی و ئامریکا زۆر تە مایلی پشتیوانی دروست کردنی دەوڵەتی کوردی نین، ئەگەر چی جارجار باس لە کێشەي کورد دەکەن، بەڵام ئەوان بەدوای بەرژەوەندی خۆیاندا وێلن.

**دووهەم:** وڵاتانی دەوروبەری خۆشمان بە دوو شێوە دەمان چەوسێننەوە، یەکەم پێیان وایە ئەگەر ئێمە ببین بە دەوڵەت ئەوە دەبینە ئیسرائیلی دووهەم و بەرژەوندی ئەوان دەکەوێتە خەتەرەوە، چونکە بالانسی دیپلۆماسیی ناوچەکەش دەگۆردرێ، دوهەمیش ئەوانە هەم بەناوی کافر دەمان کوژن و هەم بە ناوی ئێسلامەوە، واتە ئێمە لە هەر دوو دینەکە بووین بەڵام بۆ خۆمان دەست هەڵناگرین.

## کۆتایی.

هەمووی ئەم هۆکارانە دە گەرێتەوە بۆ نە بوونی یەکریزی و ناتەبایی لە ناو خۆمان دا،کە هۆکاری ئەسڵیش دە گەرێتەوە بۆ سەر حیزبەکان،کە بەڵایەکیان بە سەر کۆمەڵگاکەمان دا هێناوە کە یەکریزی و تەبایی و یەک گوتاری سیاسی بۆتە قەیرانی ناو کۆمەڵگا کەمان و چارە سەر کردنی پشووی لێ بریوین.

راستە کە دە ڵێن پلۆرالیزمی سیاسی و لیبرالیزم دە بیتە هۆی فرە چەشنی و رێکوپێکی لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن دا، بەڵام حیزبایەتی هەمووی ئە و دە سکەوتانەی کردۆتە قوربانیی بەرژە وە ندیەکانی خۆی.

***سکتاریسمی حیزبی. بۆتە بەربەریسم بەسەر کۆمەڵگای کوردە واری دا.***

***بەشی دووهەم..***

لە بەشی یەکەمدا باسمان کرد کە چۆنو بەچ شێوەیەک حیزبەکان هەوڵی مانوپۆلێرە کردنی کۆمەڵگایان داوە بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی خۆیان.

بەڵام بەو حاڵەش ئێمە نامانهەوێ،کە خەبات و بەرخۆدانی حیزبەکان بە گشتی بخەینە ژێر پرسیار، کە بۆچی هیچ دەسکەوتێکی نەتەوە ییان نەبووە بێجگە لە دەسکەوتی حیزبی. دیارە هۆکار زۆرن بەڵام ئیشارە بەوە دەکەین کە لەنێو حیزبەکان داکەسانی دڵسۆزو فیداکار هەبووە و هەیە، لەگەڵ ئەوە شدا رێبەری هەلپەرەست وکورسی خۆشەویست هەر گیز نەیانهێشتووە کە رێفورم وئاڵوگۆری جیدی بگاتە ئاستێک کە بەرپرسایەتی ئەوان بکەوێتە خەتەرەو، بەداخەوە ئەوە بۆتە بەشێک لەسوننەتی حیزبی لە کۆمەڵگای ئێمەدا.

کورد کە ئەورۆ گەورەترین نەتەوەی بێکیانی سەرگۆی زەوییە، یەکێک لە کۆنترین نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی نزیکو ناوەڕاستە. سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناخی مێژوو. بەڵگە زانستییەکان پێشان دەدەن کە کوردستانیش مێژینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کانگەی کەونارایەکی هەرە کۆنو دێرین، بەڵام بۆچی هەتا ئێستاش نەبۆتە وڵات وڵامەکەی لەلای رێبەرو سەرۆک حیزبەکانە.

## شۆرش

شۆرش گۆڕانێکی قوڵی بنەڕەتی و بونیاتنەرانەیە، کە سوڕانێکی گەورەو بنچینەیی لە ژیانی کۆمەڵگادا پێک دێنێ.

شۆڕش لە زانستی کۆمەڵناسی دا بریتییە لە ناو بردنی رژێمێکی دیکتاتورو سەرەرۆ، دانانی حکوومەتێکی دێمۆکراتو پێشکەوتوانە لە جێگایدا، واتە لە ناوبردنی واقیعێکی کۆنو پەککەوتوو دانانی واقیعێکی تازەو بەکەڵک لە جێگایدا.

## بەرژەوەندی

بەرژە وە ندی بۆتە گەورە ترین کۆسپی سەر رێگای پێشکەوتنی کۆمەڵگای ئێمە، کاتێک باسی حیزبەکان دەکەین یان بەمێژووی حیزبەکان دا دەچینەوە دەبینین کە تاکەکان دەستیان لەنێو هەناوی حیزبەکە ناوەو بەهیچ شێوەیەک دە ست بەرداری نابن، کاتێک دەستبەرداری بەرژەوەندییەکانیان دەبن، کە دڵێک دەکەن بە دوو دڵ، بنەماڵە تێک دەدەن،کۆمەڵگاو مێژوو شەهیدو هتد... دابەش دەکەن بەسەر دەسەڵاتو رقو کینەی خۆیاندا، کە هەرگیز کۆتایی بەم دووبەرەکیو عەقڵیەتە نادێموکراتییانە نایەو لەئاکامدا کۆمەڵگا هەنگاوێک زیاتر بۆ دواوە دەگەڕێتەوە.

## بەرژەوەندیی نەتەوەیی.

## گلەیی ئەحمەدی خانی لە هۆزەکانی کورد

ئەحمەدی خانی کە بە باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی دادەنرێ، یەکەم شاعیرە کە گلەیی لە سەرۆک هۆزەکانی کورد دەکا کە یەکناگرنو پشت بە نەیارانیان دەبەستن، دەنا دوژمنانی کورد غولامێتیان بۆ کورد دەکرد و دەڵێت:

گەر دێ هەبوا مەئیتیفاقەک
ڤێگرا بکرا مە ئینقیادەک
روم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیا ژ مە تا دکر غولامی
تەکمیل دکر مە دین و دەولەت
تەحلیل دکر مە عیلم و حیکمەت

ئەم گلەییەی ئەحمەدی خانی لە نەتەوەی خۆی دەیکا، ئەوەیە کە زۆر باش لە دەروونناسیی و سیاسەتی گەلەکەی تێگەیشتووە.
لە کۆتایی دا پێم باشبوو کە ئیشارە بە چەند وشەیەک بکەم کە هەم لە سەرەتای وتارە کەم دا هێناومەو هەمیش چەند ووشەیەک کە کاریگەریان لە سەر ئێمە هەبووە لە شۆڕش دا.

## سکتاریسم: Sekterisme

سکتاریسم واتە تەحەموول نەکردنی بەرانبەرە کەت، بەکار هێنانی توندوتیژی، بەکار هێنانی وشەی ناحەز و بیرکردنەوەیەکی دواکەوتوانە کە چاویان بە پێشکەوتنو مۆدێرنیتە هەڵنایە.

سکتاریسم لە مانای سیاسی دا جۆرە ئوپۆرتونیسمێکی چەپڕەوانەیە کە لە ناو ڕاپەڕینی کرێکارانەدا سیاسەتێکە

کە دەبێ بە هۆی دوورەپەرێز کردنی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان لە کۆمەڵانی خەڵک.

سکتاریستەکان لەئاستی جیهاندا شێوازی پەیوەندی و ڕاپەڕینی جەماوەریانەی سێ هێزی گەورەی دژی ئیمپریالیزمیان ناوێ وەکو، وڵاتە ناسۆسیالیستیەکان، ڕاپەڕینی ئازادیخوازانەی گەلی، ئازادی بەیانو هتد...

### بەربەریسم Barbarisme

دڕنادیەتی،حاڵەتی ژیانی سەرەتایی،کۆمەڵگای سەرەتاییو ئەو هۆزو تیرەو خێڵانەی دوورن لەشارستانیەتی .

### ئابسلۆتیسم Absolutisme

ئابسلۆتیسم مەبەست لە حکوومەتێکی تەواولە تەواوو سەرۆکایەتی یەک تاکە کەسە بەسەر کۆمەڵ دا، لەو حاڵەتەدا دەسەڵاتی سەرۆکی حکوومەت بێسنوور دەبێ.

### ئوپتیمیسم Optimisme

بڕوا کردنە بەخۆشبینیو نیاز چاکی، ئەم زاراوەیە بەزۆری بەشێکە لەو زاراوانەی کە پەیوەندییان بە نیازی سیاسییەوە هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕیکەوتی: ٨ی ئەپریی ٢٠١٠

# کورتەیەک لە سەروڵاتی برازیل

برازیل گەورەترین وڵاتەکانی ئامریکای باشووره لە ڕووی دانیشتوان وڕووبەرەوە، و تەنها وڵاتی ئەمریکای باشووره کە بە (زمانی پورتوگالی) قسە دەکرێت.

بە پێنجەمین وڵات دادەنرێت لە ڕووی ڕووبەرەوە لە سەر ئاستی جیهان. بە بەرهەمهێنانی قاوە و شەکر ومەشرۆبات و سۆیا و کانزا بەناوبانگە. لە باکوورەوە سنووری لەگەڵ گویانا و سۆرینام و گویانای فەڕەنسی و ڤەنزویلا دا هەیە، لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ کۆلۆمبیا و پیرۆ، لە باشوورەوە لەگەڵ بۆلیڤیا و پاراگوای و ئارژانتین و ئوروگوای. لە ڕۆژهەڵاتەوە کەناری ئاتلانتی. برازیل وڵاتێکی ئابووربەهێزە بە جۆرێک کە بە پلەی دەیەم دێت لە لیستی وڵاتانی جیهاندا بەپێی داهاتی ساڵانە. هێڵی ئیستیوا بە ناویا دەچێ و بەشێکی زۆری ڕووباری ئەمازۆنی تیادا تێدەپەڕێ لەبەر ئەمەش زەوییەکەی پڕە لە دارستانی ئیستوایی و ناوچەی کشتوکاڵی تێدایە .

## ناوی برازیل لە چیەوە هاتووە.

دوای توێژینەوەیەک کە پرۆفیسۆر ئەدێلینۆ ئەزفادۆر کردویەتی گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ووشەی (برازیل) لە زمانی کێلت کێلتییەوە هاتووە و لەوەیشە لە سەرچاوەیەکی فینیکییەوە وەرگیرابێ. ولەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی برازیلدا بە ناوی دار (باو برازیل) ئەم ناوە ناسراوە و بەسراوەتەوە بە دارە کە بە واتای '''داری برازیل''' کە جۆرە دارە کە لە برازیل گەشە دەکات و بەلای ڕەنگی سووردا دەچێت کە هەنارده دەکرا بۆ ئەوروپا بۆ دروستکردنی بۆیە بەکاردەهات.

و لە ساڵی ١٩٦٧ لە سەردەمی دەسەڵاتداری سوپا ناوەکە گۆڕدرا بۆ کۆماری برازیلی فیدراڵ و تاکو ئەمڕۆش هەر ئەو ناوە بەکاردەهێنرێت.

## شوێن

بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەمریکای باشوور پێک دێنێت. و پێنجەمین وڵاتی جیهانە لە ڕووی ڕووبەرەوە، و نزیکەی نیوەی وڵاتەکە پێک دێنێت، و سنووری لەگەڵ هەموو وڵاتەکانی ئەمریکای باشووردا هەیە جگە لە شیلی وئیکوادۆر .

## گەشت وگوزار

لە ساڵی ٢٠٠٥ نزیکەی ٥ ملیۆن گەشتیار سەردانی برازیلیان کردووە، داهاتی گەشتکاریی ساڵانە 4 ملیار دۆلاری ئەمریکییە بۆ وڵاتی برازیل، و ڕیزبەندی ویلایەتەکانی برازیل بە پێی زۆری گەشتیارەکان کە ڕووی تێ دەکەن بەم جۆرەیە: ڕیۆ دی جانیرۆ ٣٤,٧%، سنتاکاتارینا ٢٥,١%، بارانا ٢٠,٣%، ساوپاولۆ ١٦%، پاهایا ١٥,٥ .%

## وەرزش.

تۆپی پێ گرینگترین وەرزشە لە برازیل. هەڵبژاردە ی تۆپی پێی برازیل بە یەکێک لە باشترین هەڵبژاردەکانی جیهان دادەنرێ و پاڵەوانی پێنج جامی جیهانییە. چەند وەرزشێکی تریش هەن کە گرینگییەکی تایبەتییان پێ دراوە لە برازیل وەکو باسکە ، بالە، تۆپی پێی ناوهۆڵ و وەرزشی دیکە...

هەروەها برازیل پێشوازی لە چەند بۆنەیەکی وەرزشی کردووە: لە ساڵی ١٩٥٠ جامی جیهانی لە برازیل ئەنجام درا، واش بڕیاڕەجامی جیهانی ٢٠١٤ هەر لەوێ ئەنجام بدرێت.

**پێتەخت. برازیلیا**

**زمانی رەسمی. پورتەقاڵی**

**شێوەی دەسەڵات داری. کۆمارییە**

**ئایین. زۆرێنە کاتۆلێکن، ئاینەکانی تریش تێدایە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕیکەوتی: ٧ی ئەپریلی ٢٠١٠

# هومانیزم. یان مرۆڤگەرایی

هومانیزم یان مرۆڤگەرایی کە من بە(مرۆڤایەتییەت)م مانا کردۆتەوە، لە وشەی ئیتالیایی ئومانیستا و لاتینی (هومانۆس)ەوە هاتووە. کە شێوە بۆچوونێکە لە مەڕ ژیان - جا ڕووحانی یان فەرهەنگیی کۆمەڵایەتی - و لە دەرەوەی ئەو شێوە بۆچوونە هەڵسەنگاندنێک کە بە پێی بایەخی تایبەتمەندیەکانی مرۆڤ وەک ڕادەی خوێندەواری، هەروەها لە سەر پەیوەندییەکانی گشتی نێوان مرۆڤایەتی بێ. هومانیزم تەنانەت دەتوانێ دەگەڵ ئەو کەرەسە ئاکادێمیانەی وەک ئەو کەرەسانە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان دەگەڵ مرۆڤایەتی هەیە ئاوێتەبکرێ .
بە وێچوویەکی دەگەڵ هەموو ئەو (ئیزم ( انەی دیکە وشەکە خاوەن ناوەڕۆکێکی نەناسراو ونادیارە. وشەکە لە ساڵی ١٨٠٨ دا لە لایەن (فرێدریک ئیمانۆئێل نیەتهامێر) ەوە هاتۆتە سەرزمانان، بەڵام بە شێوەی دیکە تەنانەت لە سەردەمی ڕومی عەتیق یشەوە لە سەرزمانان بووە. ڕەوتەکە وادیارە لە ماوەی سەردەمی ڕێنسانس یشەوە بووبێ. بە پێی سەرەتی(ئیمتیازی) چینایەتی (یاکوب بورکهاردیتس ) دە کتێبی (کولتور دێر ئین ئیتالییەن) لە ساڵی ١٨٦٠ دا هومانیزم بەلایەنی تێگەیشتوویی ڕێنسانس دادەنێ. وەک نەریت هومانیزم سێ بەشە: هومانیزمی ڕاستەقینە، هومانیزمی نوێ، هومانیزمی مۆدێرن. شێوە دابەشکردنێکی دیکەشە جیاوازی نێوان دوو بەشی سێکولار و مەزهەبی هومانیزم دیاری دەکا. هومانیزمی سێکولار شێوە بۆچوونەکانی مەزهەب و مێتافیزیک لە مەڕ واقێعیەتەکان وەلادەنێ دەحاڵێکدا بەشی مەزهەبی هومانیزم ئەو کردەوانەی کە لەسەرووی سروشتن دەسەلمێنێ و باوەڕمەند بە ئاسەوار و شوێنەواریان لە سەر دونیای واقیعە.

## بنچینەکانی هومانیزم.

وشەی هومانیزم لە لاتینی (هومانۆس، هومانیتاس) وە دێ. وشەیەکی هاوتای ئەو وشەیە دە زمانی یونانی دا نییە. بۆ هەوەڵین جار هومانیتاس سەرچاوەکانی لە سەردەمی (ستۆئیسیسم ) و دەور وبەری ئەو سپاسالارەی ڕومی بە نێوی(سێسیپیۆ) بووە. (ستۆئیسیسم ) لە بنەڕەتەوە هەڵقوڵاوی ئەو بیرۆکەیە، و لە سەر ئەو باوەڕەیە کە مرۆڤەکان هەموو دەخولقاندا وەک یەکن و لەسەر وەیکە بەگشتی هەموو مرۆڤەکان خاوەن یەک بایەخن پڕۆپاگەندەکانی خۆیان بڵاو دەکردەوە. ئەو بۆچوونەش لە ئەو بنەمایە دامەزراوە، کە تەنیا ڕوانگەی ئەخلاقی کە

نەزمی دونیای ڕاگرتووە دەپەیوەندی دەگەڵ ویژدانی مرۆڤ دایە. ئەگەر چی ئەو بۆچوونانە دە ئەدەبیاتی کۆنتریش دا هەر بوون. بە پێی مێژووی بۆچوونێک سەرچاوەی هومانیزم دەگەڕێتەوە سەر(ئاگۆستینۆس ٣٥٤ - ٤٣٠) کە بوو بە هۆی بەرزنرخاندنی مرۆڤ، شەڕ و کوشتاریش کەوتنە بەر لۆمەی بیر وڕای گشتی وەک کارەساتێک کە ئازار و ئێشی بۆ مرۆڤایەتی لەدووە .تەنانەت ئەو تێئوریە ونووسەرەکەشی(توماس ئاو ئاکوینیو) نەخشێکی بەرچاویان لە سەر ڕوانگەی دونیایدا هەبوو. دەو کتێبەدا توماس لە هێندێک کێشەدا دژایەتی دەگەڵ کەسایەتییەکانی سەر بە کلیسا بۆ نموونە یەکێکی وەک (گریگۆریۆس) ی مەزن لە سەر ڕوانگەی (ڕەوتی ژیان) و (ژیانی بەمشوور) و ئەو تایبەتمەندییانەی کە بەرهەمی سیستیمێکی بەمیرات کردنێتی دەکا، توماس، کەلک وەرگرتن لە هێندێک کەسایەتی لێهاتوو دە ژیانێکی بیرمەندانە وژیانی خۆبە خوداوە خەریککردن دا،تەنانەت ئەگەر لە لایەن بیرمەندانیشەوە بەڕێوە بچێ لە خودی ڕووداوەکە بەگرینگتردەزانێ. هەرچەند لە هێندێک هەلومەرجدا توماس گرینگی ڕەوتی سروشتیی ژیان دەسەلمێنێ و تەنانەت لە ژیانی بیرمەندانەش لە پێشتر دەزانێ. لە ماوەی ڕێکەوتنامەی(فێرارا - فلۆرێنس ١٤٤٥ - ١٤٣٨) ئەژمارێکی زۆر لە کەسایەتییەکانی سەربە کلیسا تێکەڵاوییان دەگەڵ ئەدەبیاتی یونانی دا پەیدا کرد کە خۆی بوو بە دەستپێکی خوازیارانە بۆ شارەستانییەتی عەتیق و ئیفلاتونیزم، دەهەڵسەنگاندنی فەلسەفە مەزهەبیەکەی سەدەی ناوەڕاستی ئەرەستوویزم، کە بە زەقی بەو تێئوریەوە دیاربوو. بە گشتی لە سەر ئەو باوەڕەن، کە تەڕکی هومانیزم دە سەردەمی بیزانس دایە. هێندیکیش پێیانوایە کە مانیفێستی ڕێنسانس لە لایەن ئیتالیاییەکەوە بە ناوی(گیووانی پیکۆدێلا میراندۆلا) وە نووسراوە و هومانیزم وەک بەشێک یان بەرهەمی جێی شانازیی ئەو ڕێکەوتنامەیە کە لە(فلۆرێنس) دەرچوو، چون فلۆرێنس بە کانگای سەرەتایی ئەو چەمکە دەزاندرێ.

## هومانیزمی نوێ.

ئەو سنوورەی کە دەبێ لە نێوان هومانیزمی ڕێنسانس و هومانیزمی نوێ دابنرێ ،بەتەواوی دیاری نەکراوە. هومانیزمی نوێ جاری وا هەیە تێکەڵاوی لەگەڵ هونەر و ئارشیتیکت کە گێرۆدەی وشەناسی و باستانناسی و کەونارایی یە بووە، ئەگەرچی درێژەی هومانیزمی پێشووشە. کەسایەتی بەرچاوی ئەو بوارە (یوهان یوواکیم وینکلمان ١٧١٧ - ١٧٦٨) کە لە سەفەری ئیتالیادا بۆ هەڵکۆڵینی هەرێمی(پامپێجی)، دوو کەونارناسی بە ناوبانگ واتە (لێئۆپۆڵد وون ڕانچە ١٧٩٥ - ١٨٨٦) و (کارڵ لاکمان ١٧٩٣ - ١٨٥١) دەگەڵ خۆی بردن. هومانیزمی نوێ ئاتەئیست ( لامەزهەب ) نییە،بەڵکوو بەو واتایەیە کە دەوڵەت وەک هەمیشە بە پێی بنەمایەکی دینی پێناسە

دەکرێ. بەڵام جیا دیارە نەک وەک پێکهاتەیەکی خودایی بەڵکوو ئەوە مافە سروشتیەکانن کە ئەو بەرپرسیارەتیەیان خستۆتە ئەستۆی. هاوبەشی دەگەڵ جیهانبینی ڕێنسانس ئەوەیە کە مرۆڤ بە گشتی وەک ناوەندی ڕەوتەکە و تاک وەک سەرچاوەی واقیعیەتەکە سەیر دەکرێن. ئیندیویدوئالیسم (تاکگەرایی) وەک بەرهەمی ئەو بۆچوونە تەنانەت هێندێک لە دیسیپلینە ئاکادیمییەکانیش لەوانە پەروەردەکردن و دەروونناسی، زمانناسی، کە دە پێشوودا بەشێک بوون لە حەوت هونەری ئازادی (گراماتیک، ڕیتوریک، دیالێکتیک، موزیک، ئاریتماتیک، ژئۆمێتری، ئاسترۆنۆمی) واتە (ڕێزمان، هونەری ئاخافتن، وتووێژ، موسیقا، ئەژمێر، ئەندازیاری، ئەستێرەناسی ) سەیر دەکران. سەرەڕای ئەوەی کە دە تاکگەرایی هومانیزم دا مرۆڤ بە دڵنیاییەوە بەشێکە لەو، بەڵام هەر سەربەخۆیە و دەوڵەتیش لەخزمەت تاک دایە .

## هومانیزمی مۆدێرن.

بە واتای فەلسەفی، هومانیزم ئەخلاقێکی شیاوە کە لەسەر بنەمای مرۆڤ وەک ناوەند دە پەیوەندی دەگەڵ ژیان و کۆمەڵگا دا. ئەویش ماوەتەوە سەر ڕادەی مەزهەبی بوون و ڕوانگەی مرۆڤ لە ڕاست هومانیزم کە ڕەنگبێ هەڵوێستی جیاوازی لێبکەوێتەوە .هێڵی هاوبەشی هەمووی ئەوانە باوەڕ بە مافەکانی مرۆڤایەتی و ئەخلاقی جەماوەرییە. هەر وەها هومانیزم خۆی بەشێکە لە قانوونی سروشت. ئەگەرهەر ئەوقانوونە سروشتییە هەر پێویستیش نەبێ. (توربیۆڕن تەنخوێ) هومانیستێکی جێی ڕێزی سۆئێدی دەڵێ:. هومانیزم وەک قانوونە هەڵوێست لە ڕاستی دەتوانێ شەخسی یان تایبەتی بێ وهیچ پێویستیش ناکا کە مرۆڤ ئەندامی ڕێکخراوێکي تایبەت بێ.

کەڵک لە ویکیپیداش وەرگیراوە،

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕیکەوتی: ١٧ی مارچی ٢٠١٠

# ئیسرائیل - کورد

**ئیسرائیلیەکان دەڵێن دەوڵەتی کوردی تەنیا کلیلی سەقامگیری ئاشتیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**ئیسرائیل - کورد: بە کورتی خۆت بە خوێنەرانی ئێمە بناسیەنە؟**

**ئۆدد میرلاند:** من ناوم ئۆدد میرلاند-ە. من لە ستاوانگەر دەژیم. هەروەها وەک مامۆستا کار دەکەم. بۆ ماوەی تەقریبەن ۳۰ ساڵە بەوردی لەسەر کێشەی ئیسرائیل و هەروەها لە سەر شی کردنەوەی ئم کێشەیە بۆ خەلکی خۆم ئیش دەکەم. من (جوولەکە) نیم،من مەسیحیم.بەڵام مەسیحیەت زۆر وەک یەهوودیەت دەچێ.هەروەها ئیسرائیل شایانی پشتگیری کردنە لەبەر ئەوەی کە وڵاتێکی دێموکراتە و وڵاتێکی دادپەروەرە و کاریگەری پوزیتیڤی لە سەر زانست و پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی لە سەرتاسەری دنیا دا هەیە.

**ئیسرائیل - کورد: ئایا تا ئیستا ناوی کوردستان بیستوە،ئەگەر بەڵی،چۆن بۆمان باس بکە؟**

**ئۆدد میرلاند:** ئەمن سالانیکی زۆرە لەگەڵ کێشەی کوردو خەباتی ئەو گەلە ئاشنام و عەلاقەم پێی هەیە. من هەمیشە بە کەم ڕەنگدانەو و کەم دەنگدانەوەی کێشەی کورد لە ناو میدیای نۆروژدا بۆمن گرنگ بوو. من دەزانم هێندێک لە کوردەکان هیوای دەوڵەتێکی کوردی دەخوازن بەتایبەت لەو شوێنانەی کە کوردی لێ هەیە، هەم لە تورکیە ئێراق و ئێران وسوریا، من هەروەها دەزانم کە کوردەکان لە باکووری-عێراق نیوە دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەیە. دیدگاکانی من لە سەر ئەو مەسائیلانە (ئەمن لە ئیسرائیلیەکانم وەرگرتووە) دەتوانرێ لە ناو ئەو دوو بابەتانەێ خوارەوە پەیدا بکردرێ. ئیسرائیلیەکان بروایان وایە کە کورد دەبێ دە وڵەتی سەر بەخۆیان هەبێ،دەنا ئاشتی لەوناوچیە سەقامگیر نابێت، ئەوان بەوردی چاوەدێری مەسەلەی کورد دەکەن و لە کانالی جۆراوجۆردا هاوکارو دوستایەتی خۆیان بەردەوامە.واتە رۆانگەی ئیسرائیلیەکان (وڵاتی کوردەکان بدەنەوە) بەوردی لەم ئادرسەی خۆارە وە دا لەسەر کورد نوسراوە.

***ئیسرائیل - کورد: کوردو ئیسرائیل دووژمنیان زۆرە، بۆ نمونە ئێران بۆچوونی ئێوە چییە؟***

***ئۆدد میرلاند:*** **هەموو کەمایەتییە نەتەوەییەکان و کامایەتییە دینییەکان لە دنیایی عەرەبدا کەم تا کوورت چەوساونەتەوە. لانیکەم بۆ ماوەی کاتیش بوویت.ئەو نموویە لە ئێرانیش هەیە. هەربۆیەش هاوکاری لە مابەینی کەمایەتیەکان دا شتێکی چاوەڕوان کراوە. ئەو شێوەیە بۆ ئیسرائیل شتێکی ئاسان نییە ئەوەش لەبەر ئەوەی کە ئیسرائیل سنووری لەگەڵ کوردستان نییە بەڵام لە هەر حالەتصکدا ئەو هاوکارییە لە مابەینی دۆستانی ئیسرائیل و کوردەکانی دانیشتووی ڕۆژئاوا دا ئاسانترە.**

***ئیسرائیل - کورد: رەوەشی لۆبی ئیسرائیل لە نورویژ چۆنە، لەگەڵ ئەوەدا جوولەکەکان مێژوویەکی دۆرو درێژیان هەیە لە پاش شەری دووهەمی جیهانی؟***

***ئۆدد میرلاند:*** **دۆستەکانی ئیسرائیل لە نۆروژ بەوشێوییەی کە پیویستە زۆر چالاک نین لە ئاستی کار کردەندا و کاریگەری دانان لە سەر سیاسەتەکانی نۆروژ، هەروەها مێدیای نۆروژ. جوولەکە لێرە زۆرلە دەربرینی بیر و بڕوای خۆیان دەترسن. ئەوان لە دەورەیەکی دیکەی چاوەدصری و گوشاری سیاسی لە سەر ئەوان لە ناوخۆی نۆروژ دا دەترسن.**

***ئیسرائیل - کورد: دوو موشکێلەی نەتەویی گەورەمان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا هەیە، کورد و ئیسرائیل، زۆر لە وڵاتانی ناوچەکەش دان بەو دوو گەلە دا نانین،أای ئێوە چییە؟***

***ئۆدد میرلاند:*** **ئەو ریکخراوەی لەگەڵ ئیسرائیل بۆ ئاشتی کە من تێیدا هەڵسوورینەرم کاری کەم کردوە لە ئاستی دانیشتن لە گەڵ ستوور تینگەت( پەرلەمانی نۆروژ)، دەوڵەت و ناوەندەکانی دیکەی دەسەڵات دارانی نۆروژ. بەڵام هێندێکیان کەم تا کورت بابەتەکانی ئێمە دەخوێننەوە لەسەر سایتی www.miff.no یەهودیەکان سەدها ساڵ لە دیاسپۆرا و بێ وڵاتی دا ژیاوەن، نە عەرەبەکان و نە ئەوروپایەکان ویستوویانە دان بە مافی وان دابنێن. بەڵام ئەوان لە ١٩٤٨دا هەل بۆ دامەزراندنی دەولەتی ئیسرائیل هاتە گۆڕێ ئەوەش زیاتر بە هۆی کارەساتی هۆلۆکۆستەوە کە شەش میلیون جوولەکە گیانیان لە دەست دا، بیروڕای دنیا لەسەر کێشەی جوولەکەکان نەرمتر بوو. ئەوە یەهودیەکان بوون کە دەوڵەتی ئیسرائیلیان دامەزراند سەرەڕای ئەوەی کە رێکخراوە نێو دەولەتەکان**

پشتیوانیشی لێ کردن. لەو کاتەوە تا ئێستا یەهودیەکان بۆخۆیان خەباتیان بۆ سەربەستی خۆیان کردووە. بەڵام دەوڵەتە بچکۆلانەکەیان ئیعتیباری پەیدا کرد.سەرەڕای ئەوەی کە ئیسرائیل توانی لە شەری جۆراوجۆر دا دیفاع لە خۆی بکات وڵاتەکە لە بواری ئاوەدانی دا بیست و هەوتەمینە لە ناو لیستی نێو دەوڵەتەکان. ئیسرائیلیەکان لە زۆربەی خەڵکی وڵاتانی دیکە باشتر دەژین.ئەمن هیوادارم کە کوردەکانیش ڕۆژێک ئازادی خۆیان بەدەست بێنن و دەوڵەتەکی دێموکرات دابمەزرێنن.

***ئیسرائیل - کورد: کورد ئارەزوی ئەویە کە ولاتێکی سەربەخۆی هەبێ، تۆ ڕات چییە؟***

***ئۆدد میرلاند:*** چاو لە جوابی سوئالی دوو بکە. ئەمن پێم وایە خەڵکەک کەلە جیرانەکەنی زۆر جێاوازترە وە زۆر زۆر چەوساوەتەوە دەبێ دەولەتێکیان هەبێ کە بتوانن تی دا ئازاد بن.

***ئیسرائیل - کورد: هەموو وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوە راست دوژمنایەتی پەیوەندی نێوان کوردو ئێسرائێل دەکەن بۆ چی؟ ئێمە ئێستا لە باشوری کوردستان کەسانێک مان هەیە کار دەکەن بۆ دوستایەتی نێوان کورد و ئێسرائێل، بەڵام لە لایەن ئیسلامیەکانەوە هەرەشەیان لێ دەکرێت، تۆ ڕات لەو بارەوە چییە؟***

***ئۆدد میرلاند:*** کاتێک عەرەبەکان دان بە مافی یەهودیەکان و کوردەکان دانانێن پەس ناشیانهەوێ ئەو دوو میلەتە پێکەوە هاوکاریان هەبێ. ئەوە گرینگە کە کەمایەتیەکان دەبێ پشتی یەکتر بگرن.

***ئیسرائیل - کورد: بە بروای تۆ ئەو کەسانی کە لە کوردستان هەوڵی دوستایەتی کوردو ئێسرائێل دە دە ن، چۆن دە توانن پەیوە ندیکانیان لە گەڵ لۆبی ئێسرائێل لە نوروێژ بە هێزبکەن؟***

***ئۆدد میرلاند:*** ئەمن نازانم هاوکاری ئێمە کە کار بۆ مەسەلەی ئیسرائیل دەکەین لەگەڵ ئەوانە کە کار بۆ کورد دەکە دەبێ چەدە نیزیک بێت. فاکتەرێکی بەزەهمەت نێوانی بەینی تورکیە و ئیسرائیلە. ئیسرائیل گەرەکێتی دۆستایەتی خۆی لەگەڵ تورکیە کە موهیمترین وڵاتی موسڵمانە لەناوچە بپارێزێ. ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئیسرائیل زۆر جاران نەیتوانیوە پشتیوانی تەواوی خۆی بۆ کوردەکا دەر ببرێ. بەڵام من هیوادارم خاڵی هاوبەش وردە وردە بەرینتر و زیاتر بێ.

***ئیسرائیل - کورد: ئەگەر قسەیەکت هەیە لە کۆتایدا بفەرمون،یان ئەگەر ڕێنوێنیکی تایبەتیت هەیە؟***

***ئۆدد میرلاند:* ئەوە زۆر باشە کە کوردەکی زۆر دەیانهەوێ ئیسرائیل وەک نموونە بۆ پێشرەوتی خۆیان لە داهاتو دا بەکار بێنن. ئیسرائیل پێکهاتووە لە یەهودی وڵاتانی جۆراوجۆر. زۆر لە وان لە ژێر فشار و تئزیب دەبوون لەو وڵاتانەی کە پێشتر تێدا ژیا بوون. بەڵام ئەوان توانیان دەوڵەتێکی بەتوانا لا ئیسرائیل درووست بکەن. ئەگەر هەموو جیرانەکانی ئیسرائیل بتوانن لە جیات دژمنایەتی هاوکاری هەلبژێرن ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ئاشتی و پێشکەوتنی زیاتر بەخۆوە دەبینێ. هیوادارم کوردەکان کۆنتاکت و هاوکاری زیاتر لە مابەینی ئیسرائیل و جیرانەکانی دا ساز کەن.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕیکەوتی: ٩ی فیبریویری ٢٠١٠**

---

## ***کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژێ.کاف)***

**کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد یان بە کورتی کومەڵەی( ژک ف)،یەکەم ڕێکخراوی بەهێزی سیاسیی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە لە ساڵی ١٩٤٢ لە ناوچەی موکریان وپاشان لە مەهاباد پێک هات و لە ساڵی ١٩٤٥ بە دامەزرانی حیزبێکی نوێ کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.**

### بەکورتی مێژووی ناوچەکە.

**لە ماوەی شەری یەکەمی جیهانی دا کوردستان بوو بە مەیدانی شەڕ لە نێوان لەشکرەکانی بەشدار لەم شەڕە، بەتایبەتی لەشکری عوسمانی و لەشکری روسی. دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرجار تووشی تاڵان و کوشتاری لەشکرەکانی عوسمانی و روسی بوون. پاش ئەو شەڕە، وڵاتێکی وێرانکراو، خەڵکێکی دەربەدەر، ماندوو و هەژار کە تووشی قاتی وقری و نەخۆشی ببوون لە قەیرانێکی زۆر خراپی ئابوری سیاسی دا دە ژیان.**

## دیکتاتوریی ڕەزاخان

لە ساڵی ١٩٢١ی زایینی پاش کودتایەکی نیزامی کە بە هاوکاری بریتانیا هاتە دی، ڕەزاخان هاتە سەرکار و ساڵی ١٩٢٣ لە تاران خۆی بە شا و دامەزرێنەری سلسلەی پەهلەوی ناساند. هەر لە سەرە تاوە هەوڵی تواندنەوە ولە بەین بردنی هەموو ئەو شۆرش و بزووتنەوانەی دا کە دەبوونە هۆی لەم پەرێک لە سەر ڕێگای؛ وەک بزوتنەوە ی سمکۆ، ڕاپەڕینی جافر سوڵتان و حەمە ڕەشید خانی بانە. ڕووکاری ئاوەڵای سیاسی لە تەواوی وڵاتی ئێراندا کاتی بەسەرچوو. دەسەڵاتی ناوەندی ئێران لە تاران هێزی گرت و هەناسەی هەموانی بڕی. لە سەردەمی دیکتاتۆریی بیست ساڵەی ڕەزاشادا زۆرداریی نەتەوەیی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. شۆوینیزمی فارس بوو بە سیاسەتی فەرمی ڕێژیمی پەهلەوی و گەلانی غەیرە فارسی ئێران خرانە ژێر توندوتیژترین ستەمی نەتەوەیی.

بۆ لە نێوبردنی شوێنەواری نەتەوەیی و مێژوو و فەرهەنگی ئەم گەلانە پلانێکی داڕێژراو و درێژخایەن بەڕێوە دەچوو کە مەبەستی تواندنەوەی گەلانی غەیری فارس بوو. دەستتێوەردانی مێژووی کۆن و نوێ، گۆڕینی ناوی شار و گوندەکان، قەدەغە کردنی ڕێوڕەسمە نەتەوەییەکان و لەبەرکردنی جلی نەتەوەیی.

هەموو بۆ ئەوەی نیشان بدرێ،کە لە ئێراندا تاقە نەتەوەیەک هەیە، ئەویش فارسە. بەڵام هەستی کوردایەتی لە کوردستان و لە دڵی هەموو کوردێکدا ئەوەندە بەهێز بوو کە سیاسەتی ڕەزاشا بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد وەک هی مستەفا کەماڵ لە تورکیا بە تەواوی پووچەڵ بوو. بەرامبەر بەو هەموو زوڵم و زۆرە لە هێندێک ناوچەی کوردستان، ئێران ڕاپەڕینی عەشیرەتەکان سازبوو. وەک ڕاپەڕینی مەحموودخانی کانیسانان لە ناوچەی مەریوان، عەشیرەتی مەنگوڕ لە دەوروبەری مەهاباد، ڕاپەڕینی عەشیرەتەکانی جەلالی کە هەموویان دڕندانە سەرکوت کران.

## ناکامی شەڕ

کە شەڕی دووهەمی جیهانی دەستی پێکرد، ڕەزاشا لایەنگیری خۆی بۆ ئاڵمانی نازی ڕاگەیاند. بۆیە کاتێ شەر کەوتە نێوان یەکیەتی سۆڤیەت و ئەڵمانیا، وڵاتانی هاوپەیمان، ئێرانیان داگیرکرد؛ وەک هاوپەیمانی ئاڵمانیا و هەم بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئێرانەوە یارمەتی بگەیێننە سۆڤییەت. بریتانیا لە باشوور و ئەرتەشی سووری سۆڤیەت لە

باکوورەوە، خاکی ئێرانیان داگیر کرد. ڕەزاشا لە ئاستی ئەواندا نەیتوانی بچووکترین جووڵە بکات و دیکتاتۆرییەکەی ڕووخا و پاش ٢٠ساڵ ئێران ڕووی ئازادی و دیموکراتی بە خۆیەوە دی و حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان بووژانەوە.

## هەل و مەرجی دامەزران

هێزەکانی داگیرکەر لە باشوورەوە تاکوو ئیلام و لە باکوور تا ورمێ هاتبوون. بەڵام ناوچەی موکریان و مەهاباد بە تایبەتی دوور بوو لەو دۆخە. لە لایەکی دیکەوە مەهاباد و ناوچەکانی دەور و پشتی مێژووی درێژیان هەبوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، هەربۆیە بار و دۆخەکە ڕێکەوت بۆ ئەوەی یەکەم ڕێکخراوی بەهێزی سیاسیی کوردی بە ناوی کومەڵەی ژیانەوەی کورد یان بە کورتی کومەڵەی ژ-ک ف پێک بێ. دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە یازدە کەس بوون(دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ-ک ئەم یازدە کەسە بوون: حوسەینی فرووهەر، عەبدولڕەحمان زەبیحی عەبدولڕەحمان ئیمامی، عەبدولقادر مودەریسی، نەجمەدین تەوحیدی، محەممەد نانەوازادە، عەلی مەحموودی، محەممەد ئەسحابی، عەبدولڕەحمان کیانی، سدیق حەیدەری، قاسم قادری.) کە لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ ی ١٩٤٢ لە مەهاباد کۆبوونەوە و کۆمەڵەی ژ-ک ف، یان پێکهێنا کە ئامانجەکەی ڕزگاری نەتەوەی کورد بوو.

کۆمەڵە ڕیخراوێکی نهێنی بوو و هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوە کورد انی باشوور تێیدا بەشدار بوون و نوێنەرانی ئەوان «میرحاج ئەحمەد» لە لایەن حیزبی هیوا وە لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمەڵەی ژ-ک ئامادە بووە.

لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٩٤٣ دا، کۆبوونەوەیەک وەک کۆنگرەی کۆمەڵە پێکهات. لەم کۆنگرەیەدا کە لە شاخی خودا پەرەست بە ئەنجام گەیشت، نزیکەی سەد کەس بەشداربوون؛ بڕیار درا کە کۆمەڵە بیروڕای خۆی لە گۆڤارێکدا بڵاو کاتەوە. لەبەر ئەوەی کۆمەڵە ئەگەرچی ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی و نیشتمانپەروەر بوو و دەبوا لەگەل توێژەکانی خەڵکی بێت، بەڵام لەبەر نهێنی بوونی، کەمتر بەوە دەگەی. ئەوە بوو کە دەست کرا بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری نیشتمان. لە ماوەی چەند ساڵدا، بە بڵاو بوونەوەی بیر و ڕاکانی کۆمەڵە لە ناو چین و توێژەکانی جەماوەری خەڵکی کوردستان، هیوا بە داهاتوو هێزی گرت. زانیاریی سەبارەت بە بار و دۆخ پێشکەوت و ژ-ک تا ڕادەیەک بوو بە هێزێکی سیاسی.

بەڵام گۆڕانکارییەکان یەکجار زۆر بوون. دنیا گۆڕدرابوو، هەروا کوردستان . شۆڕشی گەلانی دونیا دژ بە فاشیزم و دیکتاتۆری پەرەی سەندبوو. وڵاتی ئێران ئەزموونی گۆڕانی بەسەر دەهات و لە لایەکی دیکەوە لەو بار و دۆخە گرینگەدا کۆمەڵە نەیدەتوانی چالاکییەکان بە ڕێکوپێکی بەرەو پێش بەرێ. پێویستی بە ڕێکخراوێ نوێ، یەکگرتوو، خاوەن پیلان بوو بۆ بەرەو پێش ڕۆشتن. بەڕێوبەرانی کۆمەڵە لەوە ئاگادار بوون، بۆیە هەوڵێکی نوێیان دا بۆ بنیاتنانی حیزبێک. لە ڕێکەوتی ٢٥ی گەلاوێژ ی ساڵی١٩٤٥ لە شاری مەهاباد دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاگەیێندرا. ئەگەرچی ئەو حیزبە نوێیە لە ئەزموونەکانی کۆمەڵە سوودی وەر دەگرت، بەڵام لە پیلان و چالاکییەکانیاندا بە تەواوی جیاواز بوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕیکەوتی: ٤ی جانێوێری ٢٠١٠

---

## پۆست مۆدێرنیزم.

ئەو باسانەی پۆست مۆدێرنیستەکان تایبەت بە مەسەلەی باری بیرو کولتووری شارستانی ڕۆژئاوا دەخریتە بەر باس کە پەیوەندی زۆربەی ئەو باسانەش لە نێو نووسەران و بیرمەندانی پۆست مۆدیرنیست دا یاسایتری بۆ پرسیار خستنە ڕو هێناوەتە کایەوە و شێوە تری بۆ وڵام دانەوە داڕشتووە و، بەڵام لە دەرەوەی ناوەندی بیری پۆست مۆدیرنیزم ولە نێو نەیارانی دا، شێوەکانی بیرکردنەوەی پۆست مۆدێرنیزم لە ئاستیتردا باس لە دۆزی زانستی، ئابووری، سیاسی و کەلتووری ئەمڕۆماندا دەکرێ.

ئەوەی کە لەم چەند ڕستەیە داگرینگی پێدەدین ئەوەیە کە ناوەڕۆکی ناجۆری و ناکۆکی ئەو پرسیارانە دەردەخەین کە سەبارت بە دیاردەی بیری مۆدێرنیزم لە ئارادان، بە هۆی ئەو پرسیارانە شەوە تێدەگەین کە جاری مۆدێرنیزم بابەتی باسە و ئەمجارە مۆدێرنیزمیش لە بزاڤی هەمە جۆرو بێ هاوتا پێک هاتووە و پێوەندی زۆریشی بە شەپۆلە ڕوناکبیریی وتێوریە جۆراوجۆرەکانی سەردەمەوە هەیە.

ئەم پرسیارانە گەلێ ڕەهەندی ڕۆشنفکریی و مێتۆدی خۆی هەیە و گەلێ بیری جیاواز و زۆر فکری جۆراوجۆر کە

بەشدارییان لە خولقانی کردووە وئاستی بیر کردنەوەی نەیاران ودۆستانی بیری پۆست مۆدێرنیزمیش نیشان دە دا کە بە چ شیووە ێک تە ماشای بیرە جۆراو جۆرە کانی شارستانی ڕۆژئاوادەکەن.

ئایا پۆست مۆدیرنیزم بەشێکە لە پۆست مۆدێرنیتە، پۆست مۆدێرنیزم ئەوە نیە کە تۆ بیری لێدە کە یتەوە، پۆست مۆدێرنیزم وەک دێباتێ سەردەمیانە دەبێ لە دەرەوەی دێباتی سەردەمیانە تیۆرریزە بکرێ، گەڕان بە دووای بنچێنەی کەلتووری شەپۆلی بیری پۆست مۆدێرنیزمدا بەرە و کوێمان دەبات.

ئەگەر پۆست مۆدێرنیزم وتاری سەردەمییانە یە و دیاردە کۆمەڵایەتییە نوێکانی کومەڵگەی سەرمایەداری ئەمڕۆیی و هەنووکەییەکان ئەوە پۆست مۆدێرنیزم هەڵوێست گرتن نییە لە سەردیاردە کۆنکرێتەکانی جیهانی نوێ، بۆ نموونە، مناڵپارێزی،ژینگە، ئاشتی،ئافرەت-! یان ئایدۆلۆژی نیولیبرالی و نیوە کۆنسیرواتیفەکانی کومەڵگەی مولتی کولتووری سەردەمیانە ڕەفتار لە گەڵ ئەو دیاردە کۆنکرێتانە دا دەکەن.

زۆرجار ناسیۆنالیزم لە ولاتانی جیهانی سێ هەمدایان لە کۆمەڵگە لۆکالییەکان دا بە کار نابرێ بۆ چەوسانەوەی کەمینەکان، بەڵام ئایا ناسۆنالیزم لەم ولاتانەیان لەم کۆمەڵگایانادا خۆی وەک وتارێ نوێ دەردەخا، کۆمەڵگەی ئەمڕۆکە شوێنی بە بەها چۆلکردووە چ ئەرزشێکی بۆ ئاین داناوە.

## جۆرەکانی بیر کردنەوە.

لە نێو ڕوناکبیران و نووسەراندا ناتەبایەکی زۆر سەبارەت بە سەرهەلدانی دیاردەی پۆست مۆدێرنیزم لە ئارادا هەیە و هەر بۆیە هەولدەدەین شێوازێ بگریینە بەر کە تێدا بەشێ زۆر لەو ناکۆکیانە بەرچاوخین.

ئەمەش بەوە چارەسەر دەکەین کە سەرەتا پێداچونەوە یەک تەیبەت بەپێشگیری پۆست مۆدێرنیزم وەک شەپۆلێکی بیرکردنەوە کە لە ئارادان.

پێشگری پۆست مانایەکی زەمەنی هەیە و پێشتر لە ساڵی ١٩٣٩ کۆژیف لە خوێندنەوەکانی بۆ هێگل واتای پۆستی وەک پێشگری بۆ مێژوو واتە پۆست مێژوو بە کاربردوە و دواتر ساڵی ١٩٧٣ کۆمەلناسی ئەم ریکایی دانیال بێل بۆ

گوزارە کردن لە کۆمەڵگەی پاش پیشەسازی بە کاربردووە.

لە هەندێ سەرچاوەی تریشدا ئاماژە بەوە دەکرێ کە واتای پاش پیشەسازی لە ساڵی ١٩٦٨ ە وە بەکار بردنی لە دیباتە سۆسیۆلۆژیە کاندا ئامادە بووە و دواتر گرینگی لە بە هێزکردنی ئەو باسانەشدا دیووە کە لە لایەن پۆست مۆدێرنەکانەوە خراونەتە بەرباس.

ئەگەر بە جۆریکیتر بچینە نێو باسەکەوە ئەوا ئاماژە بەوە دەکەین کە پۆست مۆدێرنیزم، کە هەبوونی ڕوناکبیری و ئاکادیمی خۆی هەیە. یەکێکە لە بەرچاوترین بیرەکانی سەردەم، ئەم بیرە زۆر جار وەک دیاردەیەکی مۆد یان مۆدێرن چاوی لێ دەکریت، ئەم بیرە ئەگەر مۆدیش بێ بەڵام جۆرە پێویستێە کە لە پشت دروست بوونییەوە خۆی دیتوەتەوە.

## مۆدێرنیزم

مۆدێرنیزاسیۆن پرۆسەیەکی کۆنکرێتو گشت رەهەندییە کە بەشۆڕشی پیشەسازیی ژێرخانی (ئابوریی کۆمەڵایەتی) ئەوروپا هەڵدەتەکێنێو هەڵگیرساندنی بزاڤی رۆشنگەری سەرخانی (کولتووری سیاسی) تایبەت بەخۆی دەخولقێنێ. بەر لە سەرهەڵدانی پرۆسەی مۆدێرنیتە، هەموو دەوڵەتو دەسەڵاتەکانو وێنەو پێکهاتەی نەریتیو ئیمپراتۆرییان هەڵگرتبوو. پێکهاتەکان بریتی بوون لە: خێڵ، عەشیرە، دەسەڵاتی میریو دەوڵەتی ئەمپراتۆری کە لەهەموویاندا موناسباتی دەرەبەگایەتیو شوانکارەیی زاڵ بوو.. تایبەتمەندی سەرەکی پێکهاتە نەریتییەکان، دەسەڵاتی تاکدەنگیو زاڵبوونی گوتارو کولتوری ئایینیو ئاسمانی بوو. بەوتەیەکی تر لەم پێکهاتانەدا، ئایین ناوەندو تەوەرە بوو، مرۆڤ و کۆمەڵ لەپەراوێزدا بوونو لەخزمەت هێزێکی خەیاڵیو ئاسمانیدا بوون.

دەسەڵاتی چەپێنراوو داخراوی پێکهاتە ئایینیەکان، رێزو حورمەتی مرۆڤەکانی پێشێل دەکردو هەموو تێکۆشانو تواناییەکانی مرۆڤی لەئاست خودای دەسکردی مرۆڤدا، لەخۆ نامۆدەکرد.

لەسەرەتاکانی پرۆسەی مۆدێرنیتەدا، دەسەڵاتی پاوانخوازو سەرەڕۆیی ئایینی ناچار بە ریفۆرم دەکرێ، پروتستانیزم رەوتێکی ئایینی تازەیە کە لەئاست لقەکانی تری ئایینی مەسیحدا، نەرمونیانترو ئینسانی ترە.

موناسباتی تازەی بورژوازی‌و دۆخی بازاڕو دانوستانی کاڵاکان‌و پەیوندی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان‌و ململانێی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان، زنجیرە فاکتێکن کە هەنگاو بەهەنگاو فەرهەنگ‌و سیاسەت سێکولاریزە دەکەن‌و لەئەنجامدا ئایین لەدەوڵەت جیادەکەنەوە. بەجیابوونەوەی دین لەدەوڵەت‌و دامەزرانی دەوڵەتی لاییک، بەشێنەیی‌و بەئارامی مافەکانی تاکو کۆمەڵ، دەستەبەردەکرێن‌و فەرهەنگی دوگم‌و پاوانخوازی نەریتی‌و دەسەڵاتی میلەتی باڵادەست تووشی کێشە دەبی‌و بەستێن بۆ فەرهەنگو نەتەوەکانی دیکە دەڕەخسێ‌و لەئەنجامی پرۆسەی خەباتو ململانێی قووڵی مێژوویی کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵێکی دیموکراتیکی فرەدەنگو فرەچەشن دروست دەبێت.

ئەڵبەت هەموو بەرئەنجامەکانی مۆدێرنیتە پۆزەتیڤ‌و ئەقڵانی‌و مرۆڤدۆستانە نین، بەڵکو لەدرێژەی ئەم پرۆسەیەدا چەندین دیاردەی چەوت‌و نگەتیڤ سەرهەڵدەدەن‌و پەرەدەگرن کە زەقترینیان ئەمانەن:

سەقامگیربوونی فەرهەنگو دەسەڵاتی پۆزەتیڤیزم، دیاردەی ئەقڵ ئامێری، لەخۆنامۆیی کۆمەڵایەتی، شت ئاسایی، جیاوازی چینایەتی، سەنعەت فەرهەنگ... کە هەرکام لەم فاکتانە پێویستیان بەشرۆڤەو شیکردنەوەیەکی قووڵ‌و هەمەلایەنە هەیە، بەجۆرێک کە بیرمەندان‌و کۆمەڵناسان بۆ چارەسەرکردنیان چەندین مێتۆدو شرۆڤەو رێگەچارەی جیاوازیان ئاڕاستە کردووە.

مارکس‌و نیچەو بیرمەندانی هاوچەرخی ئەوان وەک پرۆسەیەکی گشتگیری مێژویی مۆدێرنیتەیان ئەزموونکرد، ئەویش لەکاتێکا کە تەنیا بەشێکی بچووک لەجیهان مۆدێرن کرابۆوە. لەدوای سەدەیەک کاتێ ڕەوتی گەشەندەی مۆدێرنیزاسیۆن بەرایەلڕو تۆڕەکانی سەرتاسەری جیهانی تەنیوەتەوەو هەموو تاکو کۆمەڵەکانی دوورترین‌و پەرتترین شوێنی دنیای گرتۆتەوە، دەتوانین لەروانگەو مێتۆدی یەکەم مۆدێرنیستەکان زۆر شت فێربین، کە زیاتر پەیوەندییان بەچاخ‌و سەردەمی ئێمەوە هەیە. ئەگەر بتوانین خەون‌و ئینتماکانی ئەوان وێنابکەین‌و لەروانگەی ئەوانەوە سەیری دنیای خۆمان بکەین، دەبینین ژیانمان گەلێ قووڵتر لەخەونەکانمانە، ئەوەدەم پێوەندی کۆمەڵایەتی خۆمان لەگەڵ خەڵکانی هەموو جیهان هەست پێدەکەین، ئەو خەڵکانەی کە وەک ئێمە لەئاست کێشەکاندا لەخەبات‌و تێکۆشاندان، ئەو کێشەو قەیرانانەی کە بەرۆکی ئێمەشی گرتووە. بەمجۆرە روبەڕوی فەرهەنگێکی مۆدێرنیستی ئێجگار بگۆڕو دەوڵەمەند دەبینەوە کە لەناخی ئەم خەباتەوە هەڵدەقوڵێ. فەرهەنگێ کە خاوەن چەندین سەرچاوەی گەورەی هێزی رەسەن‌و ژیانبەخشەو ئەگەر لەگەڵی ئاشنابین‌و بە هی خۆمانی بزانین بەرەو پێشکەوتنمان دەبات.

بەبیرهێنانـەوەی ئەودۆخـەی سـەرەوەو دۆخـی یەكـەم مۆدێرنیسـتەكان، بەوئاكامـە دەگـەین كـە پاشەكشـە دەتـوانێ دەرفەتی پێشڤەچوون هەموار بكات. لێرەدا بەبیرهێنانـەوەی روانگـەی مۆدێرنیسـتەكانی چـەرخی نۆزدەهـەم دەتـوانێ هێزی خولیاو دلێریمان پێببەخشێ، هەتا مۆدێرنیستەكانی چەرخی بیستویەكەم بخوڵقێنین. وەرگرتنی مۆدێرنیتەی پێشوو ئەتوانێ مۆدێرنیتەی ئەمرۆ بنرخێنیو بەستێنی فكری ژنانو پیاوانی مۆدێرنی داهاتوو ئاڕاستەبكات.

مـاركس لـەبەشـی یەكـەمی مانیفێسـتدا دوو جەمسـەر دیاریـدەكا، كـە فەرهـەنگی مۆدێرنیسـتی سـەدەی داهـاتوو ئاڕاستەدەكاو دەیخاتەگەڕ، لەجەمسەرێكدا دنیـای خەونو خولیـای بەرفراوانو شۆڕشـی بـەردەوامو گـۆڕانی بێپایـانو داهێنانی هەمیشەییو نوێكردنەوەی هەموو رەهەندەكان لەئارادایەو لەجەمسەریی دیكەدا دژبەری ئـەم رەوتـە، یـانی نهیلیزمو روخاندنی بەردەوامو داخلیسكانو كۆتایی ژیانو ترسو سامو شەوەزەنگ راوەستاوە. ماركس پیشان ئـەدات، كـە چـۆن زەختـی هێزەكـانو ئـابووری بـورژوازی تـانی ئـەم دوو جەمسـەرە لەرایـەلڕو پـۆی ژیـانی هـەموو مرۆڤێكی مۆدێرندا دەتەنێ.

هاوكات لەگەڵ رەوتی مێژوودا مۆێرنیستەكان چەندین خەونو دیمەنی گەردوونی ئاخر زەمانیان خولقاند، چەنـدین دیمەن لەگەشترین شادمانیو رەشترین ناهۆمێدی. زۆرێك لەهونەرمەندانی داهێنەر هاوكات شەیدای ئەم دوو هەستە ناكۆكە بوونو لەپرۆسەیەكی بێپایاندا لەم جەمسەرەوە بۆ ئەو جەمسەرەكە تارانو خلیسكان. هەڵسوڕانی سروشتی ئەوان، هەستو سۆزی دەروونێكی بەرهەم دەهێنایەوە كە بورژوازی مۆدێرنی وەگەڕدەخستو ژیانی پێدەبەخشی.

ماركس دەمانخاتە نـاخی ئـەم پرۆسـەیەوە، بـەجۆرێك كـە بۆخۆمـان هەسـت بـەهێزێكی ژیانبـەخش دەكـەین كـە ژێـی گیانمان دەلەرزێنێو لەهەمانحاڵدا تـا و لـەرزێكی قـورس بەسـەر رۆحمانـدا زاڵ دەبێـت، كـە هـەموو سـاتێ دەتـوانێ لەنێومان ببات، دواتر ماركس بەیارمەتی هێزو زمانو ئەندێشەی خۆیتێدەكۆشێ هانمان بـدات هـەتا روانگـەی ئـەو قەبووڵ بكەینو لەگەڵی كەوین هەتا پێشكەوینو بەدوندی سەركەوتن بگەین.

شاگردانی ئەفسونگەر، ئەندامانی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ، دەبـوو هێزەكـانی بەرهـەمهێنان كـۆنترۆڵ بكـەنو لـەدەست بورژوازی فاوستی دەری بێنن. ئەگەر ئەم كارە بەئەنجام بگـات، هێـزە كۆمەڵایەتییـەكان دەبنـە سـەرچاوەو هـەوێنی جـوانیو شـادمانیو ئـاوەدانیو بەختـەوەری هـەمووان مسـۆگەردەكەنو مێـژووی تراژیكـی مۆدێرنیتـە كۆتـایی دێـت.

مانیفێست بەهۆی هێزی خولیایی‌و ڕۆشنکردنەوەی چەندین دەرفەتی سامناکو پرشنگدار کە لەسەر ڕێی ژیانی مۆدێرندایە، بەرهەمێکی بەرجەستەیە، مانیفێست سەرەڕای ناوەرۆکەکەی، یەکەم بەرهەمی هونەری مۆدێرنیستییە.

بەڵام ئەگەر تەنانەت مانیفێست وەکو بەرهەمێکی مۆدێرنیستی ستایش بکەین، دەبێ لەبیرمان بێ کە ئەم بەرهەمە نەتەنیا ڕاستییەکان‌و خاڵە بەهێزەکان، بەڵکو کێشەکان‌و زەختە دەروونیەکانیش ڕۆشن دەکاتەوە.

ئەگەر ئێمە خۆمان بدەینە دەست شەپۆلەکانی دیالکتیکی مارکسەوە، وا هەست دەکەین کە چەندین ڕەوتی نەناسراوە نائارامی‌و نادڵنیایی ئێمە بەرەو خۆیان رادەکێشن، ئێمە لەنێوان زنجیرە کێشەیەکداو لەمابەین مەبەستەکان‌و قوڵبوونەوەکانی مارکسدا گرفتار دەبین، یانی لەنێوان ئەوەی دەیبینێ‌و ئەوەی دەیخوازێ.

بۆ وێنە سەیری تیوری ئەزمەکانی مارکس بکەن: "ئەزمەکان بەردەوام سەرهەڵئەدەنەوەو تێکڕای کۆمەڵی بورژوازی جار لەدوای جار زیاتر دەکەوێتە بەر شکو گومانەوە." لەژێر زەختی ئەم قەیرانە بەردەوامانەدا "نە تەنیا بەشی بەرینی بەرهەمەکان، بەڵکو هێزەکانی بەرهەمهێنانی داهاتوو بەکرچو کاڵی کاول دەکرێن." وادیارە ماکس پێی وایە ئەم ئەزمانە بەشێوەی گەشندە بورژوازی ئیفلیج دەکەن‌و لەئەنجامدا ئەم دەزگایە لەنێودەبەن. بەڵام سەرەڕای ئەمانە دەرکو شرۆڤەکانی مارکس لەسەر کۆمەڵی بۆرژوازی پیشاندەدات کە چۆن ئەم دەزگایە ئەتوانێت بەئاسانی بەسەر کارەساتو ئەزمەکاندا زاڵ بێت: "لەلایەکەوە بەکاولکردنی بەرین‌و بێئەژماری هێزەکانی بەرهەمهێنان‌و لەلایەکی ترەوە بەکردنەوەی چەندین بازاڕی تازەو دەستەمۆکردنی بازاڕە کۆنەکان، بورژوازی بەسەر قەیرانەکاندا زاڵ دەبێت." ئەزمەکان دەتوانن ئەو خەڵکو کۆمپانیایانەی کە لەئاست پێوەرەکانی بازاڕدا ناکارامەن نابووت بکەن.

هەروەها دەتوانن چەندین فەزای تازەو شیاو بۆ سەرمایەدانان‌و ئاڵوگۆڕی تازەتر فەراهەم بکەن. هەروەها دەتوانن بورژواکان فێری داهێنان‌و تازەگەری بکەن‌و دەسەڵاتیان بەرینتر بکەنەوە، هەتا سانترالێزمێکی قایمترو پتەوتر لەپێشوو دابمەزرێنن. بەم پێیە ئەزمەکان دەتوانن چەندین سەرچاوەی چاوەڕوان نەکراوی بەهێزکردن‌و تەیارکردنی سەرمایە بن.. مارکس دەڵێت: "ئەم ڕەوتانە ڕێگە بۆ چەندین قەیرانی بەرینترو کاولکەرتر هەموار دەکەن." بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی تواناکان‌و کارامەیی بورژوازی بۆ قازانج بردن لەبشێوەو کاولکاری، ئەگەری ئەوە هەیە کە قەیرانەکان هەتاهەتایی بن‌و خەڵکو بنەماڵەو دامودەزگاو گوندو شارەکان کاول بکەن‌و سەرەڕای ئەمەش پێکهاتەی ژیان‌و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی بورژوازی هەروا ساغو شەقڵنەشکاو بمێنێتەوە.

لەقۆناغێکی دواتردا، دەبێ لەسەر خەونو ئینتیماو شرۆڤەکانی مارکس توێژینەوە بکەین، سەیر ئەوەیە کە خودی بورژوازی بناغەکانی ئەم کۆمەڵە بونیاد دەنێ: "گەشەی پیشەسازی کە بونیادنەری ناوشیاری ئەو بورژوازییە، لەجیاتی تەریکخستنەوەی کرێکاران، بەهاوکاریو هاوپشتی، یەکیەتی ئەوان فەراهەم دەکات." یەکە گەورەکانی بەرهەمهێنان کە بەشێکی جیانەکراوەی پیشەسازی مۆدێرنن، بەشێکی بەرین لەکرێکاران کۆدەکەنەوەو لێکیان دەبەستنەوە هەتا پێکەوە هاوکاری بکەن.. بەم پێیە کرێکاران فێردەبن کە بەشێوەی کۆییو هاوبەش بەرنامە دابرێژنو تێبکۆشن. بەری مارکس کۆتوبەندی کۆیی کرێکاران کە شێوەی بەرهەمهێنانی بۆرژوازی لەوپەڕی ناوشیاریدا دروستی کردووە. داموودەزگایسیاسی خەباتو تێکۆشان دروست دەکات. ڕێکخراوەو سەندیکاکان کە لەئاست چوارچێوەی تایبەتیو ئەتۆمیزەی موناسباتی کۆمەڵایەتی بۆرژوازیدا ئاخێز دەکەن، سەرئەنجام ئەم دەزگایە سەرنگوون دەکەن!

بەڵام ئەگەر ئەم ئینتماو شرۆڤە گشتییە لەمەڕ مۆدێرنیتە دروست بێت، بۆچی دەبێت ئەو پێکهاتە کوییە کە پیشەسازی بۆرژوازی پێکیدێنێ، لەدەسکردو بەرهەمەکانی دیکەی بۆرژوازی سەقامگیرتر بێت؟ ئایا نابێ ئەم پێکهاتەیەش وەکو هەموو دیاردەکانی تری ئەم کۆمەڵە بڕگەییو کاتی بێت؟ بۆ لەناوچوون دروستکرابێت؟ مارکس لەساڵی ١٨٥٦ دا کرێکارانی پیشەسازی بەگروپێکی تازەڕسکاو لەقەڵەمدا "کە وەکو دەزگا تازەکان بەرهەمی سەردەمی مۆدێرنن." ئەگەر وابێت هاوپشتی، هەرچەندە لەسەردەمێکی تایبەتدا پتەوبێت، لەئەنجامدا وەکو دەزگاو ئامێرەکانی کار، یان وەکو بەرهەمەکانی کار لەرزۆکو ناسەقامگیردەبێت.

ڕەنگە ئەمڕۆ کرێکارانی بەشی بەرهەمهێنان بەمانگرتن هاوکاری یەکتر بکەن، بەڵام سبەی ڕۆژ بەنێو کۆمەڵانی جیاواز و دۆخێکی جیاوازو بەشوێنێکی جیاوازدا پرژوبڵاودەبنو چەندین نیازو داخوازیو ئینتمای جیاواز لەنێویاندا سەرهەڵئەدا. بەڵام وادیارە دیسان پێکهاتەی تاکڕەهەندی بۆرژوازی سەقامگیر دەمێنێو لەکاتێکدا لایەنی ئینسانی ئەم پێکهاتەیە لەنێو گەرداوی چەندین شەپۆلی بەردەوامدا نوقم دەبێت، ئەی بۆچی ئەو کۆتو بەندە قورسو ئینسانییە لەوەها دۆخێکی سستو لەرزۆکدا گەشەدەکاو پتەودەبێت؟ تەنانەت ئەگەر کرێکاران بزاڤێکی کۆمۆنیستی سەرکەوتوو ڕێکبخەنو ئەگەر ئەم بزاڤەش لەشۆڕشدا سەرکەوێت، ئەو کرێکارانە چۆن دەتوانن لەنێوان شەپۆلی خرۆشانی ژیانی مۆدێرندا کۆمەڵێکی کۆمۆنیستی سەقامگیر دروست بکەن؟

چ شتێ بەر بەو هێزانە دەگرێت کە سەرمایەداری دەکەنە دووکەڵو دەیفەوتێنن، چ مەرجێک هەیە کە هەر ئەو

هێزانه کۆمەڵی کۆمۆنیستیش نەکەنە دووکەلڕو نەیفەوتێنن؟ ئەگەر هەموو موناسباتی تازە بەر لەسەقامگرتن لەنێوبچن، چۆن دەکرێ دۆستیو هاوپشتیو هاوکاری دوولایەنە درێژەی ببێ؟ ڕەنگە حکومەتی کۆمۆنیستی بیەوێت بەسازکردنی لەمپەر پێش بەلافاو بگرێت، یان پێش بەتێکۆشانو داهێنانی ئابووریو هەڵسووڕاوی سیاسی فەرهەنگیو تاکی بگرێت، تەنانەت ئەگەر وەها سیاسەتێک سەربکەوێت، ئایا ئامانجی مارکسیستی گەشەو گۆڕانو ئازادی تاکو کۆمەڵ خەیانەتی پێنەکراوە؟ مارکس چاوی لەداهاتوو بڕیبوو، کۆمۆنیزمی لەچەسپاندنی مۆدێرنیتەدا دەبینی. بەڵام کۆمۆنیزم کاتێ دەتوانێ لەجیهانی مۆدێرندا شانازی بەخۆیەوە بکات کە هێزو توانا مۆدێرنەکان سەرکوت نەکات، ئەو هێزانەی کە بەڵێنی ئازادییانی دابوو. لەلایەکی ترەوە ئەگەر ئەو هێزانە ئازادبکات، ڕەنگە شەپۆلانی خۆرسکی هێزی جەماوەر لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی نوێ سەرڕێژبکاو لەپێکهاتەیەکی تازەتردا بگیرسێتەوە.

بۆ چەسپاندنی ئەو ئامانجانەی کە مارکس پێی وابوو لەداهاتوویەکی نزیکدا دەستەبەردەکرێن، دەبێ سەردەمێکی هەرەدرێژ لەچاوەڕوانیدا بین، یان ئەگەر سەردەمێک ئەو ئامانجانە بچەسپێن، ڕەنگە تەنیا ماوەیەکی کورت درێژەبکێشنو ئەوجار لەچاوتروکانێکدا لەنێوبچن، یان بەرلەوەی سەقامگیربن، بەبادابچن، یانی شەپۆلانی بەردەوامی گەشەو گۆڕان بەخێرایی بیانسڕێتەوە..

ئەگەر کۆمۆنیزم بیەوێت دەسەڵاتی خۆی سەرقامگیر بکات، دەبێ هێزە هەڵسووڕاو گۆڕانکاریی خوڵقێنەکان سەرکوت بکات، یانی بەو خەونو هۆمێدانەی کە ئەویان بەدیاری هێناوە خەیانەت بکات. زۆر جێگەی سەرسووڕمانە! وەک دەبینین دیالکتیکی مۆدێرنیتەی مارکس، تووشی هەمان چارەنووسی کۆمەڵی بورژوازی دەبێت، چونکە چەندین خەونو نیازو تێکۆشانی تازەو جیاواز دەخولقێنێ کە پێکهاتەی نوێ دەکاتە دوکەلڕو دەیفەوتێنێ( )".

لە چاخی مۆدێرندا سەرەڕای موناسباتی نێوان چینەکانو کێشەی شۆڕشو قەیرانەکان، دوو چەمکی ئەخلاقو ناسنامەش گرنگی زۆریان پێئەدرێ.

"جان ستیوارت میل لەبەرهەمی بەناوبانگی (قازانجگەرایی)دا دەنووسێ:

قازانجگەرایی پێی وایە کرداری مرۆڤ تا جێگایەک شیاوە، کە لەپێناو زیادکردنی خۆشیدا بێت، خۆشی ئامانجی

ئەخلاقی هەمووانە، قازانجگەرایی سەرچاوەی هەموو پرسە سەرەکییەکانی ئەخلاقەو دەبێ بەشێوەی بەرین لەبەرچاوبگیردرێ. راجر کریسپ دەنوسێ: قازانج، سەرەڕای گرنگی بەرینی، ماناکەی روون نیە، باشتر وایە لەجیاتی قازانج چەمکی ئاسایش (Welfare) دابنێن.

کەوابوو یاسای ئەوپەڕی قازانج، کاتێ بەوپەڕی ئاسایش لەقەڵەم بدرێت ئامانجی ستوارت میل دەپێکێ.. میل لەدرێژەی بەرهەمەکەیدا دەنووسێ: کۆمەڵ هەرچی زیاتر گەشەبکاتو نیازو پێداویستییەکانی مرۆڤ دابین بکات، تاکەکان زیاتر هەست بەهاوپشتیو بەرژەوەندی هاوبەش دەکەن. بەوتەیەکی تر بەرنامەی مۆدێرنیتە دابینکردنی ئاسایشو شادمانیو کامەرانی هەموانە.

نیچە رەخنەگری سەرسەختی مۆدێرنیتە ئەم گوتارەی میلی خستە بەر رەخنەو توانجەوە، ئەو لەسەرەتای کتێبی (تەبارناسی ئەخلاق) دا تێکۆشانی "هەندێ لەدەروونناسانی ئینگلیزی" کە دەیانەوێت، چاکە لەقازانجو ئاسایش دەرباوێژن، رەتکردەوە، تەنیا کەسێک کە خۆی لەئاسایشدا دەژی، وەها بۆچونێکی لەسەر ئەخلاقو چاکە هەیە..

ئەمڕۆ خاوەنشکۆ ئینگلیزییەکان لەبیریان کردووە، کە دوو جۆر ئەخلاقمان هەیە، ئەخلاقی کۆیلەکانو ئەخلاقی خودایان. بۆیە چەمکی چاکەو خراپە، چەندین مانای ناکۆک هەڵدەگرن، خودایان دەسەڵاتو رەسەنایەتیو سەربەخۆیی بەچاک دەزانن، کۆیلەکان هاودڵیو خۆڕاگری بەباش دەزانن، یانی هەر ئەو تایبەتمەندییانەی کە لەئایینی مەسیحدا ستایش کراون. کۆیلەکان دەزگای بایەخی خۆیان دەسازنو مەسیحییەکان قازانج خوازنو بیرمەندانی ئینگلیزیش بەوردی رێکی دەخەنو وەکو دەزگایەکی گشتگیر بەسەر دنیادا دەیسەپێنن. بەڵام ئەمڕۆ لەدەروونی هەموو مرۆڤێکی مۆدێرندا، شەڕو ناکۆکی دوو چەمکی چاکەو خراپە، هەروا بەردەوامەو لەسروشتی بەرزی ئینسانیدا ئەم کێشەیە درێژەی هەیەو ئیتر جێگایەک بۆ دەزگای ئەخلاقی رەهاو جیهانداگر نەماوە. نیچە لەدوایین بەشی کتێبی (سوپێرمان)دا دەنووسێ: "ئایا - جەماوەر- منی دەرک کردووە؟ ئەو شتەی کە من دەناسێنێو لەخەڵکانی تر جیام دەکاتەوە، ئەوەیە کە من دەمامکم لەروخساری ئەخلاقی مەسیحی لابردووە." ئەو بێدەنگیو بێهەڵوێستی لەئاست ئەخلاقی مەسیحیدا بەخەیانەت دەزانێو پێی وایە ئەم دەزگایە پڕە لەترس، درۆ، دووڕوویی، هەڵە، پەستیو زەبوونی. ئینتمای نیچە چیە؟ هەقیقەتێکی "سامناک". نرخاندنی سەرلەنوێی هەموو بەهاکان. بیرمەند دەبێ بەهادانانی یەکلایەنە، نزمو بێهوودە لابەرێو دەوری بنەڕەتی بگێڕێ، ئەو دەبێ بەهایەکی بەرزتر لەبەهاکانی ئەمڕۆ بخولقێنێ، دەبێ سوپەرمان بخولقێنێ( ).

"سوپەرمان کەسێکە کە لەترس و سام و پەستی و زەبوونی و پڕوپوچی بەدوورەو خۆی بەخودای سروشت دەزانێ، هەموو ئەو ژان و ئازار و چەرمەسەرییەی کە جەماوەری بێشەرمو ترسنۆک بەدرێژایی تەمەن دەیچێژن کەمترە لەچرکە ژانێکی سوپەرمان( )".

کێشەیەکی تر کە لەچاخی مۆدێرندا سەرهەڵئەدا چەمکی ناسنامەیە، "لەکۆمەڵی نەریتیداو لەچاخی پێشمۆدێرندا، کێشەیەک بەناوی ناسنامە لەئارادانەبوو. سروشتی مرۆڤ، وەکو بەرهەمی خوداوەند فاکتێکی قەتیس و نەگۆڕو سەقامگیر بوو.. مرۆڤ لەچاوی خوداوە دەبینراو ناسنامەی ئەو بەرهەمی دەزگایەکی زەبەلاحی متافیزیکی بوو، کە بەپێی بیروڕای ئایینی و ئەساتیری دیاری کرابوو، مرۆڤ لەدەزگایەکی هێماییدا جێی گرتبوو کە ئامانج و دەرفەتەکانی ژیانی ئاڕاستەدەکرد.

تاک وەک ئەندامێکی خێڵ و عەشیرە بوو کە لەدۆخێکی فەرهەنگی - کۆمەڵایەتی ڕۆشن و بەرجەستەدا، دەهاتەدنیاو بەدەگمەن دەیتوانی چارەنووسی حەتمی خۆی بگۆڕێ. لەکۆمەڵی پێش مۆدێرندا ناسنامە کێشە نەبوو، تاکەکان بەشێوەی رادیکاڵ ناسنامەی خۆیان نەدەگۆڕی و قەیرانی ناسنامە بێمانا بوو: "مرۆڤ یان راوچی بوو، یان ئەندامی هۆزێک بوو، هەر ئەمەو بەس." بەڵام لەچاخی مۆدێرندا وانیە، ئانتوونی گیدێنز لەکتێبی (بەرئەنجامەکانی مۆدێرنیتە)دا ئەوە دەردەخات کە لەکۆمەڵی نەریتیدا ناسنامەی مرۆڤ بەسادەترین شێوە دیاری کرابوو.. بەڵام مۆدێرنیتە گەلێ ئاڵوگۆڕی قووڵ و بەرینی پێکهێنا. مرۆڤی مۆدێرن لەوکاتەوەی بڕوای بەئەقڵ و ئەندێشەی خۆی کرد، ئیتر نەیدەتوانی ناسنامەی پێشووی قەبووڵ بکات، ئەم دیاردە هەموو مرۆڤە مۆدێرەکانی دەگرتەوە، کەسێ کە لەکۆمەڵی مۆدێرندا بژی، ئیتر ناتوانێ هەڵگری ناسنامەی نەریتی ژیان بێ، بەڵکو دەبێ ناسنامەیەکی تازەو مێژوویی بخولقێنێ.. لێرەدا هەر هەمان پرسی سەرەکی نیچە سەرهەڵئەدا: ئەم خولقاندنە بۆچیە؟ مۆدێرنیتە هەڵچوونێکی بێپایانە لەپچڕان و کەرت کەرت بوون، فۆرمێکی بێسەنتەرە کە بەشێوەی نارێکو مەزنەدە هەڵنەگر شوێنی خۆی دەگۆڕێ، فۆرمێک کە بناغەی نیە، پەیکەربەندی نیە، بەپێی یاسایەک یان هۆکارێک دروست نابێت، کەوابوو پێناسەی قەتیسی ناسنامەکان لە وەها دۆخێکدا دەتەقێتەوە. ناسنامەی تاکو ناسنامەی کۆمەڵ وەک پێکهاتەیەکی مانایی تۆکمەو خۆش قەوارە، گەشەناکات، کۆمەڵو تاک بێ فۆرمو بێ سەنتەرن و لەئاست هەموو ئاڵوگۆڕە ساتییەکاندا لەرزۆکن، ئەم فاکتە بگۆڕانە کە فۆرمو گەوهەریان نیە، بەرهەمی چەندین جیاوازی و چەندین دابەشبوونی فرەچەشنن کە لەسەر چەندین دۆخی روو لەگۆڕان و پێشبینی نەکراو راوەستاون.

لەدەروونی هەركەسێكدا چەندین ناسنامەی جیاواز پەرداخ دەكرێو لەگەڵ یەكتردا دەكەونە كێشەوە، هەركام ئەویدی تووشی كێشە دەكاو سەنتەری لێدەستێنێتەوە، ناكۆكییەكان نە تەنیا لەدەرەوەڕاو لەناخی كۆمەڵەوە، بەڵكو لەدەروونی هەركەسێكدا زەق دەبنەوەو بەگژ یەكتردا دەچنەوە. بەمهۆیە ناسنامەیەكی تاكو تایبەت ناتوانێ وەڵامی هەموو خواستو ئینتماو كرداری دەروونی كەسەكان بداتەوە. ناتوانین كەسێك بەهۆی دەربەستییەك "بۆ وێنە دەربەستیو پێگەی چینایەتی"یەوە بناسین یان بەپێی وەها فەرزێك خواستو ئینتماو كردارەكانی كەسێك پێشبینی بكەین. هیچ ناسنامەیەكی پەرداخ كراو ناتوانێ بۆ هەمیشە دەسەڵاتی هەبێت. بەرژەوەندی كۆمەڵایەتی تاكەكانو خەباتی ئەوان لەم پێناوەدا، بۆچوونی زەینی ئەوان لەسەر ئەم بەرژەوەندییە، بەئاسانی لەهەرێمی وشیاریو پراتیكی چینایەتیدا ناگونجێ. لەراستیدا وشیاریئەوان لەسەر بارودۆخو بەرژەوەندی خۆیان تەنیا بەچەمكی چینایەتی پێناسەناكرێت. ئەمڕۆ چەمكی ناسنامە لەپرسی سیاسیو چینایەتی جیابۆتەوەو رەنگە بكرێت لەهەندێ دۆخی خێراو لەناكاودا گۆڕانی بەسەردابێت، پێناسەی ناسنامە بەفاكتێكی دیارو قەتیسەوە نەبەستراوە، بەڵكو لەسەر چەندین فاكتی سركو بزێو راوەستاوە. ناسنامە لەچاخی مۆدێرندا وەك دیاردەیەكی ناسەقامگیر، فرەلایەنو ناڕۆشنو شەخسیو تایبەت ئاڕاستەدەكرێ. ئەڵبەت ناسنامە لەسەردەمی مۆدێرندا بەرلەوەی دیاردەیەكی تاكیو شەخسی بێت، كۆمەڵایەتییە. بەڵام ئەم تایبەتمەندییەش جیاوازییەكی گرنگی لەگەڵ ناسنامەی چاخی نەریتدا هەیە. ناسنامەی نوێ لەگەڵ دۆخی تازەو گەشەو سەرهەڵدانی موناسباتی تازە راوەستاوە، كە ئەوانیش هێندە سەقامگیر نین..

لەگەڵ سەرهەڵدانی مۆدێرنیتەدا، روانگەیەك لەمەڕ ناسنامەی مرۆڤ پەرەدەگرێت كە لەودا مرۆڤ وەك سووژەیەكی تۆكمەو یەكگرتوو چەقبەستوو ئاڕاستەكراوە، ئەم سووژەیە كە لەكۆتایی چەرخی نۆزدەهەمدا بەرۆشنی دەركەوت، ئەوەندەش تۆكمەو یەگرتوو نەبوو، ئەوەی بەناوی (قەیرانی ناسنامە)وە ناوبانگی دەركرد، هەتائێستاش لەزانستی كۆمەڵایەتیداو بەتایبەت لەدەروونناسیدا لەتەوەری باسەكاندایە، بەشێك لەرەوتی بەرینی ئاڵوگۆڕەكانە كە پێكهاتەی چەقبەستووی كۆمەڵی مۆدێرن دەگۆڕیو لەبەریەك دەیترازێنێ (كێشەی ناسنامەی میلەتانی بندەست) ئاڵوگۆڕی پێكهاتەیی كۆمەڵی مۆدێرن لەكۆتایی چەرخی بیستەمدا هەموو روانگە فەرهەنگی، چینایەتی، فرەچەشنی، رەگەزی، قەومیو نەتەوەییەكان، پچڕ پچڕ دەكاو دەسەڵاتی كولتووری ئەو چەمكانە لاواز دەكات.. ئێستا دۆخەكە گۆڕاوە، ئیتر ئێمە وەكو پێكهاتەیەكی تۆكمە سەیری خۆمان ناكەین، ئیتر بۆچوونێكی قەتیسو نەگۆڕمان لەسەر كەسێتی خۆمان نیە، وێناو ئینتما كۆنەكانمان بەجێدێڵین، ناسنامە تەنیا كاتێك بۆ ناسینو قووڵبوونەوە بەكاردەبرێت كە لەدۆخێكی بەئەزمەدا گیری كردبێت. ناسنامەی كۆمەڵایەتی دەبێ لەنێوان دەروونو

بێرووندراو لەنێوان دنیای تاکی‌و دنیای کۆمەڵایەتیدا پێوەندی دروست بکات.. پرۆسەی پەرداخکردنی ناسنامە، بەردەوام ئاڵۆزترو فرەچەشنترو پڕکێشەتر دەبێتەوە( )".

"لەدرێژەی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆندا دیاردەی جیهانگیری بەرایەلڕو پۆی ئەلکترۆنیکی سەرتاسەری گۆی زەوی تەنیوەتەوە، باهۆزی جیهانگیری چەندین دژکردەوەی بەرگری لەسەرتاسەری جیهاندا بەدیهێناوە کە زیاتر لەهەرێمی ناسنامەی نەتەوەیی‌و ولاتخوازیدا رێکدەخرێن..

لەنێو کۆمەڵی ئەوروپیدا دیاردەی فرەکولتووری‌و فرەقەومی هەروا پەرەدەگرێ‌و لەدیاردەی رەگەزپەرستی‌و بێگانەنەویستیدا خۆدەردەخات، جەماوەری ئەوروپی لەئاست دەوڵەتی یان نەتەوەیی‌و فرەفەرهەنگیدا لەسەر ناسنامەی تایبەتی خۆیان پێداگری دەکەن.. گەڕان بەدوای ناسنامەدا وەک مەرهەمێک لەئاست جیهانیبوونی ئابووری‌و بێبەشی سیاسیداو لەپلەیەکی نزمتردا لەبەرانبەر دەوڵەت - نەتەوەدا گەشەدەکاو هەڵسوڕانێکی تازەی بە شارو هەرێمەکانی ئەوروپا بەخشیوە( )".

ئەگەرچی زۆرێک لەبیرمەندان لەسەر سوژەی چینایەتی‌و نەتەوایەتی‌و ناسنامەخواز زۆر پێداگری دەکەن، هێربێرت مارکوزە لەکتێبی (مرۆڤی تاکرەهەندی)دا روانگەکانی مارکس‌و فرۆید تووشی کێشە دەکات، بەپێی ئەم روانگەیە نە هەر چینەکان‌و خەباتی کۆمەڵایەتی بەڵکو ململانێ‌و ناکۆکی فکریش بەهۆی سەرهەڵدانی (بەڕێوەبەری پاوانخواز)ەوە لەنێوچووە. جەماوەر نە هەستیان هەیە، نە نەست، (نە Id یان هەیە نەEgo ، رۆحو گیانیان لەهەڵسووڕان‌و تێکۆشانی دەروونی بێوەر بووەو ئیدی روانگەکان، نیازەکان‌و تەنانەت خەونەکانیشیان (هی خۆیان نیە) ژیانی دەروونی جەماوەر کە (بەشێوەی بەڕێوەبەری گشتگیرو پاوانخواز) ئیدارەئەکرێ، رێک بۆ بەرهەمهێنانی ئەو خەون‌و ئینتمایە رێکدەخرێ کە دەزگای کۆمەڵایەتی بانگەشەی دەکات، نە خەون‌و خولیایەکی دیکە. "خەڵک خۆیان لەکاڵاکانی خۆیاندا دەناسنەوە، ئەوان رۆحو گیانیان لەئۆتۆمبێلەکانیاندا، لەنێو ئاوازی ریکۆردەکاندا، لەخانووە شیک‌و مۆدێرنەکانداو لەئامێرو کەرەسەکانی مەتبەخدا ئەدۆزنەوە".

... مۆدێرنیتە بەرهەم‌و دەسکردی دەزگاکانی خۆیە، ژنان‌و پیاوانی مۆدێرنیش چەند نمونەیەکی دوبارە خوڵقاوی ئەون.. لە وەها دۆخێکدا کاتێ کە لاوانی خەباتکارو رادیکاڵی دەیەی ١٩٦٠ بۆ گۆڕانی دۆخی سەردەم تێدەکۆشان، هەتا وەها دۆخێک بۆ جەماوەر برەخسێنن کە کۆنترۆڵی ژیانی خۆیان بەدەستەوە بگرن، کولتووری تاکرەهەندی

رایگەیاند:

هیچ جۆرە گۆڕانێک ئیمکانی نیەو لەراستیدا ئەو جەماوەرە تەنانەت زیندوش نین. ئەم دۆخە سەرەتای دوو رێبازی جیاواز بوو: یەکەمیان دەیویست گروپێکی پێشەنگ بدۆزێتەوە کە باهۆزی مۆدێرنیتە داینەگرتبێو لەم کۆمەڵەدا نەتوابێتەوە: (توێژی بنەڕەتی بیانیانو پەراوێزخراوان، چەوساوەکانو بێبەشانی رەگەزە جیاوازەکان، بێکارانو ئەوانەی کە تەنانەت شیاوی کارگێڕی نین). ئەم گروپانە چ لەزیندانەکانی ئەمریکادا بنو چ لەجیهانی سێهەمدا بن ئەوەندە شایستەییان هەیە کە رۆڵی پێشەنگ بگێڕن، چونکە وایان دانابوو کە ئەمانە چێژی ماچی مەرگی مۆدێرنیتەیان نەچێژتووە، ئەڵبەت هەوڵەکانی ئەم رەوتە لەئەنجامدا قسر دەردەچێ، چونکە لەجیهانی هاوچەرخدا "هیچ کەس بەدەر لەجیهان" نیەو لەئەنجامدا لایەنگرانی ئەم رەوتە تووشی نائومێدیو پاسیفیسم دەبوون.

جگە لەمەش مارکوزەو لایەنگرانی پێیان وابوو لەجیاتی کارگێڕی نەریتی (چینی کرێکار) کە بەتەواوی تووشی "شت ئاسایی" هاتووە، گروپی روناکبیران، هونەرمەندانو خوێندکاران دەتوانن رۆڵی پێشەنگو شۆڕشگێڕانە بگێڕن( ).

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕیکەوتی: ١٥ی جانێوێری ٢٠١٠

---

## کورتە بۆچوونێک لەسەر بابەتی (زەردەشت وەک "سەرپەرشتی گرووپی راپ" بە لاوانی کوردستان دەناسێندرێ) لە نووسینی سامرەند

خوێنەرانی بەرێزو خۆشەویست، گەرچی ئەمن کەسێکی ئایینی و بە قەولی عەرەبان دەڵێن ئیماندارنیم، لە هەمانکاتیش دا رێزیشم بۆ هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە هەیەکە باوەری بە هەر ئایینێک بێت، ئەوە مافەو کەس ناتوانی لەکەسی بستێنێت.

کاک سامرەند لە بابەتێکدا خۆی لە ئایینی کوردی دەبوێری و بێ رێزی بە لاوانی تێگەیشتوو پێگەیشتوویی وڵاتی

خۆی دەکات و،باسی ئێسلامی عەرەبیمان بۆ دەکات و ئەو ئاینەی کە جگە لە ئازار و ئەزیەت چی ترمان لێ نەدیتوە.

پرسیاریکم لە کاک سامرەندی هەیە، ئایا لاوانی کورد خۆیان بەکاری هونەریو زانستی سەردەمەوە خەریک بکەن و فێری شتی نوێبن باشتر نیە لەوەی کە بەدوای ئاینی ئیسلام یان ئاینێک بکەون کە هیچ لەگەڵ بنەماکانیو ئاداب و رەسمی کوردی خۆمان نایەتەوە.

لاوان و گەنجەکانمان بەدوای عیلم و تێکنۆلۆژی نوێ سەردە م بکەون، یان بەدوای قسەی خەیاڵی و ئەفسانەی بەهەشتە پڕ لە حۆریە کەی ئاینی ئیسلام بکەون...

لاوان و گەنجانمان بڕون لەزانکۆ پێش کەوتووە کانی ئۆرۆپاو ئامریکا بخوێنن یان بڕون پۆڵ و پارە کانیان بدە ن بە حەج و عومرە و مێشکیان بشۆنەوە و بیان گەڕێنەوە بۆ هەزار ساڵ پێش ئیستا. ئایا هەتا ئیستا ئەو ئێسلامەی جەنابت بانگەوازی بۆ دەکەی چ خێرو بەرە کەتێکی بۆ کورد هەبوو، لە قەتڵوعام و زیندە بەچاڵ کردنی فەرهەنگ و کوڵتوری کوردی.

لەو کاتەوە کە کورد بە زۆری شمشێر کراوە بە موسلمان لە هەموو ماف وئازادیە ئینسانیەکان بێ بەشە، و بە مەجبوریش ئیسلامی قەبووڵ کردوە، بۆ مانەوەی خۆیی لە نێوان ئەو هەموو وڵاتە ئیسلامیەدا بە زۆرە ملی هەتا ئێرەی هێناوە. بەلام ئیستاکە دونیاکە گۆراوە و نەوەی نوێش چیتر ڕیگا بە ئیسلام یان ئیسلامیەکان نادات چیتر لە وڵاتی کوردان ڕمبازێن بکەن.

کاک سامرەندی بەرێز، ئەمرۆکە ئێمە دەبێ شانازی بە بەهمەنی قۆبادیەوە بکەین، بەلام چی بکەین لە مەلاکریکارو هاوفکرەکانی.

کاک سامرەندی بەرێز، دەبێ ئێمە قەت باسی ئەو ئاینە نەکەین کە هەموو رۆژێک زیندە بەچاڵ، خەتەنە، روی جوان داپۆشین بە چارشێوی ڕەشی شومی عەرەبی، کردۆتە بەرنامەی خۆی و دژی کۆمەڵی کوردی بەکاری دهێنێ.

ئەو ئیسلامی جەنابت ریکلامی بۆ دەکەی و لە ئایینی پیرۆزی زەردەشتیت پێ باشترە، کە دەڵێت نۆ ژن بۆ پیاوێک حەڵالە، بەڵام یەک ژن هەقی نیە لە یەک پیاویی زیاتر هەبێت.

## کورتەیەک لەسەر زەردەشت

زەردەشت هەر لەتەمەنی منداڵییەوە لەڕووی ژیری و سەلیقە و تێگەیشتنەوە لەگەڵ هاوتەمەنەکانیدا جیاوازبووە، لەم بوارەدا هەندێک کرداری سەیروسەمەرەی نواندووە هتد...

ئایینی زەردەشتی ئایینێکە داوای کرداری باش و ڕەوشتی باش و یارمەتی نێوان بونەوەری مرۆڤ دەکات. ئاگر و ڕۆژ هێمای ئاهورامەزدان، بۆیە لای ئێمە کورد ئاگر زۆر پێ پیرۆزە و هەمیشە زەردەشتییەکان لەوە ئاگادار دەکرێنەوە کە ئاگر لە پەرستگاکان نەکوژێتەوە. هەر ئەمەشە کە وای لە ئایینەکانی تر کردوە کە وابزانن زەردەشتییەکان ئاگر پەرستن.

ئاڤێستا. کتێبی زەردەشتە کەوا بە کتێبێکی پیرۆز دادەنرێت لەلایەن ڕوناکبیران، نوسەران و لێکۆڵەرە وانی ئایینی زەردەشتی. وشەی ئاڤێستاش بە مانای بنچینە و بینای پتەوە. ئەم کتێبە بە زمانی ئاڤێستایی نووسراوە، ئەمەشیان زمانێکی کۆنە کە پەیوەندیەکی زۆری هەیە بە زمانی سەنسکریتی و زمانی کوردی. زۆر جار مەترسی لەناوچوونیشی بووە.

### کۆتایی.

ئایینی پیرۆزی زەردەشت ئایینی جەعلی نیەو بەڵکو ئایینی ڕەسەنی کوردیەو، دوژمنانی کورد لێیان شێواندوین. ئایینی ئیسلامیش ئایینی عەرە بەو، بە زۆر بەسەریان دا سەپاندوین.

بەخۆشیەوە کۆمەڵگای ئەمڕۆیی ئێمەی کورد، کۆمەڵگایەکی پێش کەوتوو هوشیارو سێکۆلارە، و گەیشتووین بەو قەناعەتەی کە ئایین پێگەیەکی ئەو تۆی نەماوە، وە ئێمەی کورد دەبێ باش بزانین کە ئەگەر کورد مەسیحی یان یەهوودیی بایەین زۆر لە مێژ بوو دە بوینە وڵات، بەڵام ئیسلام کە بە زۆر بەسەرمان داسەپابوو، نەیان هێشت

ببین بە هیچ و بە ئەقلیەتی ئیسلامی هەزار ساڵی دیکەش نابین بە هیچ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕیکەوتی: ١٥ی دێسەمبەری ٢٠١١

زۆر سپاس کاک مستەفای هیجری.

یەک. با بێنەوە، ناوی خۆیان بگۆرن، با هەر دێموکراتیان پێوە بێت.
دوو. تەشبی کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە جمهوری ئێسلامی
پرسیار...
کوا بەرژەوەندی نەتەوەکەت، چۆنی لێ تێگەیشتووی.

## بەرژەوەندی نەتەوەی( NATIONAL INTEREST)

هەمیشە قسەکردن لەسەر رەهەندە جیاوازەکانی بەرژەوەندی نیشتمانی راماندەکێشێتە نێو کێشەیەکی قوڵی فکری و سیاسی و مێژوویی! کێشەیەک کە هەموومان بەشدارین لە دروستکردنیدا هەروەک هەموومان بەشێکین لە پاراستنیدا، بێگومان ئەوەش جۆرێکە لە بەرژەوەندی کە ئەوپەڕی حەز و ئاوات و بەرژەوەندییە تاکەکان تێدەپەرێنێت، رق و کینە و ناکۆکی راستەقینە لەوە دایە، هەموومان بەجیاوازی بیرکردنەوە و شوێنگە و ئینتمای جیاوازەوە لە چوارچێوەی بابەتێکدا کۆک بین کە بەرژەوەندی نیشتمانەکەمانە، کێشە راستەقینەکەش لێرەوە دەست پێدەکات ئەم باسە لە نیشتمانێکدا دەوروژێنین کە تێدا بەرژەوەندی تاکەکەس پارێزراو نەبێت، هەڵبەت سیستەمی فەرمانرەوایەتی و بنەمای ئابوری و هەڵکەوتەی ناوچەی و ژمارەی دانیشتوان و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، بەشێکن لەو توکمەی پێکهێنەرانەی کە دەوری چەمکی بەرژەوەندی نیشتمانیان داوە، بەڵام ئەو فاکتەرە زاتیانەی کاریگەری لەسەر ئاسایشی ناوخۆ و دادوەری کۆمەڵایەتی و مافی هاوڵاتی بوون بەجێدەهێڵێت بەشێکی دانەبراون لە فۆرمەلەکردنی چەمکی بەرژەوەندی نیشتمانیدا.

ئەم چەمکە وەک هەر چەمکێکی تر لە دونیای سیاسی و مێژووی ئێمەدا شوێن پێ و جێگەوتەی تایبەت بەخۆی هەیە، کە تا ئەندازەیەکی زۆر خودی چەمکەکە پەیوەندی بە بیری نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی و بەرپرسیارێتیەوە هەیە! واتە پەیوەندی بەو مۆتیفە ناوخۆیی و دەرەکیانەوە هەیە کە دواتر سیاسەت کار لەسەر دەرکەوتەکانی دەکات، ئەمەش وامان لێدەکات بەرژەوەندی نیشتمانی تەنها لە و هوتاف و وتار و دروشمانەدا کورت نەکەینەوە کە بەناوی ئەم مەسەلەیەوە حزبەکان ئیدعای بۆ دەکەن.!

هەڵبەت ئەوەش دەزانین کە لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر ئەم چەمکە و پشت بەستن بە سەرچاوەی کوردی برێک ئەرکەکەمان بۆ گران دەکات، چونکە کتێبخانەی کوردی لەم بوارەدا هەژاریەکی تیوری و مێژووی و سیاسی زۆری پێوە دیارە، بەڵام ئەم لایەنە سلبیە ڕێگر نییە لەوەی ئێمەش وەک هەر میللەتێکی زیندوو لەسەر ئەم مەسەلە هەستیارە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەین و ئەو لایەنە تاریکانە ڕۆشنبکەینەوە کە سیاسەت لە دنیای کوردیدا پێدا تێپەر دەبێت. هەڵبەت هەر هەوڵێک بۆ قسەکردن لەسەر پرۆسەی ئاشتی تەبای و کۆمەڵایەتی، ستراتیژی سیاسی، چەمکی ناسیونالیزم، دادوەری، پەیوەندی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، سیاسەتی دەرەکی، دارشتنی سیاسەتێکی گونجاو لەگەڵ شۆرش و خەباتی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان.. بێ سێودوو بەنێو چەمکی بەرژەوەندی نیشتمانیدا تێدە پەرێت ..

دارشتنی ستراتیژێکی سیاسی گونجاو، یاسایەکی بەهێز، یاسا مەدەنیە هاوچەرخەکان، ڕێکخستنی هێزە مرۆیی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان، بەجۆرێکی ڕاستەوخۆ دەکەونە چوارچێوەی بەرژەوەندی نیشتمانی، ڕاستیەکەی ڕاگرتنی بالانس لە نێوان هێزی ناوخۆیی و سیاسەتی دەرەکی جۆرێک لە پەیرەوکردنی سیاسەتی حەکیمانەی دەوێت کە لەودیوو بەرژەوەندی تاکەکەسی و بنەماڵەچێتی و حزبیەوە بیر لە بەرژەوەندی نیشتمانی بکاتەوە.

بێگومان بۆ پارێزگاریکردن لە سنور و شکۆمەندی وڵاتەکەمان کوردستان و مافی هاوڵاتیانەکەی و ئازادیە گشتیەکان، بە جۆرێک لە جۆرەکان پێویستی بە قسەکردنە لەسەر بەرژەوەندی نیشتمانی هەیە، بەوەی بەرژەوەندی نیشتمانی هەموومان لە چوارچێوەیەی چارەنوسێکی هاوبەشدا کۆدەکاتەوە، هەروەک دووبارە قسەکردنە لەسەر مافی هاوڵاتیان و پرسی بەشداریکردن لە سیاسەتدا ئەو چوارچێوەیە ڕەنگ ڕێژدەکات کە ناودەبرێت بە بەرژەوەندی نیشتمانی.

بێگومان ئەم مەسەلەیە لە چەند روویەکەوە هاوکێشە سیاسەکان تێکلاو دەکاتەوە، بۆ نمونە ئایا بەرژەوەندی نیشتمانی چەمکێکە حیزبی ئێوە دەتوانێت داگیری بکات؟ ئایا سیاسیەکانی کورد لە ئاستی سەرکردایەتیاندا، تێگەیشتنێکی رۆشنیان هەیە بۆ ئەم چەمکە؟ ئایا ستراتیژی بەرژەوەندی نیشتمانی لە چیدا فۆرمەلە دەکەن؟ کێن ئەوانەی دەبنە پارێزەری چەمکی بەرژەوەندی نیشتمانی؟ فاکتەرەکانی هەرەشە بۆ سەر بەرژەوەندی نیشتمانی لە چیدا خۆی دەبینێتەوە؟ خیانەتی نیشتمانی و بەرژەوەندی نیشتمانی لە چیدا دژ بەیەک دەوەستنەوە؟ مێژووی خەباتی رەوای میللەتەکەمان دەکەوێتە کوێی بەرژەوەندی نیشتمانی؟ هەڵیان دەگرین با لە مێژوودا بمێنەوە، با نەوەکانی پاش خۆمان بینوسنەوە، . کاتێک نەوەکانی داهاتو مێژوو هەڵدەدەنەوە وەکو گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە لایەن دوژمنانەوە زیندە بە چاڵ کرابێتن. بۆگەن کاسەی سەریان دەبا لێ بێزار دەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕیکەوتی: ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

---

## ناسرقادرپوور. کاندیدی حیزبی کۆرەف لە شاری کۆنگسبێرگ

کاندیدی حیزبی کۆرەف لە شاری کۆنگسبێرگ

ئەو خالانەیە کە ئەمن بۆ خەڵکی شارە کەم باس کردوە، لە کۆرو سیمینارە کاندا وە ک کاندیدایەکی کوردی ئەم حیزبە.

ئەو دوو خالەی کە بە نۆروێژی نوسراوە دو خالی سەرە کین کە من کاریان بۆ دەکەم.

**• Integrering:**
**Innbyggere med en annen kulturbakgrunn har ressurser som det er viktig å ta i bruk. Innvandrere skal kjenne seg verdsatt og må delta på samme vilkåre som andre i samfunnet.**
**Kultur og idrett kanpå en fremragend måte tilrettelegge for aktiviteter og møtesteder på tvers av genrasjoner, kjønn,sosial ulikheter og ulik kulturbakgrunn.**

• **Mobbing:**
**Mobbing er for omfattende og farlig til å bagatelliseres.**
**Mobbing kan føre til ødelagte liv og mulighet for en god utdanning. Mange foreldre opplever at de er maktesløse når barna deres blir mobbet.**
**Samfunnet må ha nulltolleranse for mobbing.**

**١- کات بردنە سەر لەگەڵ دایک و باوک**

**KrF کاتی زیاتر و ئازادی هەڵبژاردن دەبەخشێتە خێزانان لە ڕێگای دابینکردنی باخچەی ساوایانی نموونەیی، پشوویەکی نەرمی باوکانە و دایکانە، سوودمەندیی پارەی زیاد بۆ ئەوانەی پێیان چاکترە چاودێری منداڵی خۆیان بکەن، و چاودێری چاکتری پاش-خوێندنگا. ئێمە دەمانەوێت پشتیوانی خێزان و هاوسەرگیری بکەین وەک دامەزراوێکی ئاسوودە بۆ بەخێوکردنی منداڵ.**

**٢- خوێندنگایەک بە گەشێکی با شتر فێربوون**

**KrF دەیەوێت خوێندنگایەک دروست بکات کە تایبەتمەندبێت بە خۆشی و شادی فێربوون و دڵشادی خوێندکارانی، لە ڕێگای زیادکردنی ژمارەی مامۆستا شارەزاکانی نەک زیادکردنی ژمارەی کاتژمێر لە خشتەی خوێندنگاکەدا، و دڵنیابوون لە پەیوەندیەکی چالاکانەی ئاست و ئاکارەکان، و بەهێزکردنی هاوکاری لەگەڵ باوک و دایکدا و نەهێشتنی هەر جۆرە شەرفرۆشتنێک لە خوێندنگاکاندا.**

**٣- چاودێریەکی بەڕێزانەی کەسانی بەساڵ داچوو**

**KrF دەیەوێت دڵنیابێت لە جۆرێکی چاکتری چاودێری کردنی کەسانی گەورە تەمەن لە ڕێگای دیارکردنی مافەکانیان بە ڕوونی، شیاوکردنی چاودێری بۆ تاکەکەسان، دابینکردنی ژمارەیەکی زیاتری کارمەندان و هاندەران بۆ چاودێری خۆبەخشانە.**

**٤- پێشخستنی خەڵکی لە چاودێری تەندروستیدا**

KrF دەیەوێت هێڵی چاوەڕوانکردنی چاودێری تەندروستی کورت بکاتەوە لە ڕێگای پێشخستنی نەخۆش، بە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی سیستەمی پارەخەرجکردنی تێچونی یەکە لە نەخۆشخانەکاندا، و هەروەها زیادکردنی قەبارەی چاودێری نەخۆشی دەروونی و بەهێزکردنی چاودێری خووگرتوانی دەرمان.

٥- شەقام و دراوسێتی بێمەترسیتر

KrF دڵنیایی شەقام و دراوسێتی بێ مەترسیتر دەکات لە ڕێگای دابینکردنی ژمارەیەکی زۆرتری پۆلیسی بینراو و دامەزراندنی سیاسەتێکی نەلێبوردنی تاوان و سزادانێکی توندتر سەبارەت بە توندوتیژی و هەروەها سیاسەتێکی بەرپرس سەبارەت بە خواردنەوەی مەشروب.

٦- کاری باشتر و زیاتر

KrF دەرفەتێکی زۆرتری کارکردن دروست دەکات لە ڕێگای بەرەوپێشخستنی نۆژەنکاری و پرۆژەی نوێی تایبەتمەند، و بڕینی شریتی سوور، و هەڵوەشاندنەوەی باجی میرات لەسەر نەوە گۆڕان لە کاری بازرگانی خێزانیدا و چاکترکردنەوەی ڕێگاو بان.

٧- تێکۆشان دژ نایەکسانی کۆمەڵایەتی

KrF خەبات دەکات دژ نایەکسانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای تێکەڵکردنی خەڵکێکی زۆرتر لە بازاری کارکردندا، و دڵنیابوون لە کرێدانێکی یەکسان بۆ ئافرەتانیش، و بەهێزکردنی نیشتەجێکردنی کۆمەڵایەتی و وەرگرتنی پێوەری تایبەت بۆ یارمەتیدانی ئەو منداڵانە کە باوک و دایکی دەست کورتیان هەیە.

٨- تێکەڵبوونێکی چاکتری کۆچبەران

KrF داوای سیاسەتێکی تێکەڵبوونی چالاکتر دەکات بۆ دڵنیایی بەشداربوونێکی چالاکی هەموو گروپە

کەمایەتیەکان لە کۆمەڵگاکەدا، و هەروەها نەهێشتنی سنووردانان لەسەر نیشتەجێبوونی کۆچبەران و قەدەغەکردنی ئازاردان و شەرفرۆشتن بە ئافرەتانی کۆچبەر.

٩- کۆمەڵگایەکی مەدەنی زیندوو و بەجۆش

KrF دەیەوێ هانی خۆبەخشی و هەمەجۆریتی کەلتور بدات لە ڕێگای هەڵوەشاندنەوەی باجی نرخی سەرەڕا لەسەر ئیشی خۆبەخشی، و لێبوردنی ڕێکخراوە بێ قازانجەکان لە تەندەر، و بڕینی بیرۆکراسی، و لابردنی هەوڵی کۆنترۆلکردنی بیروڕا، و پشتیوانی ئەو خوێندنگایانە کە لەسەر شێوازێکی ئەکادیمی جیاواز یان لەسەر تێڕوانینێکی ئایینی دامەزراون.

١٠- جێگا بۆ هەموو کەسێک

KrF داوای کۆمەڵگایەک دەکات بۆ هەموو کەسێک، بە چاوپۆشین لە تواناییان، و لەگەل یاساکان کە شکۆمەندی مرۆڤ دەپارێزێت لە هەموو ڕووەکانی ژیاندا. ئێمە دەمانەوێت چاودێریی خێزانانی خاوەن منداڵی بێ توانا بەهێزتر بکەین.

١١- ئاگاداری ڕەوش

KrF داوای چاودێری ڕەوش دەکات لە ڕێگای دروستکردنی کۆمەڵگایەکی یاسا-دەرهێنەر، و بەجۆرێک کە هەڵبژاردەکانی گونجاویی ڕەوش ببێتە هەڵبژاردەیەکی بە قازانج لە ژیانی ڕۆژانەدا، و هەروەها پێشخستنی هۆکاری گواستنەوەی گشتی و پاراستنی سروشتە ناسکەکە.

١٢- دونیایەکی ڕەواتر

KrF دەیەوێت خەبات بکات دژ نەدارایی جیهانی بە زیادکردنی یارمەتی پەرەپێدان بە ١.٤% ی داهاتی گشتی

نەتەوەیی، و فەرامۆشکردنی قەرزی وڵاتە گەشەسەندوەکان و بەشداریکردنی وڵاتە گەشەسەندوەکان لە بازرگانی جیهانی.

هیوادارم ئەو کوردانەی کە لە شاری کۆنگسبەرگ دە ژین و مافی دە نگ دانیان هەیە دە نگمان بدە نیە. یان کە سانێک دە ناسن ئاگاداریان بکەنەوە.

De 15 tiltakene i KrFs fattigdomsplan

1. Innføre statlig minstenorm for sosialhjelpssatser, og forskriftsfeste at barnetrygd og kontantstøtte holdes utenfor utmålingen av sosialhjelp.
2. Inntektsgraderte barnehage- og SFO-satser.
3. Økt satsing på arbeidsmarkedstiltak og kvalifseringsprogram.
4. Økt engangsstønad i forbindelse med adopsjon og fødsel.
5. Fritak for egenandeler ved helsetjenester for lavinntektsgrupper.
6. Fritak for egenandeler ved tannhelsetjenester for langtids sosialhjelpsmottakere.
7. Økt behandlingskapasitet i rusomsorgen ved økt bruk av institusjoner drevet av ideelle aktører.
8. Lavterskel botilbud med oppfølging og botrening.
9. Gratis gjeldsrådgivning.
10. Økt inntektsgrense for ordningen med fri rettshjelp.
11. Styrket kapasitet i det statlige barnevernet og i ettervernet for barnevernsbarn.
12. Økt bruk av barnevernsinstitusjoner drevet av ideelle aktører.
13. Inkluderingstiltak i regi av frivillige organisasjoner.
14. Tiltak for barn og unge i større bysamfunn.
15. Tiltak for å hindre frafall i skolen

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕیکەوتی: ٢٠ی ئۆکتۆمبەری ٢٠١١

## پێشنیاریک بۆ کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان.

### بەشی یەکەم.

### لیبراڵ دیمۆکراتی گنجاوترە، تا سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک

لیبرالیزم (لە وشەی لاتینیەوە Liber ئازادی)، فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتیو ئیدیۆلۆژیەکی رامیارییە کە ئازادی تاکو یەکسانی بنەماو ئامانجیەتی. لیبرالیزم، وەک رەوتێکی فەلسەفی، رەوتێکی هیومانیستانەو مۆدێرنستانەیەو وەک رەوتێکی رامیاری سێکولاڕو دیموکراسیانەیە.

لیبرالیزم، وەک گشت فەلسەفەوئیدیۆلۆژیەکانی دیکە، خاوەنی چەند قوتابخانەیەکە، بەڵام گشت قوتابخانەکان لەسەر بۆچوونەسەرەکیەکانی لیبرالیزم کۆکن. لەوانەش:

مسۆگەرکردنی ئازادیەکان، یەکسانی، مافەکانی مرۆڤ، دابینکردنی مافەکانی تاک، نەمانی هەژاری، پلورالیزمی کۆمەڵایەتی و رامیاری، هاوسانی هەڵ، هۆشمەندی، بەرزکردنەوەی پلەی وشیاری و زانیار، لێبوردەیی، دەوڵەتی سێکولار، مافی خاوەنداریەتی، ئابووری بازاری ئازاد، رێنەدان بەمۆنۆپۆل، ئازادی بەربەرەکانی ئابووری و فکری، ئازادی دینی، دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، دەوڵەتی دەستووری، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت، بێلایەنی دامودەزگاکانی دەوڵەت، دەوڵەتی یاسا، سنووردارکردنی دەسەڵاتی حکومەت، کۆمەڵگای مەدەنی، دادپەروەری، دیموکراسی سیاسی، ئالوگۆری دە سەڵات، رێنەدان بەدەسەڵاتی رەها ، لیبرال ـ دیموکراتی و هەڵبژاردنی ئازاد، پاراستنی تاکلە چەوسانەوە و، رێنەدان بە تۆتالیتاریزم، رێنەدان بە تاک رەویی،بەختەوەری مرۆڤ لە کۆمەلگایەکی لیبراڵ دیمۆکراتدا.

### لیبرالیزم لە روانگەیەکی مێژووییەوە

لیبراڵ دیمۆکراتی، وەک رامانێکی کۆمەڵایەتی لە سەرەتاکانیەوە خاوەن دوو بیرۆکەی سەرەکی بووە:

**یەکەمیان:** ئەوەبوو کە شادمانی مرۆڤ لە هەموو شتێک گرینگترە لە جیهاندا.

**دووهەمیشیان:** کە مرۆڤ، بێ رەچاوکردنی جیاوازی، هاوسانی یەکترنو کەس لە کەس باشتر نییە.

بەرهەمیئەم رامانە کۆمەڵایەتیە، ئیدیۆلۆژیکی رامیاریی بوو کە ئازادیی‌و رێزگرتن لە مافەکانی تاک، بووە مەبەست و ناوەڕۆکی.

**تیۆری رامیاریی لیبراڵ دیمۆکراتی هەر لە سەرەتاکانیەوە پێناسەی دوو جۆرە ئازادیی کردووە:**

١- ئازادی لە ژێردەستی، ئازادی تاک، سەربەخۆیی نەتەوەیی، سەربەخۆیی رامیاریی، سەربەخۆیی ئابووریی، نەبوونی چەوساندنەوەو ئەشکەنجەو سانسۆرو ئازادیی هاتووچۆ دەگرێتەوە.

٢- ئازادیی هەڵبژاردن: مافی مرۆڤ کە ئازادانە هەڵبژێرێتو ئازادانە بڕیار وەرگرێت. لە نموونەکانی ئەم ئازادییەش، ئازادیی بیروباوەڕورا دەربڕینو چاپەمەنی،و هەڵبژاردنی خوێندنو جۆری کارو شوێنی ژیان. هەروەها مافی بەرهەمخۆر (Forbruker) کە لە بازاڕێکی ئازاددا بتوانێ ئازادانە کاڵاو خزمەتگوزاریی هەڵبژێرێتو مافی دامەزراندنی بزنسو کۆمپانیاو کاری سەربەخۆی هەبێت.

لیبرالیزم، هەر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانیەوە، واتە لە سەدەی شازدە هەمەوە، شۆڕشێک بووە دژ بە دەسەڵاتی رەها و گشت جۆرە ژێردەستییەک. جا چ ژێردەستیی تاکە بیرو هزرێک بێت، ژێردەستی داگیرکەربێت، ژێردەستیی فەرمانڕەوای زۆرداربێت، ژێردەستی دەسەڵاتە دینیەکان بێت، یاخود ژێر دەستیی چینایەتیی بێت.

## لیبرالیزم لە جیهانی ئەمڕۆدا

لەجیهانی پێشکەوتووی ئەمڕۆدا، ئەم ئیدیۆلۆژییە رەگو ریشەی لە بوارە کۆمەڵایەتییو رامیارییو ئابووریەکاندا وەها داکووتاوە، کە ناکرێت لە خودی ژیانەکە جوودا بکرێتەوەو تەنیا وەک بیرێکو تەوەرێکی سیاسی بڕوانیە. لیبراڵ دیمۆکراتی لە دونیای پێشکەوتودا وەک ئیدیۆلۆژیەکی نەماوە، بەڵکو بووە بە رەوشتێکی کۆمەڵایەتی، بووەبە ( مێتا ئایدیۆلۆژی)، واتە بووە بە ئیدیۆلۆژیەکی لە بارەی ئیدیۆلۆژییتەکانەوەو فەلسەفەیەک کە لە بواری فەلسەفەکانەوە. لیبرالیزم بووە بە نەریتو ژێرخانێکی فکریی کە دادوستانی رامیاریی،ئابوورییو کۆمەڵایەتیی لەسەری وەستاوە. لیبراڵ دیمۆکراتی ئەمڕۆخۆو رەوشتی مرۆڤی ئازادە.

لیبرالیزمی رامیاریی، خەبات دەکات بۆدامەزراندنو هێنانەدی بارودۆخێک کە تێیدا تاکە کەسو کۆمەڵ بتوانن بەو ژیانە خۆشە بگەن کە خەباتی بۆ دەکەنو ئامانجیانە.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە لیبرالیزمی دیمۆکراتی خاوەن رووخسارێکی جیهانیزمانەیەو دەبێ لە گشت شوێنێکو لەناو گشت کۆمەڵێک دا پەیڕەو بکرێت. لیبرالیزم ئیدیۆلۆژیکە کە کەس پێویستی نییە لەگەشە کردن و بڵاوبوونەوەی بترسێت چوونکە بیرێکە کە بە یەک چاو تەماشای خواستی هەموو لایەک دەکات.

لیبراڵ دیمۆکراتی نەچەپڕەوەو نە راستڕەو، بەڵکو میانەڕەوە. ئیدیۆلۆژیەکی چینێکو گرووپێکو (جنسێک، ژن یان پیاو) و دەسەڵاتێک نییە. بەڵکو ئاییدۆلۆژیەکی ئازادیی مرۆڤو ڕێزگرتن لە تاکە. جگە لەمانەش دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە لیبرالیزمی دیمۆکراتی باوەڕی بە بوونی ئیدیۆلۆژیەک یا خود هزرێکی (کامل)و رەها (موتڵەق) نییە. بیری هەمیشە لە پرۆسەی گۆڕاندایە. ئەوەی کە سەرەکییە بۆ ئێمەی لیبرال، گرینگی ئازادیی مرۆڤو هەمیشە ڕێزگرتنە لە مافەکانی.

تێبینی. بەرێزان لەکۆتاییدا هەموو ئەو بەڵگەو، فاکتانە دەخەمەڕو کە بۆچی لیبراڵ دیمۆکراتی باشترو گونجاوترە لە سوسیالیزمی دیمۆکراتیک، کە لە بەرنامەو پەیڕەوی حیزبدا هەیە.

هیوادارم و ئارەزوشم ئەوەیەکە هیچ کەسێک بە سۆزو عاتیفە چاو لەو دروشمە نەکات.....

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕیکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١١

# لیبراڵیزمی دیمۆکراتی وەک ئامانجی دوارۆژ.

## بۆچی ئامانجی دوارۆژێکی نوێ

قەت نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە کوردستان وگەلی کورد گەورەترین نەتەوەی گۆی زەوین کە لە لایەن داگیرکەرەکانەوە خاکەکەمان دابەش کراوە بە هاوکاری هێندیک زلهێزی پەشیمان بۆوەی ئەمرۆکە. کە نەیان دەفامی کە ئێمەی کورد بەشێکین لە هەموو گۆڕانێک و بەشێکین لە هەموو پێشکەوتنێک. چۆن بەشێک بووین لە ڕابووردوو، بەشێکین لە ئەمڕۆ و سبەینێش.

لە پاش شەری یەکەم و دووهەمی سەدەی رابوردوو و شەری ساردی نێوان بەرەی رۆژهەلات و رۆژئاوا، دونیایەک بوو کە کوردی لە هەموو بوارێکەوە نیگەران ئاوارە کردبوو، دونیایەک کە بوو کە تیدا دوژمنانی کورد بە هەموو تواناوە کار دەکرا بۆ لەناوبردنی گەلی کورد، بە هەموو توانایانەوە هەوڵیان دا نەخشەی کوردستان بچوک بکەنەوە. ئەوە ئامانجێک بوو، کە نەک پێ نەگەیشتن بەڵکۆ ئەمرۆکە ئێمەی کورد ئەوە پارچەکانی کوردستان یەک دەخەینەوە بەڵکو دوژمنانیش لەت دەکەین، پێ گەیشتن و تێ گەیشتنی نەوەکانی ئەمڕۆی کورد دەبنە بناخە دانەری دامەزرێنەری دەوڵەتی نەتەوەی، جا دۆژمن پێ خۆش بێ یان نا.

لە سەدە کانی رابوردوودا کوردی بە درێژایی مێژوو تاکە نەتەوە ی سەر گۆیی زەوی بوو کە نە رۆژئاوای لەگەڵ بوو نە رۆژهەلات، بۆیە شۆڕشەکانی کورد، بە گشتی ئەگەر بروانینە مێژوو ئەوە لە رواڵەتدا شۆڕش نەبوو بۆ ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان، بەڵکو شۆڕش بوو بۆ رێگانەدان بە لەناوبردنی کورد.

کورد لە مێژوودا نەبەزترین وپارتیزانترین، چاونەترسترین نەتەوە ئەم جیهانە بوو بەڵام لەگەڵ ئەوە ش داشەڕی کورد شەڕی مان و نەمان بوولە بەرانبەر بە پان فارسیزم،تورکیزم و شۆڤینیزمی عەرەبیی دا. سەدەکانی کەتێبەری ئەوەندە سەخت دژوار بوون بۆ کورد کە کورد خەباتی دەکرد بۆ ئەوەی کە دوژمنانی کورد دان بەوەدا بنێن کە کورد هەیە، چۆنکە دوژمنەکانی ئێمە بە هەمووتوانایەنەوە بەدژی لەناوبردنی ناسنامەی ئێمە کورد کاریان کردوە و کار

دەکەن،ئێمەش هەردەم باسمان لەبرایەتی و دیالۆگو پێکەوە ژیانی هاوبەشمان کردوە و لە ئاکامدا بینیمان کە ئەوان باوە ڕیان بە وشەیەک باناوی کورد نیەو هەر کاتێکیش بۆیان گۆنجابێت ئێمەیان تیرور کردوە.

## دەسەڵاتی دیموکراتیانە: Demokratisk styre

لە گۆڕەپانی سیاسی ئەم جیهانەدا ئێمەدا هیچ ووشەیەک بەقەد ووشەی دیموکراتی باوو نییە. بەڵام دیمۆکراتی یەک پێناسەو یەک شێوازی نییە.
دیمۆکراتیەت بە دیمۆکراتیکی ڕاستەوخۆ: Direkte demokratik دەناسرێت.

لەم چەشنەدا هاوڵاتیان نوێنەر هەڵنابژێرنو نوێنەریان نییە، بەڵکو بڕیارەکان ڕاستەوخۆ لە ڕێی گەلەوە وەردەگیرێت. ئەم دیموکراتییەتە ڕاستەوخۆیە کۆنترین شێوەی دیموکراسیەتە. ئەمڕۆ ئەم شیوازە بە ڕیفراندۆم ناودە برێت. حکوومەتی ڕاستەۆخۆی دیمۆکراتی، بۆ کۆمەڵگای بچووک شیاوبوو و دەتوانرا ئەنجام بدرێت، بەڵام بە گۆڕانی جیهانی ئەمڕۆ و پەیدابوونی کۆمەڵگای مۆدێرنو پێرفیکت، پەیڕەویکردنی ئەم جۆرە دیمۆکتاییە زۆر ئاستەم بووە، بۆیە ئەلتەرناتیڤێکی گونجاوتر داهێنرا.

دووهەمیان: دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی Representativ demokratik کە دیموکراتێکی ناڕاستەوخۆیە. لەم جۆرە حوکمڕانیە دیمۆکراتیکیەدا، ئەندامانی گەل ڕاستەوخۆ بڕیار وەرناگرن، بەڵکو هەر چەند ساڵ جارێک لە چینی سیاسی نوێنەر هەڵدەبژێرن تاوە کو بە نوینەراتی ئەوان حوکوم بکەن. ئەمەش شێوەی( for folk ) دەگرێتەوە.

لە بواری منی لیبرالەوە بەرانبەر بە دیمۆکراتی، دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لە سەدەکانی ڕابوردوودا لیبرالەکان بەرانبەر بە شیوەی کلاسیکی دیموکراسییەت هەندێ مەترسییان نیشانداوە.بێگومان ئەو ترسە چەند هۆیەکی هەیە.

دیموکراسییەت مەترسی هەیە بۆ سەر ئازادییە تاکە کەسییەکان. چونکە دیموکراسییەت باسی دەسەڵاتی گەل دەکات، باسی بڕیاری زۆرینە( mioritet ) دەکات، واتە لە پراکتیکدا باسی حوکوومەتی ٥١% بەسەر ٤٩%دا

دەکات. بۆیە مەترسی ئەوە هەیە کە بڕیاری زۆرینەکە دژ بە ئازادییەکانی تاکەکەسو بە مافە کەمایەتیەکان بێت.

. زۆربەی نەخوێندەوارانو نارۆشنبیران، زۆرتر مەیلیان هەیە وەک گروپێک وچینێک رەفتاربکەنو بڕیاروەگرن. ئەم گروپانە بە شێوەیەکی گشتی تاک پەرستنو خاوەن رای سەربەخۆ نینو هەمیشە بۆچونیان هەمان بۆچۆنی دەسەڵاتدارو سەرکردەکانیانە، جا چ سەرکردەی ئاینی بێت، یاخود ئاغاو عەشیرتی ناوچەیی بێت. بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم خەلەلانە، لیبرالیزم شێوازیکی نوێی دیمۆکراتیان ئاراستەی کۆمەڵگای نوێ ئەمرۆکە دەکەن.

ئەولیبرال دیمۆکراتیەی شێوازێکی نوێ تێکەڵە لە هەردوو ریشەی لیبرالیزمو دیموکراتیزم. ریشەی لیبرالیزمەکەی ئەم سیستێمە حکوومەت داری خاوەن دەسەلاتی سنووردارەو ئە ولەویەتەکەی دیموکراسییەتەکەشی ئەوەیە کە بۆچوونی گەل دەبێ تەسیر لە حکوومەتدارێتیکەدا بکات.

بەعەمەلی کردنی لیبراڵ دیمۆکراتی کەمۆدێلێکی نوێ دیمۆکراسی دامەزراند کە خاوەن سێ بنەمای سەرەکییە:

لیبرال دیمۆکراتی، دیموکراتێکی ناراستەوخۆیەو لە رێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرانەوە ئەنجام دەدرێ. نوێنەران لە رێگەی هەڵبژاردنی گشتییەوە هەڵدەبژێردرێن. لەم هەڵبژاردنانەدا، هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگا خاوەن یەک دەنگە،و هەر دە نگێکیشی دە بێ وە ک هزریک چاوی لێ بکرێت بۆ بەرە و پێش چونی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و سەردە میانە.

دیمۆکراتیەت دەبێ لەسەر بەربەرەکانییەکی پۆزەتیڤانەو مافی هەڵبژاردن دیاری بکات. ئەمەش پێویستی بە پلورالیزمی سیاسی و لێبووردنو دڵفراوانی هەیە، کە پێ دە وترێت کۆڵەکەی لیبرالیزم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕیکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠١١

# دەوڵەتی کوردی، لەسەر لێواری تیغ

بە لەبەر چاوگرتنی گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە، دەکرێ بە دەرفەتی گونجاوی بزانین بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە باشوری کوردستان، لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- نەک هەر سیتسەمی سیاسی ناوچەکە، بەڵکو نەخشەی جوغرافیای هەندێک لە وڵاتانی ناوچەکەش دەگۆڕێت، وەک نمونەی باشوری سودان، کۆمەڵێک لە سیاسەتوان و ڕۆژنامەکانی ئیسرائیل و ئامریکا و ئەوروپا، ئاماژەیان بە سەرهەڵدانی چەند دەوڵەتێکی تا...زە کردووە، لەوانە، دەوڵەتی فەلەستین و کوردستان. تەنانەت ئۆباما لە وتاری سالانەیدا ئاماژەی بە دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین و کۆمەڵێک گۆڕانکاری نوێ دا.

٢- ئامریکا لە ناوچەکەدا بە دوای هاوپەیمانی نوێدا دەگەڕێت، ئەمەش وەک پەرژینێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، بەتایبەتی بەرامبەر بە یەکێتی ئەوروپا و زاڵبوون بەسەر دەست باڵایی ئێران لەناوچەکەدا. دوای ڕاپەرینی وڵاتانی ناوچەکە ئیستا بۆ ئامریکا روون بۆتەوە کە دەیان گروپی نووستووی ئیسلامی لەو وڵاتانەدا سەریان هەڵداوە، بە تایبەتی لە میسر و بەحرەین، کە بە ژمارەی ئێران هەژمار دەکرێن.

٣- هەموو وڵاتانی ناوچەکە، بە ئێران و سوریا و تورکیاشەوە، بەدەست کێشە و قەیرانی ناوخۆیی خۆیانەوە گیرۆدە بوون، ئەمەش وا دەکات کە نەپرژێنە سەر کاروباری وڵاتانی تر و دەستێوەردان نەکەن. بە تایبەتی کە لە سوریا ڕاپەڕین بۆ روخاندنی حکومەتەکەی بەشار ئەسەد دەستی پێکردووە، لە تورکیاش خۆپیشاندانی ناڕەزایی و خەباتی مەدەنی حیزبە کوردییەکان درێژەی هەیە، لە ئێرانیش نارەزایەتی بەناو سەوزەکان هێشتا بەردەوامە.

با بەهەموو مان کۆک بین لەسەر، یەکدەنگی و یەکریزی و بەرژەوەندی گەلەکەمان، دیالۆگێکی ئوسۆلی و زانستیانە، تۆڵرانس و دیمۆکراتی بکەینە بنەمایی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و کوردستانێکی ئازاد.

خۆ نوێ کردنەوە و بەخۆداهاتنەوە، بکەینە هەوێنی سەرەتای کۆمەڵگایەکی تەندروست و مودێرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕیکەوتی: مارچی ٢٠١١

## فەلسەفەی سیاسیو ئاشتی لای ئیمانوێل کانت

ئەو چەمکە باوەی تێپەڕاندووە کە ئاشتی کورت دەکاتەوە بۆ بوونی پەیمانێک لەنێوان چەند دەوڵەتێک دا. لەتێڕوانینی کانتدا ئاشتی پرۆژەیەکە دوورەمەودا، یان نمونەو ئامانجێکە کە دەبێت بەدیبهێنرێ. ئەو کاتەش ئاشتی دێتەدی کە مرۆڤ گەشەیکردبێتو گۆڕانی بەسەردا هاتبێت. گرنگیەکەی کانت لەوەدایە کە بنەمایەکی یاسایی دەبەخشێتە ئاشتی، بەو ئامانجەی کە ئەگەری هەڵگیرسانی شەر بکاتە شتێکی مەحاڵ. هەر بۆیە ئەو جیاوازی دەکات لەنێوان دوو جۆر لەئاشتیدا:

یەکەم: ئاشتی وەک پەیمانێکی مێژوویی، پەیوەست بەچرکەساتێکی مێژوویی دیاریکراوە کە سنور بۆ شەرێکی هەڵگیرساو دادەنێتو تەنیا پشوویەکی کورتی شەرکەرەکانە، بەبێ ئەوەی بەیەکجاریو بۆ هەتاهەتایە شەر لەگیانو جەستەمان دەربکاتو دووربخاتەوە.

دووەم: ئاشتیەکی ئەبەدیی.

ئەگەرتۆماس هۆبس وەک شەرێکی بەردەوام دەڕوانێتە سروشتو وەک چەمکێکی سروشتییش دەڕوانێتە شەر، هەروەها وەک گورگێگ دەڕوانێتە مرۆڤ بۆ براکەی خۆی لەدۆخی سروشتیدا، هەر بۆیە شیاوترین رێگە بۆ تێپەڕاندنی سروشتو شەریش بریتیە لەبونیادنانی دەوڵەت، ئەگەرژان ژاک رۆسۆیش بەپێچەوانەوەی تێڕوانینەکەی هۆبسەوە مرۆڤ لەدۆخی سروشتیدا بەپاکو بێگوناه پێناسەدەکاتو وەک چەمکێکی کۆمەڵایەتی، نەوەک سروشتی، دەڕوانێتە شەر، چونکە پێیوایە مرۆڤەکان لەدۆخی سروشتیدا دژایەتی یەکتری دەکەن، بەڵام شەر هەڵ ناگیرسێنن، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەوە کۆمەڵگەیە مرۆڤی گەندەڵ کردووەو خودپەرستیو کێبەرکێو دوژمنایەتی تێدا چاندووە، ئەوا کانتیش تاڕادەیەکی زۆر هاوڕای هۆبسە، چونکە پێی وایە تەنیا رێگەیەک بۆ سەپاندنو سەقامگیربوونی ئاشتی بریتیە لەنوسینەوەی دەستورو داڕشتنی یاسا.

بەبڕوای کانت ئەوەی کە لەشەرە کان دەکەوێتەوە، تەنیا زیانێکی ئابووریو مرۆیی گەورەیە، هەر بۆیە بانگەشە بۆ

وازهێنانو دەست هەڵگرتن لەسوپاکان دەکات. شەر مرۆڤ لەمافە سەرەکیەکانی خۆی بێبەشدەکات، بەردەوامبوونو مانەوەی سوپاکانیش تەنیا هەڕەشە نین بۆ سەر ئاشتی، بەڵکو لەنرخو بەهای مرۆڤیش کەمدەکەنەوە. بەڕای ئەو پێویستە واز لەو پەیوەندییانە بهێنین کە لەسەر بنەمای هێز دامەزراونو روو بکەینە پەیوەندیە یاساییەکان، هەروەک رۆسۆیش دەڵێت: (هێز یاسا نییە). یاسا شتێکە مۆراڵ ئامێز، بەڵام هێز سروشتییە. تەنیا شتێک کە هێز لەدەستی دا بێت و بیکات دروستکردنی پەیوەندی کۆیلایەتییە، بەڵام یاسا لەتوانایدایەو لەبارە بۆ خوڵقاندنو دروستکردنی پەیوەندی نێوان میللەتان لەسەر بنەمای یەکسانی.

کانت بانگەشە بۆ تێپەڕاندنی ئەو شتە دەکات کە پێی دەڵێن (ماکیاڤیلیزمی سیاسی)، واتە ئەوەی دەوڵەت هێزدەخاتە سەروی مۆراڵەوە. بەمانایەکی دی، کانت بانگەشە بۆ هاوپەیمانێتیو هاوسەرێتی دەکات لەنێوان سیاسەتو مۆراڵدا.

پاش خوێندنەوەو باسکردنی تەواوی سیستمە سیاسیەکانی فیکری مرۆیی، کانت پێیوایە تەنیا سیستمی کۆماریی، کە لەسەر بنەمای دەستوری پاراستنی مافو سەربەخۆیی هەموو هاوڵاتیان دامەزراوە زە مانەتە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاشتییە ئەبەدیو هەتاهەتاییە. چونکە لەسایەی سیستمی کۆمارییدا، یەکسانی لەنێوانی هاوڵاتیاندا دێتەدیو دەستەبەردەبێت، تەواو هاوشێوەی ئەو بیرۆکەیەی کە ژان ژاک رۆسۆ لەپەیمانی کۆمەڵایەتیدا بەرگری لێکرد. ئایدیاڵترین سیستمی سیاسیش ئەو سیستمەیە کە دەتوانێت ئازادی مرۆیی بەدیبهێنێت. کانت بانگەشە بۆ دروستکردنی جۆرێک لەفیدراڵیزمی نێودەوڵەتی دەکات لەنێوان ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیانەدا کە رێز لەمافی مرۆڤ دەگرنو کار بۆ وەدیهێنانی ئاشتییەکی جیهانی دەکەن. چونکە دەوڵەتەکان لەنێو خۆیاندا هاوشێوەی تاکەکانن لەدۆخی سروشتیدا، بەر لە گەشەکردنو پەرەسەندیان بەرەو پەیمانی کۆمەڵایەتی.

ئازادی سروشتی لەسەر بنەمای هێز دروستدەبێت، بەڵام ئازادی ژیاریو مەدەنی لەسەر بنەمای یاسا. پێویستە بیرۆکەی فیدراڵیزم هەموو دەوڵەتەکان بگرێتەوە، تاوەکو ئاشتی جیهانیی سەقامگیر بێتو بچەسپێت. پێویستە لەسەر مێژووش کار بۆ ئەوە بکات کە ئاشتی ببێتە شتێکی شیاو. پێویستە لەسەر مێژوو پێشبکەوێت، هەروەها پێویستە سروشتیش هاوکاری بێت. چونکە داینەمۆی سەرەکی مێژوو ئابووری نیە بەو شێوەیەی کە لای مارکس دەیبینینو هەروەها ئەقڵیش نیە، بەڵکوو سروشتە.

وەرگێرانی لە نۆروێژیەوە بۆ کوردی.

http://www.filosofi.no/kant.html
http://filosofi.no/immanuel-kant/epistemologi/
http://no.wikipedia.org/wiki/Immanuel_Kant
http://www.europas-historie.net/kantserkjennelsesteori.htm

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٣ی ئەپریلی ٢٠١١

## بزوتنەوە ی هیپی

وردەفەرهەنگی هیپی (بە ئینگلیسی: hippie یان hippy، لە بنەڕەت دا، بزووتنەوەیەکی لاوان بوو کە لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا دا دەستییپێکرد و دواتر، لە سەرانسەری دونیادا دا بڵاوبووەوە. وشەی هیپی (hippie) لە هیپستێر (hipster) گیراوە و لە سەرەتا دا بۆ ناساندنی ئەو بیتنیکانەی بە کار دەچوو کە گواسترابوونەوە بۆ ناوچەی هایت ئاشبێریی سانفرانسیسکۆ. ئەم خەڵکە بایەخی کی زۆر دژەفەرهەنگیی بەرەی بیت یان بە میرات پێ گەیشتبوو، ئەنجومەنی تایبەتیی خۆیانیان دروست کردبوو، سایکێدێلیک راکیان گوێ دەگرت، باوەشیان بۆ راپەرینی سێکسی دەکردەوە، و مادە بێهۆشکەرەکانیان مەسرەف دەکرد. لە ژانویەی ١٩٦٧ دا، کۆبوونەوەی Human Be-In کە لە گۆڵدێن گەیت پارکی سانفرانسیسکۆ دا بەڕیوەچوو، گەشی دا بە فەرهەنگی هیپی و ریگەی کردەوە بۆ هاوینی ئەوین و فێستیڤاڵی وودستۆک . مۆد و بایەخی هیپی، کاریگەرییەکی زۆری لە سەر فەرهەنگ، مۆسیقای خەڵک پەسەند، تێلێڤیزیۆن، فیلم، ئەدەبیات، و هونەر بووە. لە دەیەی ١٩٦٠ەوە تا ئێستا، زۆر لایەنی فەرهەنگی هیپی لە ناو جەرەیانی سەرەکیی کۆمەڵگا دا تواوەتەوە و تێکەڵ بووە. جۆراوجۆریی فەرهەنگی و مەزهەبی، کە هیپییەکان بڕوایان پێیەتی، مەقبوولییەت و پەسەندکراوییەکی بەربڵاوی بە دەست هێناوە و فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی و چەمک کانی ڕۆحانی هۆگری زۆری پەیدا کردووە. میراتی هیپی، لە بێژمار فۆرمی فەرهەنگی هاوچەرخ دا دەبینرێت - لە خواردەمەنی پاکژەوە، تا فێستیڤاڵی مۆسیقی، تا داب و نەریتی سێسکیی هاوچەرخ و تەنانەت تا شۆڕشی فەزای سایبێریش.

وە رگێرانی لە نۆروێژیەوە.

http://no.wikipedia.org/wiki/Hippie

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕیکەوتی: ١٦ی مارچی ٢٠١١

## سیاسەت.

پرۆسەیەک یا شیوازێکی وەرگرتنی بڕیارە بۆ گروپەکان. هەرچەند باوە کە سیاسەت بە حکومەتەوە وابەستە بێ، بەڵام سیاسەت لە هەموو چالاکییەکانی مرۆڤدا و لە دامەزراوە ئەکادیمیایی و ئایینی و بازرگانیەکاندا بەدی دەکرێ. زانستی سیاسی بریتیە لە دیراسەکردنی هەڵس و کەوتی سیاسی و پشکنینی چۆنیەتی وەدەستهێنان و پیرەوکردنی دەسەڵاتە، بۆ نمونە توانای سەپاندنی ئیرادەی خۆت بەسەر کەسێکی تر. تیۆرزانێک بەناوی هارۆڵد لاسوێل بەم شێوەیە پێناسەی سیاسەتی کردووە "کێ چی وەدەست دێنی و کەی و چۆن دە وڵەتێکی سروشتی. لە ساڵی ١٦٥١ دا تۆماس هۆبز بەناوبانگترین کتێبی خۆی بو ناوی Leviathan بە چاپ گەیاند و، لەو کتێبە بۆ بەهانە هێنانەوە بۆ هاتنەکایەوەی کۆمەڵگەکانی مرۆڤ مودێلێکی پەرەسەندنی سەرەتایی مرۆڤ خستە روو. هۆبز لەو مودێلە باسی لە دەوڵەتێکی نایابی سروشت دەکرد کە تیایدا هەموو تاکەکان بەیەکسانی سود لە سەرچاوەکانی سروشت وەدەگرن و لە بەکارهێنانی هەر ئامرازێک بۆ گەیشتن بەو سەرچاوانە ئازادن. بۆ هۆبز دەرکەوت کە ئەمجۆرە ریکخستنە بووە هۆی پەیدابوونی "شەڕی هەمووان دژی هەمووان" یاخود بە لاتینی "bellum omnium contra omnes". جگە لەوەش بۆی دەرکەوت کە پیاوان لەو حاڵەتەدا دەچنە نێو حاڵەتێکی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و دەستبەرداری مافی رەهای خۆیان بۆ هەندێ جۆری پاراستن دەبن. لەکاتێکدا وا دیارە کە هەرەمەکانی زاڵبوون و هاوکاری کۆمەڵایەتی بونیان بۆ سەردەمی بەر لە هاتنەکایەوەی کۆمەڵگەکانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە. مودێلی هۆبز لۆژیکی هێنانەکایەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤ پیشان دەدات. مێژوو. ڤی جی گلاید ئەو گۆڕانکاریەی کە بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤ کە لە دەوروبەری ساڵی ٦٠٠٠ پێشی زاینیدا هات بە شۆرشی شارستانی ناو دەبات. یەکێ لە روخسارەکانی ئەم جۆرە نوێیەی شارستانیەت بە دامەزراوەکردنی چینایەتی کۆمەڵایەتی و پیشە

ناکشتوکاڵییەکان (لەوانە پیاوانی ئاین و پارێزەران) و باجسەندن و نوسینە. کە هەموویان پێویستیان بە بوونی بە شوێنێکی پڕ لە دانیشتوانە- یاخود شارەکانە. وشەی سیاسەت (politics) لە وشەی یۆنانی (polis) سەرچاوەی گرتووە. سیاسەتی بازرگانی و ئاینی و ئەکادیمیایی و هەموو جۆرە سشیاەتێکی تر – بە تایبەتی ئەوانەی بەدەست کەم سەرچاوەییەوە دەناڵێنن- هەرەمێکی زاڵبون لەخۆیان دەگرن، کەواتە سیاسەتن. زۆربەی جار سیاسەت لەرووی پەیوەندی بە بەرێوەبردنی حکومەتەکاندا دەخوێندرێ. کۆنترین شێوەی حکومەت شێوەی رێکخراوی خێڵکی بوو. حوکمی پاشایەتی میراتگری حوکمی گەورە پیاوانی خێل بوو و سیستەمیچکی فیوداڵ وەک ریچکخستنێگ کە تیایدا تاکە خێزانێک کۆنترۆڵی کاروبارە سیاسیەکانی گروپێک دەکرد. کەواتە مێژووی سیستەمی پاشایەتی بۆ ٥٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە کە بەردەوام بەشێوەیەک لە شێوەکان هەبووە. هێزی سیاسی. رستە بەناوبانگەکەی سامویل گۆمپەرز "دۆستەکانت خەلات بکە و دوژمنەکانت سزا بدە" باس لە دوو جۆر لە پێنج جۆرەکەی هێز دەکات کە زانایانی دەروونناسی کۆمەلایەتی باسیان لێوە دەکەن، یاخود با بڵێن هێزی هاندەر incentive power (دەسەلاتی خەلاتکردن) و هێزی خورتی coercive power (دەسەلاتی سزادان). هەرسێ هێزەکەی تریش لەم دووانە هەڵدەقوڵێن. هێزی شەرعیانە، هێزی پۆلیس یاخود ناوبژیوان، ئەو دەسەلاتەیە کە بە تاکێک بەخشراوە و بەو پێیە دەتوانێ پێوەری هەڵس و کەوتەکان بسەپێنێ. هێزی شەرعیانە لە هێزی خورتی ئەچێ بەوەی کە هەڵس و کەوتی نابەجێ بە غەرامە یاخود سزایەکی تر سزا دەدات. هێزی ناوبژیوان، هێزێکە بە کەسانێک دەبەخشرێ لەبەر چاکییان یاخود دەستکەوتەکانیان یاخود هەڵوێستەکانیان. تێرکدرنی حەزی هەستکردن بە وێکچوون لەگەڵ ناودارێک یا قارەمانێک ئەوە خەلاتی ملکەچبوونە. هێزی پسپۆر، هێزێکە لە خوێندن یا ئەزموونە سەرچاوەی گرتووە. زۆر جار جێبەجێکردنی رێنماییەکانی راهێنەریچکی بەئەزموون سەرکەوتنی لێ بەرهەمدێ وەک خەلات. هێزسپۆران بە بارودۆخەکانەوە بەندە، چونکە نەشتەگەرێکی مێشک ناتوانێ بۆریەکانی ئاوی ماڵەکەت بۆ چاک بکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕیکەوتی: ١٦ی جانێوێری ٢٠١١

## سپاسنامەیەک بۆ ماڵپەری گیارەنگ.

سپاس بۆ ماڵپەری گیاڕەنگ کە، شان بەشانی فەرهەنگ وکەڵتۆری کوردەواری هەنگاوی بە کەڵک و بەجێی ناوە بۆ بەرە وپێش چۆنی خزمەتی زیاترو پێشکەوتوویی گەلەکەمان، لە هەموو بوارەکاندا.

زۆر بە جێیە کە بلێن ماڵپەری گیارە نگ، زۆر کەسی کردوتە نووسەرو خوێنەرو هاندەریکی باش بووە بو لاوان،ژنان و سەرنجی زۆر کەسی خاوەن قەڵەمی دیکەشی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

زۆربەجێیە بلێن ماڵپەری گیارە نگ، زانیاری بەکەڵک ودەقیق و بە هێزی داوە بە خوێنەرانی خۆی، کە بەخوشییەوە دەتوانین بڵێن کەلتورێکی لێک تێگەیشتن و سەر دەمیانەیە دیالۆگێکی سەر دەمیانەی ڕەچاو کردوە.

هێوادارین ماڵپەری گیارە نگ و بەریوە بەرانی ماڵپەری گیارەنگ، زیاتر هەوڵی تێ گەیشتنێکی زیاتربدەن و ببنە پردێک لە نیوان خوێنەرو،نوسەرو و کۆمەڵگادا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕیکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١١

---

## باوەرم بەهەشتی مارسی سیمبۆلی نیە.

لەکاتێک دا زۆرینەی گەلانی دوونیا بەدەستی زۆردارانی، ئیدۆلۆژیی ،کۆمۆینزم،مۆسلمان،دیکتاتۆر و حکوومەتە تۆتالیتارەکانەوە دەچەوسێنەوە، بە تایبەتیش کورد کە لە سەرەتای مێژووی دروست بونیەوە هەتا یستاش هەر دەچوەسێتەوەو زۆلم و زۆری لێ دەکرێت، نەوەک هیچ ماڤێکی ینسانی نیە، بەڵکۆ هەر لە ژێر چەپۆکی دگیرکەرانی وڵاتەکەمان کوردستان،دا بەبێ ماڤ ماوینەتەوە. ژنیش شان بەشانی پیاوان لە کوردستان لەو مێژووە خوێناویەدا نەوەک بەشداری چالاکانەیان هەبووە بەڵکۆ لە پیاوان زیاتر خوێنیان بۆ داوە، سەر قافلەی شۆرش بوون.

هەرکاتێک کوردستان لە دەستی داگیرکەران ڕزگار کرا. ئەوە کورد دەبێ حکوومەتێکی دیمۆکراتیک دابمەزرێنێت کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی لەژێری دا پشو بدات و هەوای ئازادی هەڵمژێت.

ژنانیش دەبێ لەو حکووتە دیمۆکراتی کوردیەدا زۆرترین پشکی هەبێت، هەر کات ئەو پشکە یان ئەو مافەیان لێ زەوت کرا، حەق وایە کۆمەڵگای پیاوسالاری کوردستان بە دیکتاتۆر ناوبنرێت و شۆرشێکی فیمینیسمی دەست پێ بکات.

هەشتی مارس رۆژی، ژنی دەولەمەندەکانی ئەمرۆی دونیایە کە، حکوومەت، شیرکەتە گەورەکان،چالە نەوتەکان، خاوەن تیکنۆلۆژیە گورەکان، خوێنمژەکانی سەر گۆی زەوی بەرێوە دەبەن.

ژنی فەقیرو هەژارەکان، خەبات دەکەن و خوێنی بۆ دەدەن، ژنە دەوڵەمەندەکانیش پێان پێ دەکەنن و گاڵتەیان پێ دەکەن.

ئەو ژنانەی کە دەخوێنن و خۆیان پێ دەگەینن و دەبنە دکتوور و مهەندیس پلەداری کۆمەڵگا، هەست بە بوونی یەکسانی مرۆڤەکان دەکەن و خزمەتیان دەکەن، وە هیچ جیاوازیک لە نێوان ژن و پیاو دا ناکەن.

ئەو ژنانەی کە یستا پێناسەی خۆیان نازانن و فەرقی خۆیان لەگەڵ ژنێکی غەیرە کورد لێک ناکەنەوە، لاڤی فیمینزمی لێ دەدەن،. کاریان هێرش کردنە سەر کۆمەڵگای کوردەواریەوە، پیاوی کورد بە دیکتاتۆر ناو دەبەن.

ئەووەش جۆرە کولتوریکی تی نەگەیشتوانەیە کە بەشێکی کۆمەڵگا بە داهاتویەکی نادیار دا دەبات.

سپاس بۆ ژن کە گوڵ و دڵی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە، سپاس بۆ ژن کە ئەقلی مۆدێرنی کوردایەتیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕیکەوتی: ٩ی مارچی ٢٠١١

## فەلسەفە و سیاست (کورتە بۆچۆنێک لە سەر وتووێژەکەی بەرێز خوسرەو عەبدوڵاهی)

مرۆڤی سیاسی دەبێ زۆر بە نەرمی هەوڵ بدا نیشانی بدات کە مرۆڤێکی تێگەیشتوە و ژیرە کە چۆن خۆی بە سیاسەتەوە خەریک بکات.

لەبەر ئەوەی دژی کە ئەو بۆ چوونە راوەستی کە سیاسەتیان بەکاریکی بێ نرخ دەزانی. ڕاستە ئەوی خۆی بە کاروباری دەوڵەت یان پارتیکەوە خەریک بکا تووشی مەترسی گەورە دەبێ و زۆر جاریش بەچاکە بۆی ناژمێردرێ، بەڵام هێشتا لایەنەباشەکانی زیاترە.

ئەو زانیارەی کەلەخزمەتی دەوڵەت یان پارتێک دادەبێ کارابن بۆخزمەتکردن بۆگەڵ و نیشتیمان، چونکە ئەمە یەکەم هەنگاوی مرۆڤی ژیرە.بەڵام ئەو زانیاریانە نابێ هەرمات بێت، دەبێ لە چالاکی سیاسی دا خۆی بنوێنی.

ئەمن ئاوای بۆ دەچم کە مرۆڤ نابی تەنیا پاک بێت دەبێ زۆر ژیرانە ویژدانیشی بخاتە کار. بۆ ئەوەی لە دەربڕینەکی دا بەهەڵەدا نەچێت دەبێ بزانین کە پاکتربێت، لێرەدا ئەو واتا ساکارەی نییە کە مرۆڤ لە دونیادا باوە، ژیری لە وێدائەوەیە کەلە زانستی گەورە و بە هێزی، زانستی سروشت تێ بگات کە مرۆڤیش بەشێکە کە لەو سروشتە و لە ڕێشەوە زانستی دەستوری هەڵسوکەوتی مرۆڤ، چاک و خراپە داوە دەست دێنیت، واتە ژیربێت شەپڕێوانە و هەڵەی مێژووی نەکات و لەبەرئەوەش مرۆڤی ژیر،لە سیاستدا، لەنرخاندن نابێت هەڵەی زۆر بکات.

جگە لەوەش پێموایە کەبنەما فەلسەفییەکانی چاکە و خراپە لەلایەن ئەو کەسانەوە دۆزراونەتەوە کە دەستور بۆ کۆمەڵگا یان بۆ دەوڵەتان دادەنێن.(وە ک فەلسەفەدانی مەزن سیسرۆ باس لە فەلسەفەی سیاسی دەکات بروانە سەر چاوە ئەم لینکە: http://no.wikipedia.org/wiki/Marcus_Tullius_Cicero

کە واتە لەبەڕێوە بردنی سیاسی و یاساییدا کە ئەقلێەتی مەنتیق و ژیری ئاشکرا و ئاواڵەیە. ڕاستی ناسین لە کوێوە دێ! بەڵام پیاو تەنیا بەو ئەقلێتە پێڕەوی یاسا بکات، نابێتە مرۆڤێکی ژیرو سیاسی، نمونەش لە

شاگردێکی ئەفلاتۆن دینێنەوە کە دەڵی ئەوە ئەرکی فەیلسوفانە وەها لە خەڵک بکەین بەڕەزامەندیی خۆیان ملکەچی یاسابن، واتە خەڵک تێبگەیەنین ئەوەی یاسا دەیڵێ کارێکی ژیرانە وئاقلانەیە.

ئەمەش مەسەلەیەکی نیسبی یان مام ناوەندی نییە مەبەستیش لێرەدا ئەوە نییە کە هەموو دەستورێکی هەموو دەوڵەت یان پارتێک هەمیشە راستگۆ دروستن،نە خێر وە ها نالێن. دە ستورەکان نابێ دژی مرۆڤەکان و سروشت بن.

کە ئاواش بوولە وتەیان قسەی بێسەروبەرە نێزیک دەبینەوە. خەڵکی دەبێ فێری ئەوەبن کەیاسا بەرهەمێکی ژیرانەیە، واتە دەستوورێکی کەلەگەڵ سروشتدا دەگونجێن. بۆ ئەوەی لەم بیسەروبەرییە ڕزگارمان بێ دەبێ ڕوونی بکەینەوە کە کاری ژیرانە چییە یان با بلێن فەرمانی سروشتی چیە بۆ ئەم شێوە نائەقلانیە بیرکردنەوە.

لێرە دا نابێ چاوەڕێ وڵامێک بین کە لە شێوی پەیمانی مافی مرۆڤ کە لەم کاتە دا باسی لێوە دەکرێ، ئەگەرچی ئەو پەیمانە پێوەندییە کی فیکریی دوور دەستی هەیە لەگەڵ ئەوەی لە بیرو بۆچۆنی کۆن دا پێ دەوترا دەستوری سروشتەکی.

ناکرێ دەستوری سروشتەکی لەشێوەی تێکستی یاسایی ئەم سەردەمەدا داڕێژرێ.لەگەڵ ئەوەش دا، لە ڕۆمای کۆندا چەمکی یاسای سروشتەکی ناوەڕوکێکی کونکرێتی وەرگرتوە و مایەوە بۆ پاش نەمانی خۆی ووردوخاش بوونی ئەو سیستەمەی خەباتی بۆ دەکرد،بۆ ئەو یاساناسانە مایەوە کە چەندین سەدەی پاش دەورانی قەیسە رەکاندا کاریان بۆ دەکرد.

لە پاش ئەوە و بە شێوازێک ما فێکی دیکە بۆ گەلانی دیکە هاتە کایەوە کە پێ دەگوترا، مافی گە لان. ئەو مافی گەلانە لە ئاستێکی ئابستراکتیف دا، بوو بەوەی کە مافی گەل و دەوڵە تی هەمەجۆرە کودەکاتەوە. واتە مافی گەلان بوو بە دەربڕێنیک لە هەستکردن بەماف دەکەن.

پێم وایە سروشت وەهای دروست کردوین کە لەگەڵ ئەوەشدا دەڵی زۆر جار ئەم هۆشیارییە لە لایەن دوژمنانەوە دەشێوینرێ وتێک دەدرێ. تەنیا هەرمرۆڤە ژیرەکانن بە تەواوی دەزانن ماف چییە. ماف بەرهەمی نەرێت نییە

بەڵکوو رەسەن و هەمیشە کێیەو گەلی کوردیش لە و ژێرییەبێ بەش نییە و، زۆر بەبیرێکی تێژوژیرانە دەڕوانێتە مافەکانی خۆی کە ساڵە های ساڵەخەبات و تێکوشانی بۆ دەکات، وەک باقی مرۆڤەکانی دیکەی ئەم سەردەمە بەئازادی و سەربەستی بژی، نەوەک ژێر دەستی چونکە گەلێکی ژیرە.

لێرەدا پرسیارە کە بەروی بەرێز کاک خسرو عەبدوڵاهی دەکەین کە چۆن دەڕوانێتە ئەم جۆر ئەقلێتەی کەباس لە داهاتویەکی نادیاری خوێناوی دەکات بەبێ ئیزنی کۆمەڵگاکەی کە ٣٠ ساڵە لێ دورە لە جۆرە بڕیارە ناسیاسیانە دەدات. بەرێز کاک دوکتور خەسرو چۆن لە سیاست تێگەیشتوە، ئایا لە ڕوانگە ئەوەوە کۆمەڵگای مۆدێرن و لاوان و ژنانی تێگەیشتووی ئەمرۆکە بەدوای ئەم جۆرە پارادۆکس و هەلپەرستانە دەکەون. بێ گومان نەخێر.. وەڵامەکەی بەجێ دەهێڵم بۆ بەرێز کاک دوکتۆر خەسروی عەبدوڵاهی لە پایتەختی ئەقل و مەنتیق پاریس!!

http://no.wikipedia.org/wiki/Om_staten

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕیکەوتی: ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

---

## چۆن دەتوانین کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی کوردی بۆ خۆمان بونیاد بنێین

دەبێ هەمیشە و لە هەر شوێنێکدا، لە کوردستانی سەربەخۆدا، لە کوردستانی فیدرالدا و لە کوردستانی ئازاددا دژ بە گشت روخسارێکی تۆتالیتاریستانەبین. هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا، لە ناو خێزاندا، لە ناو کۆمەڵگادا، لە ناو داموو دەزگاکانی حکوومەتدا دژ بە هەموو هزرێکی دیکتاتۆرانەو تاک پەرستانەبین و هەروەها دژ بە هەر جۆرە هەڵسوکەوتێکی نادێموکراتیانەبین.

چونکە خەباتی ئێمە تەنیا بۆ کوردستانێکی ئازاد نییە، بەڵکو بۆ کوردستانێکیشە کە تیایادا رێز لە کەسایەتیەکان و تاکەکان بگیرێت، رێز لە ئازادیی بگیرێت، رێز لە دیموکراسی بگیرێت، رێز لە مافی یەکسانی ژن و پیاو بگیرێت، رێز لە دەسەڵاتی یاسا بگیرێت، رێز لە مافەکانی مرۆڤ بگیرێت.

خەباتی ئێمە بۆ تاکێکی کوردستانیی و کۆمەڵگایەکە کە باوەڕی بە ئازادیی، پلورالیزم، نەمانی چەوساندنەوە، یەکسانی، دڵفراوانیی، دادپەروەری، هاوکاریی، و هۆشمەندیی نەتەوە پارێزی هەبێت.

کۆمەڵگای سەرکەوتوو، کۆمەڵگای یاسایە دەبێ یاسا سەروەر بێ. کۆمەڵگایەکە کە تیایادا یاسا و دامودەزگای دەستووریی بەتەواوی سەروەر و سەربەخۆبێ. بەڵێ سەر بەخۆ بە مانای وشە...

دەوڵەتی باش ئەو دەوڵەتی یاسایەیە، کە زامنی دادپەروەریی، و یەکسانیە بۆ گشت ئەندامەکانی کۆمەڵگاکەی بە بی جیاوازی. دەوڵەتی چاک دەوڵەتی دامودەزگای هەڵبژێردراو و دەستورییە، کە لە بەرژەوەندی هاوڵاتیان تیایادا لەسەروی هەمووبەرژەوەندیەکی دیکە دایە کە حوکمی باش، لە هەموو بەشەکانی بریاروەرگرتن و ئەنجامداندا، نەک وەک سێبەرێکی بی رەگ و روو بەڵکو وەک حاکمێکی دیموکرات و یاسا سەروەر بێ.

دیموکراتیەت فەرزدەکات کە هەمیشە راپرسی بەگەل بکرێت.

دیموکراتیەت رێنادات کە بریار لەسەرەوە وەک ئایەت فەرز بکرێت. بەپێچەوانەوە بریاروەرگرتن و حوکم کردن هەمیشە لە خوارەوە هەڵدەقوڵێت.

هیچ پێشکەوتنێکی ژیاریی دروست نایەتە دی بێ بەشداری چالاکانەی میللەت لە پرۆسەی دروستکردندا بە هەموو بەشەکانیەوە، واتە، نەخشەکیشان، جێبەجێکردن، چاودێری و بەردەوامیبوون.

سوودوەرگرتن لە گۆڕانی مێژوویی پێویستی بە بریاری مێژووییە. پێویستی بە هەنگاوی مێژووییە باری ئەمڕۆی کوردستان ماف بە گەلی کوردستان و رۆشەنبیری کوردستانی دەدات کە بەخۆی ڕابگات و ریزەکانی رێک بخاتەوە و لە پێناوی سەربەخۆیی گشت کوردستان، و مۆدێرنکردنەوەی بزوتنەوەی رامیاریی و کۆمەلایەتی و ئابووریی کوردستان ئەلتەرناتیڤی نوێ پێشکەشکات و هەڵبژێرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕیکەوتی: ٢٩ی نۆکتۆبەری ٢٠١١

# دیپڵۆماسیی کورد لە چ ئاستێکدایە

دیپلۆماسیی کوردو کرانەوەی دەروازەیەکی نوێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و لوتکەی بەرژەوەندیی نەتەوەکەمان بە شێوەیەکی ژیرانە، دەمانگەیەنێتە ئاستێک کە بۆ خۆمان بتوانین داهاتووی خۆمان دیاری بکەین.

ئەو حیزبانە کە خولیای سەرکەوتنی نەتەوەکەیانن، لە بەرژەوەندیی گەلەکەیان چۆن رەفتارو سیاسەت دەکەن‌و، لە دنیای دەرەوەدا لە چ ئاستێک و لە چ بازنەیەکی بەرژەوەندیدا دیپلۆماسی دەکەن، هەمووی ئەوانە لە چوارچێوەی کاری دیپلۆماسیی کورددا خۆیان دەبینێتەوە. لە هونەرو تاکتیکی کاری دیپلۆماسیدا ئەگەر لە چاوی دەوڵەت ـ نەتەوەوە چاوی لێبکەین، دەبینین کە تا ئاستێک خەریکە جێگای خۆمان بکەینەوە. بەڵام لەگەڵ گۆڕانەکان لە جیهانی دیپلۆماسیدا کە خۆی لە گۆڕان لە ئاستی جیهانیدا دەبینێتەوە، دیارە دەتوانین بڵێین لە سایەی خۆڕاگریی پێشمەرگەوە کورسییەک لە سیاسەتداو لە دنیای دەرەوەدا بۆ کورد دیاری کراوە.

بەڵام لە بەشە جیاوازەکاندا هەر بەشێکی کوردستان بە جیا لە هەوڵی ناساندنی خۆی و دۆزی کوردیدا بووین. هۆیەکەشی ئەوەیە لەم پرسە پرسێکی ئاڵۆزەو ئێمەش یەکگرتوو نیین. بۆیە لەم ساتە مێژووییەدا کە هەموو بەشەکانی کوردستان بەشێوازی جۆراوجۆر چالاکن و لە هەوڵی بە دیفاکتۆکردنی بەشەکەی خۆیاندان، پێویستە سیما چالاکەکانی دیپلۆماسی لە دنیای دەرەوەشدا زۆر بەباشی دەرکی ئەو بارودۆخە بکەن. هەر بۆیە پێدەچێ ئێستا کاتی ئەوە هاتبێ کە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە؛ ئاخۆ دەبێ لە سەر دیپلۆماسیی کورد بەگشتی چۆن خوێندنەوە بکەین کە ببینە بەشێک لە هێزی ئەو ناوچەیەی کە ئێمەی لێ دەژین؟

## "رۆژهەڵات"

لە سەر ئەساسی ئەم پرسیارە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ئاستی دنیای دەرەوەدا خەریکە مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتدا دەکاتە دیفاکتۆ و پرسی رۆژ. لێرە دا دەتوانین ئیشارە بە دیپلۆماتکارە ئامریکاییەکان بکەین کە چەندین جار بۆ پرسی کورد لە ئێراندا سەردانی ئەو حیزبەیان کردووەو لە ئاستی بەرزدا، فەرانسەوییەکان و

ئینگلیسییەکانیش بە هەمان شێوە. دەوڵەتانی نۆرویژ و سۆئید و ڕێکخراوی ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیستیش بە گشتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە خاوەن نفوزو ئەدرەسی کورد لە ئێراندا دەزانن. لە ئاستی نێوخۆییشدا پرسی رۆژهەڵات تەوەری، چالاکی مەدەنی، پرسی ریفراندۆم و پارێزەرانی رۆژهەڵات و حزوری پێشمەرگە لە نێو شارو گوندەکاندا روحێکی تازەیان بە کۆمەڵانی خەڵکی بەخشیوە، هەر بۆیە ئەرک و رەفتاری دیپلۆماسی و ستراتیژی ئەو حیزبە ئەوەندەی بتوانێ و لە دەستی بێت، دەبێ ببێتە سەکۆیەک بۆ گەیاندن و خوێندنەوەی رەفتار و سیاسەتە دەرەکییەکانی کورد لە پانتایی سیاسەتی ئەمرۆی جیهان لە پەیوەندی لەگەڵ کورددا. لەم ڕەهەندەوەیە کە دەتوانین سەرکەوتووبین.

لە ژمارە ٦٧٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕیکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٦

---

## حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆرترین ئەرکی لە سەر شانە

هەوڵدانی بەرپرسانەی حدک بۆ چارەسەری کێشەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و دنیای دەرەوەدا دەبێ پێداچونەوی تێدا بکرێ و کەڵکی زیاتر لە کێشەکانی ناوچەکە وەربگرێت و دەبێ مێتودی خۆی لە چوارچێوەی دیپلۆماسییەکی بەهێزتردا دابرێژێتەوە کە ببێتە بنچینەی پلاتفۆرمی سیاسی حدک لە پێناوی بە دیفاکتۆ کردنی پرسی کورد لە سەر ئاستی ناوچە و نیونەتەوەییدا.

مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەتا دێ زیاتر دەخرێنە پەراوێزەوە ئەو پەراوێزەش بە پلانی تۆکمەوەیە. پرۆسەی سیاسی پێوەندیدار بەم مەسەلەیە بەتایبەتی لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە لە ئاستی نێونەتەوەیەوە خۆی لێ دەدزرێتەوە و پەردەپۆش دەکرێ. کە وابوو چۆن و بە چ شێوازێک دەتوانین کۆدی ئەو پلانانە تێک بشکێنین. بە دڵنیایەوە بە دیپلۆماسییەکی بەهێزی بەرنامە بۆ داڕێژراو لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و خەباتی مەدەنی و میدیایی لە نێوخۆدا دەتوانین بەشێکی زۆر لە ئامانجەکانمان وەدی بێنین و خەونی

دژمنەکەشمان تێک بشکێنین.

کورد لە باشوری کوردستان کە خاوەنی حکوومەتێکی نیمچە سەر بەخۆیە لە بواری ئابووری، دیپلۆماسی و سەربازییە، لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی‌دا پشتیوانی لێ دەکرێت، هەتا ئاستی ناسینی بە دەوڵەت.

کورد لە رۆژئاوا دا بونەتە خاوەنی چەند کانتۆنێک و ژنانی تێکۆشەر لە شەری کوبانی دا بونە دیفاکتۆیەکی نێونەتەوەیی ودنیایان سەرسام کرد و مێژوو کوردیشیان درەوشاوەترکرد.

خەبات لە باکووری کوردستانیش لە پێناو مافی نەتەوەیی کورد بە شیوەازێکی مەدەنیانە تەنگی بە تورکیە هەڵچنیەوە و ئەوانیش بونەتە دێفاکتۆیەک لە هەمان کاتدا لە ئاستی نیونەتەوەیەوە پشتیوانیان دەکرێت.

لێرەدا پرسێکی گرینگ بۆ ئێمەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان دا دێتە پێش، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە چۆن دەروانینە ئەو بارودۆخە کە بەسەرمان داسەپاوە و ئەرکی سەرەکی ئێمە بۆ چارەی کێشەی کورد لە رۆژهەلات و پرسی نەتەوەییمان چییە؟

ئایا کێشەی ئێمە لە رۆژهەلات لە گەڵ حکوومەتێکی توتالیتاری وەک ئێران کە هیچ باوەرێکی بە دیالۆگ و دیمۆکراسی نییە و هیچ نەتەوەیەکی دیکە لەو وڵاتەدا قەبوڵ نەکردوە و ناکا، چۆن چارەسەر دەکرێ؟

بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ حکوومەتێک کە بەردەوام کوردی بە دوژمن و لایەنگری ئوروپا و ئامریکا داناوە، دیپلۆماسییەکی بە هێز و بەرنامە بۆدارێژراو و خەباتی مەدەنی لە نێو کۆمەڵگای رۆژهەلات دا بە شێوازێکی تۆکمەتر، هەروەها ئابورییەکی بەهێز دەتوانی زۆر کارساز بێ.

هەر لە سەر بنەمای ئەم روانگە سیاسی و دیپلۆماسییەی کە ئیمکانی پێویستی بۆ پێشکەوتنی ئابووری بەهێزو کەسانی پسپۆرهەیە، دەبێ حیزب بە سەرتاپای سیستمی سیاسی و تەشکیلاتی خۆیدا بچێتەوە.

حکوومەتی ناوەندی لە تاران بە دژایەتی توووند دەگەڵ خەباتی سیاسی سەرجەم حیزبەکان و بە تایبەت حدک بە

میتودی شەر، توندو تیژی، گرتن، ئەشکەنجە و ئیعدامی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە کوردستان دا بە تەمایە بەر بە نارەزایەتییەکان بگرێ و کۆتایی بە کێشەی کورد بێنێ. بەڵام ئەزمونی دەیان ساڵی رابردوو نیشانی دەدا کە هەرگیز ئەم روانگە سیاسی‌یە و ئەو زەبروزەنگەی هەتا ئێستا لە لایەن حکومەتی ناوەندی‌یەوە لە کوردستان دا پەیڕەوکراوە نەیتوانیوە رێگا چارەی کێشەی کورد بێ.

خەباتی مەدەنی و دێمۆکراسی بە بێ نەبوونی پلاتفۆرمێکی سیاسی تۆکمە و پەرتەوازەیی خۆی ئیمکانی ئەوەی نەبووە کە رۆڵی بزوتنەوەیەکی بەرین لە نێوخۆ بخولقێنن. ئەم بارودۆخە بۆتە هۆی پێکهێنانی بۆشایەکی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا کە حدک دەبێ ئەو بۆشایە پڕبکاتەوە، چونکە زۆرترین چاوەڕوانی لێ دەکرێت لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە.

پرسی کورد لە رۆژهەڵاتدا بە پێی مێژووش بێ زۆرتر بە باڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕواوەو هەر بۆیە دەبێ زۆر هەستیارانە و بەرپرسانە کاری دیپلۆماسی بۆ بکات.

پلاتفۆرمێکی هاوبەشی نەتەوەیی بە بەشداری چالاکانی سیاسی، مەدەنی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە نیوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرستی حدک، دەتوانێ هەنگاو بە هەنگاو کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو رزگاری بەرێ.

**لە ژمارە ٦٨١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕیکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠١٦**

# بەجیهانیبوونی سەردەم

**وەرگێڕان لە نۆرویژیەوە: ناسرقادرپوور**

گلوبالیزم وشەیەکی سیاسی، ئابوری، تێکنۆلۆژیکی، کۆمەڵایەتییە. لەگەڵ دروستبوون و پەرەسەندنی سەرمایەداریدا باس لە شێوەکانی پەرەسەندنی سیستمی سەرمایەداریی دنیا دەکا کە لە رۆژئاوا سەریهەڵداوە و بەرەو رۆژهەڵات بە مەبەستی داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی هەموو شێوەکانی ژیان هەنگاوی ناوە.

بەجیهانیبوون(گلوبالیزم) دیاردەیەکی جیهانی هەمەلایەنەیە، تا ئەو رادەیەی کە سنووردار ناکرێ و هیچ دەوڵەت و سیستمێک ناتوانێ بەری پێبگرێ، جا هەرچەندە پێشکەوتوو یان دواکەوتوو بێ.

بەجیهانیبوون سیستمێکی بەهێز و بەتوانا و کاریگەرە لە بەجیهانی کردنی ئابووریی بازاڕ، بە شێوەیەک کە دەسەڵاتی ئابووری لە دەست کۆمەڵێکی بچوکدا دە سووڕێتەوە.

جیهانگیری کە پێکهاتووە لە گەشەکردنی شێوەکانی بەرهەمهێنان تا ئەپەڕی خۆی، لە لایەکەوە هەموو خەونەکانی سەرمایەداریی جیهان بەدیدێنێ و لە لایەکی دیکەشەوە رێژەی بێکاری لە نێو کۆمەڵدا پەرە پێدەدا هەتا دەگاتە پەنجا بە پەنجا لە نێو کۆمەڵگەدا.

بەجیهانیبوون لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا رۆلی خۆی دە بینێ و دەست دەخاتە نێو بچوکترین شێوەکانی تێکۆشانی مرۆڤەوە، هەر لە گەشەکردنی بیروڕای ئازادی تاک و گونجاو لەگەڵ بارێکی دراوی داسەپاودا، هەتا دەگاتە خو و رەوشتی کۆمەڵایەتی و خێزانیی تاکەکان لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و تێکنۆلۆژیکیدا.

چەند بەشێک کە لە گلۆبالیزمی سەردەمدا گرینگن و پێویستە بیانخەینە بەرباس:

١) بەجیهانبوونی ئابووری: گلۆبالیزم کە لەم مەیدانەدا ئەسپی خۆی لە شێوەی پەرەپێدانی تێکنۆلۆژیی سەردەمدا و بەرەوپێشچونی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان لە شێوە ئورووپایەکەیدا تاو دەدا، تا لە کەمترین کات و هەرزانترین تێچوو و باشترین جۆری بەرهەم و زۆرترین دەسکەوتدا خۆی دەبینێتەوە. هەر لە بەشەکانی کشتوکاڵی و بازرگانی و پیشەسازییەوە بگرە تا دەگاتە ئاڵوگۆڕی دراو و پرۆسەی بانکی. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تێکنۆلۆژیش لە مەیدانی ئابووریدا، بێکاری پەرەدەستێنێ و ئاستی ژیانی هێزی کار دادەبەزێ. دیارە لەم مەیدانەدا واتە مەیدانی ئابووریدا بەجیهانیبوون زیاتر بە قازانجی وڵاتانی سەرمایەدارییە.

٢)بەجیهانیبوون لە مەیدانی رۆشنبیریدا: بەجیهانیبوون جۆرە سیستمێکی جیهانیی تایبەتە کە ئازادیی تاک لە بیروڕادەربڕیندا گەشە پێدەدا، بەبێ هیچ جۆرە کۆتوبەند و ڕێگرییەک. ئەمەش تا هەنووکە پرۆسەیەکی دوورودرێژی بڕیوە.

دیسان لەم مەیدانەشدا تێکنۆلۆژی رۆڵی گرینگی خۆی بینیوە، ئەگەرچی جۆرە سانسۆرێک لە سەر رۆژنامە، گۆڤار، خۆپیشاندان، سمینار، میزگرد یان هەر جۆرە چالاکییەکی دیکەی دەربڕینی بیروڕا و بۆچوون هەبێ، بەڵام پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی دەرەتانی سانسۆڕی کەم کردۆتەوە؛ بۆ نموونە پە یدابوونی موبایل و ئینتێرنێت و ماڵپەڕی ئینتێرنێت مەیدانی دەربڕینی بیروبۆچوونی زۆر فراوان کردووە. بەم جۆرە مەجالی سانسۆڕکردن زۆر بەرتەسک بۆتەوە. جیهانبینی گلۆبالیزم وای لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کردوە کە دنیای کردۆتە گوندێکی بچوک کە بچوکترین دەنگوباس لە یەک چرکەدا لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاو دەبێتەوە.

٣) بەجیهانیبوون لە مەیدانی کۆمەڵایەتیدا: بەجیهانیبوون لەم مەیدانەشدا بە پرۆسەیەکی دوورودرێژدا تێپەڕیوە. ئەگەرچی کۆمەڵگەی لە سیستمی باوکسالاری نەجات داوە بەڵام نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیشی لە بنەوە هەڵتەکاندووە و گۆڕیونی.

لە سەر ئاستی رۆژهەڵاتدا بۆتە مایەی سە رهەڵدانی دەمارگرژی نەتەوەیی و، لە هەمان کاتیشدا لە بندان و لە گرێژنەبردنی هەموو بەها گرینگ و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی ناسروشتی و دوور لە پرۆسەی سروشتیی بەرەوپێشچوون. کە بە شێوازی داسەپاندن و لاساییکردنەوە هاتۆتەئارا و ئەمەش ئاکامی باشی لێنەکەوتۆتەوە. لە م مەیدانەدا گلۆبالیزم نەیتوانیوە لە رۆژهەڵات ئامانجەکانی خۆی بە شێویەکی باش

بەرنامەڕێژی بکا  کە لەگەڵ گەشەی تێکنۆلۆژی دەیەوێ بەدی بێت.

٤) گلۆبالیزم لە مەیدانی سیاسیدا: لەم مە یدانەدا دوو زاراوەی دیکە و دوو سیستمی دیکەی سیاسی کە هاوشێوەی گلۆبالیزمن دە بنە مۆرکی کۆمەڵگەی رۆژئاوایی، کە دیسان بە چەندین رێگەی جۆراوجۆردا رۆیشتوون تا گەیشتوونە ئەو شێوەیەی ئێستا، کە ئەویش حوکمی دێموکراتی و کۆمەڵگەی مەدەنییە. ئێمە نامانەوێ لە سەر کۆمەڵگەی مەدەنی و بەها دێموکراتیکەکان بدوێین، بەڵام دەمانەوێ ئەوە روون بکەینەوە کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی یان بەرهەمە هەرەبەنرخەکەی گلۆبالیزم بریتییە لە سەرهەڵدانی دێموکراسی لە سیستمی بەڕێوەبەریی کۆمەڵگەدا؛ کە لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا چاوەدێری کردن و پاراستنی ئەو سیستمە دێموکراتیکە و تووڕهەڵدانی سیستمی سەربازی و دیکتاتۆری و وەلانانی دەسەڵاتی تاکڕەوی لە بەڕێوەبەریی کۆمەڵگەدا هێناوەتە ئارا. ئەگەرچی بەرەی رۆژهەڵاتیش بە رواڵەت وا نیشان دەدەن کە رێگەی دێموکراسییان گرتۆتەبەر، بەڵام بەکردەوە بچوکترین و سادەترین پارامێترەکانی دێموکراسییان بەجێ نەگەیاندووە؛ کە ئەویش بریتین لە هەڵبژاردنی راستەقینە و دەستاودەست کردنی دەسەڵات. دەسەڵاتدارانی رۆژهەڵات حەز ناکەن کەسیتر کورسی ئەوان بگرێتەوە هەوڵ دەدەن تا لە ژیاندا بمێنن کورسی دەسەڵات بەجێنەهێڵن.

٥) گلۆبالیزم لە مەیدانی دێموکراسیدا: لە نێو کۆمەڵگەی مەدەنی و سیستمی دێموکراتیکدا گلۆبالیزم بۆتە هۆی تێکەڵبوون و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی تاک و گرووپەکان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا. لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردوودا کاریگەری لە سەر کۆمەڵگە مامناوەندییەکانیش داناوە. پاش نەمانی شەڕی ساردیش وردەوردە خەریکە لە نێو کۆمەڵگە دواکەوتووەکانیش ریشە دادەکوتێ. بە تایبەت لە نێو کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا کە دەسپۆتیزم و دەسەڵاتی رەها بەرەو هەڵدێریان دەبا.

٦) گلۆبالیزم لە مەیدانی راگەیاندن و میدیادا: لە بارەی بەرەوپێشچوونی راگەیاندنی دەنگ و رەنگ، بە هۆی پەیدا بوونی ئینتێرنێت، (تۆڕەکانی)موبایل، سەتەلایت و فراوان بوونی مەیدانی کاناڵە ئاسمانییەکان، راگەیاندن بە ئاستێک لە پێشکەوتن گەیشتووە و ئەم بوارە بە رادەیەک گلۆبالیزە بووە کە خزمەتێکی گەورەی بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کردووە. کە ئەمەش دەبێتە هۆی لێکنزیک بوون و لێکتێگەیشتن و ناسینی زیاتری مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە لە یەکتر. بەم شێوەیە وەک دەردەکەوێ گلۆبالیزم لە هەموو ئاستەکانی ژیاندا و بە شێوەی جۆراوجۆر رۆڵی خۆی بینیوە.

http://en.wikipedia.org/wiki/Globalizatio

لە ژمارە ٦٨٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕیکەوتی: ٤ی ئاگۆستی ٢٠١٦

## لیبراڵیزم (Libralisme)

لیبراڵیزم ( لە وشەی لاتینی Liber واتە ئازادی)، فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی و ئیدئۆلۆژیەکی رامیاریە کە ئازادی تاک و یەکسانی، بنەما و ئامانجیەتی. لیبراڵیزم وەک رەوتێکی فەلسەفی، رەوتێکی هیومانیستانە و مۆدێرنیستانەیە، و وەک رەوتێکی رامیاری، سێکولار و دێموکراسیانەیە.

لیبراڵیزم وەک هەموو فەلسەفە و ئیدیۆلۆژیەکانی دیکە خاوەنی چەند قوتابخانەیەکە، بەڵام هەموو قوتابخانەکان لەسەر بۆچوونە سەرەکیەکانی لیبراڵیزم کۆکن. لەوانە:

مسۆگەرکردنی ئازادیەکان، مافەکانی مرۆڤ، دابینکردنی مافەکانی تاک، نەمانی هەژاری، پلوراڵیزمی کۆمەڵایەتی و رامیاری، یەکسانی هەل، هۆشمەندی، بەرزکردنەوەی پلەی وشیاری و زانیاری، لێبوردەیی، دەوڵەتی سێکولار، مافی خاوەنداریەتی، ئابووریی بازاڕی ئازاد، رێنەدان بە مۆنۆپۆل، ئازادیی رکەبەریی ئابووری و فکری، ئازادی دینی، دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت، بێلایەنی دامودەزگاکانی دەوڵەت، دەوڵەتی یاسا، سنووردارکردنی دەسەڵاتی حکوومەت ، کۆمەڵگەی مەدەنی، دادپەروەری، دێموکراسیی سیاسی، ئالوگۆڕی دەسەڵات، رێنەدان بە دەسەڵاتی رەها، لیبراڵ - دێموکراسی و هەڵبژاردنی ئازاد، پاراستنی تاک لە چەوسانەوە، رێنەدان بە تۆتالیتاریزم، رێنەدان بە تاکڕەویی و بەختەوەریی مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی لیبراڵ - دیمۆکراتدا.

## لیبراڵیزم لە روانگەیەکی مێژووییەوە

لیبراڵ - دێموکراسی وەک رامانێکی کۆمەڵایەتی لە سەرەتاکانییەوە خاوەن دوو بیرۆکەی سەرەکی بووە:

**یەکەمیان** ئەوەبوو کە شادیی مرۆڤ لە هەموو شتێک گرینگترە لە جیهاندا.
**دووهەمیشیان** کە مرۆڤەکان بێ رەچاوکردنی جیاوازی، لەگەڵ یەکتر بەرابەرن و کەس لە کەس باشتر نییە.
بەرهەمی ئەم رامانە کۆمەڵایەتییە، ئیدیۆلۆژیکی رامیاریی بوو کە ئازادی و رێزگرتن لە مافەکانی تاک، مەبەست و نێوەرۆکیەتی.

**تیۆری رامیاری لیبراڵ - دێمۆکراسی هەر لە سەرەتاکانییەوە پێناسەی دوو جۆرە ئازادی کردووە:**

١- ئازادیی لە ژێردەستی، ئازادیی تاک، سەربەخۆیی نەتەوەیی، سەربەخۆیی رامیاری، سەربەخۆیی ئابووری، نەبوونی چەوساندنەوە و ئەشکەنجە و سانسۆر و، ئازادیی هاتوچۆ دەگرێتەوە.

٢- ئازادیی هەڵبژاردن: لە مافەکانی مرۆڤە کە ئازادانە هەڵبژێرێ و ئازادانە بڕیار بدا. لە نموونەکانی ئەم ئازادییەش، ئازادیی بیروباوەڕ و رادەربڕین و چاپەمەنی و، هەڵبژاردنی خوێندن و جۆری کار و شوێنی ژیانە. هەروەها مافی بەکارهێنان Forbruker) ) کە لە بازاڕێکی ئازاددا بتوانێ ئازادانە کاڵا و خزمەتگوزاری هەڵبژێرێ و مافی دامەزراندنی بزنس و کۆمپانیا و کاری سەربەخۆی هەبێ.

لیبراڵیزم هەر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانییەوە، واتە لە سەدەی شازدەهەمەوە، شۆڕشێک بوو دژ بە دەسەڵاتی رەها و هەموو جۆرە ژێردەستییەک. جا چ ژێردەستیی تاکە بیر و هزرێک بێ، ژێردەستی داگیرکەر بێ، ژێردەستیی فەرمانڕەوای زۆرداربێ، ژێردەستی دەسەڵاتە دینییەکان بێ، یاخود ژێردەستیی چینایەتی بێ.

## لیبراڵیزم لە جیهانی ئەمڕۆدا

لە جیهانی پێشکەوتووی ئەمڕۆدا ئەم ئیدیۆلۆژییە رەگ و ریشەی لە بوارە کۆمەڵایەتی و رامیاری و

ئابووری‌یەکاندا وەها داکوتاوە کە ناکرێ لە خودی ژیانەکە جودا بکرێتەوە و تەنیا وەک بیرێک و تەوەرێکی سیاسی لێی بڕوانین. لیبراڵ-دێموکراسی لە دونیای پێشکەوتودا وەک ئیدئۆلۆژی‌یەک نەماوە، بەڵکو بووە بە ڕەوشتێکی کۆمەڵایەتی، بووە بە (مێتا ئایدیۆلۆژی)، واتە بووە بە ئیدئۆلۆژی‌یەک لە نێو ئیدئۆلۆژیەکاندا و فەلسەفەیەک لە فەلسەفەکان. لیبراڵیزم بووە بە نەریت و ژێرخانێکی فکری بۆ دانوستانی رامیاری، ئابووری و کۆمەڵایەتی. لیبراڵ دێموکراسی ئەمڕۆ خوورەوشتی مرۆڤی ئازادە.

لیبراڵیزمی رامیاری خەبات دەکا بۆ دامەزراندن و هێنانەدی بارودۆخێک کە تێیدا تاکەکەس و کۆمەڵ بتوانن بەو ژیانە خۆشە بگەن کە خەباتی بۆ دەکەن و ئامانجیانە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لیبراڵ - دێموکراسی خاوەن روخسارێکی جیهانیزمانەیە و دەبێ لە گشت شوێنێک و لە نێو گشت کۆمەڵێکدا پەیڕەو بکرێ. لیبراڵیزم ئیدیۆلۆژیەکە کە کەس پێویستی نییە لە گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی بترسێ چونکە بیرێکە کە بە یەکچاو تەماشای خواستی هەموو لایەک دەکا.

لیبراڵ - دێموکراسی نە چەپڕەوە و نە راستڕەو، بەڵکو میانەڕەوە. ئیدئۆلۆژی چینێک و گرووپێک و (جنسێک، ژن یان پیاو) و دەسەڵاتێک نییە. بەڵکو ئایدۆلۆژیای ئازادیی مرۆڤ و رێزگرتن لە تاکە. جگە لەمانەش دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە لیبراڵیزمی دێموکراسی باوەڕی بە بوونی ئیدیۆلۆژیەک یاخود هزرێکی (کامل)و رەها(موتلەق) نییە. بیری هەمیشە لە پرۆسەی گۆڕاندایە. ئەوەی کە سەرەکی‌یە بۆ لیبراڵەکان، گرینگیی ئازادیی مرۆڤ و رێزگرتنە لە مافەکانی.

## لیبراڵ - دێموکراسی

لیبراڵ - دێموکراسی خۆی شێوە دەستەڵاتداری‌یەکە کە نوێنەرایەتی دێموکراسی دەکا بە گوێرەی توانای هەڵبژێردراوەکان، کە تا چ رادەیەک دەتوانن سیاسەتی خۆیان لە مەڕ دابینکردنی عەداڵەت بەڕێوەبەرن. هەڵبەت لەپەیوەندی لەگەڵ ئازادیی تاک و مافەکانیاندا زەخت دەخەنە سەر دەسەڵات بە مەبەستی لەبەرچاو گرتنی مافی کەمایەتی لە لایەن زۆرایەتی‌یەوە. رادەی لەبەرچاو گرتنی ئازادی و مافەکان لە لایەن پێکهاتەکانەوە جیاوازیان هەیە، بەڵام نێوەرۆکی هەموویان مافی ئەمنییەت، ژیانی تایبەتی، دارایی و یەکسانی لە هەمبەر قانوون و ئازادی

رادەربڕین لە کۆڕ و کۆبوونەوە و تەنانەت ئازادیی دینیش لە خۆ دەگرن.

لە دێموکراسی لیبراڵیدا ئەو مافانە دەتوانرێ لە قانوونی ئەساسیدا تەزمین کرابن یان جاری واشە کە هێندێک پێکهاتە دادەمەزرێن کە چاوەدێری پاراستن و گەرەنتی جێبەجێ کردنیان بن. دێموکراسی لیبراڵی هەروەها دروستکەری بەستێنی تەحەممول و پلوراڵیزم و جیاوازیی سیاسیی بەرچاوە لە کۆمەڵگەدا و، ئیزنی بوون و رکەبەرایەتیی سیاسی بە هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان، بە مەبەستی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، دەدرێ. دێموکراسی لیبراڵی بۆیە باوەڕی بە دەنگدانە تا جیابیران بە بۆچوونی جیاوازیانەوە بەشدار بن و هەلومەرجی بەدەستەوەگرتنی دەستەڵاتیان هەبێ. لە کردەوەدا هەمیشە سەرکەوتن بەو تاقمە بووە کە لایەنگری دێموکراسی لیبراڵین و سیستمێکە خۆی درێژە بە مانەوەی خۆی دەدا. هزری لیبراڵ، لە دێموکراسی لیبراڵیدا بەو مانایە نییە کە قەوارەی دوڵەت سەبارەت بە رەچاوگرتنی ئیدۆئۆلۆژی سیاسیی لیبراڵیزم بخاتە ژێر فشارەوە. ئەوە تەنیا ئاماژەیەکە بەو راستییە کە دێموکراسی لیبراڵی لە هەمبەر دەسەڵاتدارانی سیاسی، پارێزەری ئەو مافانەی شارۆمەندانە کە بنەما قانوونییەکانی بۆ یەکەمین جار لە سەردەمی روناکبیریدا گەرەنتی کراون و لە لایەن ئەو فەیلەسوفانەوە کە نوێنەرایەتیی بیری ئازادیان دەکرد، دارێژراون کە هەر ئێستاش لە نێوەرۆکی زۆربەی ئەو ئیدئۆلۆژییە سیاسییانەدا کە دێموکراسی لیبراڵییان سەلماندووە، هەیە. دێموکراسی لیبراڵی دەتوانێ لە پێکهاتەیەکی کۆماری یان پێکهاتەیەکی پادشاییدا بگونجێندرێ.

سەرچاوە:

https://snl.no/liberalisme
https://no.wikipedia.org/wiki/Liberalisme

لە ژمارە ٦٨٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕیکەوتی: ٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

# مۆدێرنیزم

مۆدێرنیتە لەو کۆمەڵە چەمکانەیە کە لە ئەدەبیات، زانستی کۆمەڵایەتی، هونەر و ئایین و فەلسەفە و...دا بووەتە باسێکی بەرین و ئەم چەمکەی تووشی ئاڵۆزییەکی یەکجار سەیر کردووە. لە ئێرانیشدا ئەم چەمکە لەو ئاڵوزییانە بەدوور نیە. هاتنەئارای دیاردەی مۆدێرنیزم، یان بە واتایەکی دیکە نوێخوازی لە جیهانی رۆژئاوادا بەرپەرچدانەوەیەک بوو لە هەمبەر سوننەت و ئایینی مەسیحییەتدا، کاتێک کە مۆدێرنیزم ساحەیەکی بەرفراوان و ئاوەڵای لە ئاستی نێونەتەوەییدا بۆخۆی دەستەبەر کرد و لە ئورووپاوە پەلی هاویشتە ناوچەکانی دیکەی جیهان، تایبەتمەندی دژ بە سوننەت و ئایینی تا رادەیەک پاراست ئەمەش تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەو سیستمانەن کە لە مۆدێرنیزمەوە سەرچاوەیان گرتووە.

ئێمە لەم وتارەدا نامانەوێ کە بڵێین ئایا ئەم هەڵوێستە کە مۆدێرنیزم هەڵیبژاردوە، بەجێیە یان ئێستا گۆڕدراوە. بەڵکوو پێناسەیەیکی کورت و سوودمەند بۆ ئێوە خوێنەری بەریز لە روانگەی کۆمەڵێک بیرمەندەوە باس دەکەین.

جیهان بینیی مۆدێرنیزم دەتوانرێ لە هەشت خاڵدا کۆبکرێتەوە کە بریتین لە:

*ئینسانگەرایی:* ئینسانگەرایی لە بوارگەلی جیاوازەوە واتای جۆراوجۆری هەیە. بەڵام مەبەستی ئێمە بوارێکی تایبەتی ئەم چەمکەیە و لەو روانگەشەوە باسی لەسەر دەکەین. واتای تایبەتی لە ئینسانگەرایی "باوەڕ بە مرۆڤ" لەخۆ دەگرێت. ئێستا ئەم باوەڕە دەتوانێ لە چوارچێوەی زانست یان هێز و دەسەڵاتدا بەرجستە ببێت. بە واتایەکی دیکە ئینسانگەرایی بریتییە لە: باوەڕ و ئیمان بەوەی کە ئەگەر زانستی ئینسان جێبەجێکەری کێشەیەک نەبێت، هیچ کەس یان هیچ شتێکی دیکە چارەسەری ئەم کێشەیە ناکا و مرۆڤ دەتوانێ بەسەر کێشەکاندا زاڵ بێ. درکاندنی ئەم جۆرە بیروڕایە لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا، لە چوارچێوی ئەمەدا، کە مرۆڤ چارەنووسی خۆی، بۆخۆی دیاری دەکا و دیل و کۆیلەی هیچ کەس نیە، بەرجستە بووە. کاتێک ئەم بیرۆکەیە بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەبێ کە برێک کردەوە و ئەرک، کە لە روانگەی سوننەتی و کلاسێکدا شوێنی سەرنج و بیرکردنەوەیە، دەبێ پشتگوێ بخرێن

و بکەونە پەراوێزە یان نکۆڵیان لێ بکرێ.

*بیرۆکەی پێشکەوتن:* مۆدێرنیزم هەڵگری بیری پێشکەوتن و بەرەوپێشڤەچوونە. لە جیهانبینیی کلاسیکدا، مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا، بوونەوەرێکی ئارمانییە و لە زۆرینەی ئایینەکاندا بۆ ناسین و دیتنی مرۆڤێکی ئارمانی دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دواوە و لە سەچاوە بکۆڵینەوە. بەم پێناسەیە مرۆڤەکانی دەسپێک لە مرۆڤەکانی دوای خۆیان ئارمانیتر دەبن و وەک ئولگووی مرۆڤەکانی دواتر سەیر دەکرێن. لە بەرامبەر ئەم بیرۆکەیەدا، بیرۆکەی مۆدێرنیزم دەڵێ: مرۆڤ بەردەوام بەرەوە داهاتوو هەنگاو هەڵدەگرێ و نیسبەت بە ئاینده لە دۆخێکی دواکەوتووتر دایە، بەڵام نیسبەت بە رابردوو دۆخێکی پێشکەوتووتری هەیە و ناکرێ رابردوو بکرێتە ئولگووی داهاتوو.

لەپاڵ مادیگەرایی، راسیۆنالیزم یا هەمان عەقڵانییەت بەدی دەکرێ: عەقڵ دەتوانێ لە چاوچێوەی کردەوە و هەمیش تیۆریدا بجووڵێتەوە. هەڵبەت پێشینیانیش بڕوایان بە عەقڵ هەبووە بەڵام نەک بە شێوە و پێناسەی ئەمڕۆیی لە عەقڵ. لە روانگەی سوننەتی و کۆنەکانەوە، هەر شتێک لە بازنەی عەقڵی مرۆڤ بەدەر بێ، نەک راستیی هەبوونی ناچێتە ژێر پرسیار، بەڵکوو بڕوا بە بوونی، بەهێزتر دەبێ.

لە روانگەی سوننەتەوە دنیای مۆجەرەدات بەو هۆیە کە لە دەسەڵاتی عەقڵ بەدەرە، کەواتە واقیعیترە. پاشان دنیای مسال و دنیای مادی و دنیای سروشتی جێ دەگرن کە ئەوانیش بەو هۆیە کە عەقڵی مرۆڤ دەرکی پێدەکات و بەڵایەوە نامۆ نین، واقیعییەتی ئەوان بەهایەکی کەمی بۆ دادەنرێ.

لە جیهانبینیی مۆدێرندا، عەقڵانییەتێک زاڵە. عەقڵگەرایی مرۆڤی مۆدێرن سەرەتا روانگەیەکی ئێپیستمۆلۆژیک بوو پاشان هێدیهێدی گۆڕا و بوو بە ئینتۆلۆژیک. مرۆڤی مۆدێرن لە بواری ئێپیستمۆلۆژیکدا گوتی: هەر شتێک کە عەقڵ بە بەڵگەوە بیسەلمێنێ، بڕوای پێ دەکرێ، بەڵام ئەو شتانەی کە بە بەڵگەوە ناسەلمێندرێن باسیان لەسەر ناکەین، هەروەها ئیدیعای نەبوونیان ناکەین و ئەمەش بەو مانایە نیە کە دان بە بوونیشیاندا بنێین. بەڵام بەرەبەرە مرۆڤی مۆدێرن بە هۆی ئەوەی کە، ئەو شتانەی کە بە بەڵگەوە ناسەلمێندرێن بوونە جێی پرسیار، لە ئێپیستمۆلۆژیک دەربازی ئینتۆلۆژێک بوو. کەواتە لە جیهانبینیی مۆدێرندا کاتێک ئیدیعای وجودی شتێک دەکرێ یان بە بەڵگەوە دەبێ راستیی بسەلمێت یان لانیکەم ئەگەر راستییەکەی نەسەلما، دەبێ بەڵگەیەکی بەجێ یان لانیکەم عەقڵانی بۆ بهێنێتەوە و، ئەمە پێچەوانەی ئەوەیە کە لە مرۆڤی کۆندا بە دی دەکرا.

*تایبەتمەندیی تەجروبی:* مەبەست لە تەجروبی بوون بە مانای راوەستان و دژایەتی لەگەڵ عەقڵانییەتدا نیە، بەڵکوو بەو مانایە کە لە بیرۆکەی مۆدێڕندا هەر شتێک دەتوانرێ تاقی بکرێتەوە و دەتوانرێ هەڵوێستێکی رەخنەگرانەت لە بەرامبەریدا هەبێ. مرووڤی مودێرن شتەکان لە دەرەوەی تاقیکردنەوەدا نابینێ و ئەمەش بەو مانایە نیە کە مرۆڤی مودێرن لە هیچ شتێک بە تەواوەتی شارەزایی نیە. کەواتە دەتوانین بڵێین کە مرۆڤی مودێرن هیچ شتێک بە موقەددەس نازانێ و ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە شتە پیرۆزەکان یەک تایبەتمەندییان هەیە و ئەویش رەها بوونە.

*یەکسانیخوازی:* مەبەست لە یەکسانیخوازی بە واتای سیاسی، کۆمەڵایەتی یان ئابووری و... نیە، بەڵکوو یەکسانیخوازی لە دنیای مەعنەوییەتدا مەبەستە. لە جیهانبینیی مۆدێڕندا گرینگی بەوە دەدرێ کە هەرکەس تا چ رادەیەک دەتوانێ ئیدیعای خۆی بە بەڵگە و لۆژیکەوە بسەلمێنێ. لە راستیدا مرۆڤی مۆدێڕن بەهایەکی زۆر بە بەڵگە دەدا و هەوەڵ بەڵگە دەبێنی و لەسەری دەدوێ، پاشان ئیدیعا دەکا. ئەمە یەکسانخوازی لە جیهانی مودێرندا ساز دەکا.

*تاکگەرایی:* واتا و دەرەنجامی تاکگەرایی ئەوەیە کە بەدەست هێنانی مافی تاک گرینگ و پیرۆزە و لە ئەولەوییەت دایە. لە راستیدا تەرازوو و پێودانگەی مرۆڤی مودێرن بۆ رەت کردنەوە یان قبووڵ کردنی سیستمێکی حقوقی(یان سیاسی، ئابووری، خێزانی، نێونەتەوەیی و...) سەرکەوتن یان دۆڕانی ئەو سیستمەیە کە جێبەجێ کردنی مافی تاکی لە ئەستۆ دایە. کەواتە پێناسەیەک لە سەرەوەی پێناسەی تاک ناتوانێ جێگەی دادوەری بێ. پێناسەیەکی وەک قەوم، عەشیرە، سیستم و نەتەوە و هتد، بەگشتی دەبێ بگەرێتەوە بۆ لای مافی تاک و، هەر بەو هۆیەشە کە جیهانبینیی مۆدێڕن، ئەو مەکتەب و مەسلەکانەی کە بایەخدان بە تاک وەک پرەنسیپێک دەژمێرن، پێشوازییەکی باشتریان لێ دەکات، تا ئەوانی دیکە.

*هەستگەرایی:* ئاخرین خاڵ بۆ مرۆڤێکی مۆدێڕن هەستگەراییە، بەو مانایە کە مرۆڤی مۆدێڕن پێوانی هەمووی دادوەرییەکان لەسەر دەرد و دەجای مرۆڤ هەڵدەسەنگێنێ و بۆ لابردنی دەرد و دەجا و دروست کردنی دوخێکی لەبار و شاد لە تێکۆشان دایە.

لە یونانی و رۆمی چاخی کۆندا، چەمکێک بە ناوی بەختەوەری هەبوو کە چەمکێکی هێدۆنیستییە. ئەوان لەو

بڕوایەدا بوون کە بەختەوەری و هەست بەخۆشی کردن لە دەرەنجامی چەند شتدا پێک دێ. ئەرەستوو کە بیروڕایەکی هێدۆنیستی هەبوو دەیگوت: مرۆڤێکی بەختەوەر ئەو مرۆڤەیە کە جوانی و سەروەت و مڵک و ماڵ و دۆستی باشی هەبێ. بەگشتی مەبەستی ئەوەیە کە مرۆڤ بەو شێوەیە دەرد و ڕەنجێکی کەم دەبینێ و هەر بە هەمان شێوە مۆدێڕنیتەش جیهانبینییەکی وەهای هەیە. لە سەدەی هەڤدەهەمدا ڕوانگەیەک لە فەلسەفەی ئەخلاقدا پەرەی گرت کە دەیگوت : کاری دروست، ئەوە کارەیە کە کەمترین ڕەنج و دەرد بۆ مرۆڤ بخوڵقێنێ.

بەگشتی دەتوانین مۆدێڕنیتە لەم خاڵانەی سەرەوەدا ببینین و لە نێوەرۆک و جەوهەری بە باشی تێبگەین. لەسەر ئەم بنەمایانە دەتوانین بڵێین کە لە جیهانبینیی مۆدێڕنیتەدا کۆمەڵگەی پێشەیی و تەکنۆلۆژیکی لە شوێنی خۆی دێنێتە ئاراوە و ئەم تەکنۆلۆژیە کە لە شارستانیەتێکی مۆدێڕندا هەیە کاریگەری و پەیوەندی ئەو خاڵانەی سەرەوەی ڕاستەوخۆی تێدایە.

لە ژمارە ٦٩٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕیکەوتی: ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

---

## وێنەکانی ناسیونالیزمی کورد لە غیابی وێنەیەکی مرۆیی

### پێشەکی:

لە سەرەتای سەرەتاکانەوە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی یان ناسیۆنالیزمی کوردی، پرۆژەیەک بووە لەسەر دوو وێنەی سەرەکی کاری کردوە.

### ئەلف: وێنەی خەباتگێڕی و ئازایەتیی کورد

یەکەمیان وێنەی کوردە وەک نەتەوەیەکی ئازا و خەباتگێڕ و پاڵەوان کە نامرێ و ناتوێتەوە و نابەزێ. نەتەوەیەک کە رۆڵەکانی هەمیشە و هەردەم ئامادە بوون و ئامادەن بە خوێن بەرگری لێ بکەن و ژیانی تاکەکەسیی خۆیان لەپێناوی ژیانی "کۆمەڵگەدا" ببەخشن. میللەتێک کە هەموویان کاوەی ئاسنگەر و رۆستەمی زاڵن. ئەم وێنە پۆزەتیڤە کە بەدەگمەن شاعیر و رۆشنبیرێکی کورد لە سەد و پەنجا ساڵی رابردوودا دەدۆزینەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەکاری نەهێنابێ و دووبارەی نەکردبێتەوە، وێنەیەکە لەسەر پیاهەڵدانێکی بێئەندازەی کوردبوون دروستبووە لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی ئێمەدا. تەنانەت لەو سەردەمە مێژووییانەشدا کە کوردبوون بەو مانا ناسیۆنالیستی‌یەی کە ئەدەبی سەدە و نیوی رابردووی ئێمە باسی دەکا بوونی نەبووە و لە ئارادا نەبووە. سەرەڕای ئەمە ناسیۆنالیزمی کوردی ئەم وێنەیەی وا نمایشکردووە گوایە وێنەیەکە هەموو دونیا پێی ئاشنایە و حیسابی بۆ کردووە. ڕەنگە ئەو دێڕە شیعرەی ئەحمەد موختار جاف کە باس لەوە دەکات "هەموو تەئریخی عالەم شاهدی فەزل و هونەری کوردە"، باشترین نموونەی بەرجەستەکەری ئەم وێنەیە بێ.

## ب: وێنەی قوربانی بوونی کورد

وێنەی دووهەم کە ناسیۆنالیزمی کوردی کاری لەسەر کردوە وێنەی کوردە وەک قوربانی نێو دنیایەکی جەنگەڵئاسا، پڕ لە هەڕەشە و پەلامار و مەترسیی لەنێو بردن. دنیایەک بێڕەحمانە کورد بەدار و بەردی مێژوویەکی خوێناوی پڕ کوشتن و بڕیندا دەدا. دیارترین وێنەیەکی ئەم دۆخەش دیسانەوە هەم لە شیعرێکی ئەحمەد موختار جافدا دەدۆزینەوە کە دەڵێ: حاڵی کورد لەنێوان "تورک و ئێران و عەرەبدا" وەک "بێچوە تەیرێکە" کەوتبێتە "داوی منداڵانەوە". وێنەی کورد وەک بێچوە تەیری نێو داوی منداڵان وێنەی قوربانی‌یەکی بێگوناحە لەنێو تۆڕی کۆمەڵێک هێزی بێڕەحم و بێویژدان و بکوژدا کە چێژێکی تایبەتی لە گرتن و ئازاردان و کوشتنی قوربانی‌یەکەیان وەربگرن. لەپاڵ ئەم وێنەیەدا وێنەی کورد وەک نەتەوە، یان وێنەی کوردستان وەک دایکێکی بیمار کە لەسەرەمەرگ دایە و هاوار لە منداڵەکانی دەکا بیپارێزن، وێنەیەکی دیکەی ئەو دۆخی قوربانیبوونە نیشان دەدا کە ناسیۆنالیزمی کوردی کاری لەسەر کردوە و پاراستویەتی و بڵاوی کردۆتەوە. ئەم دوو وێنەیە، واتە وێنەی کورد وەک پاڵەوان و وەک قوربانی لە یەک کاتدا، گەرچی لە رووی لۆژیکی‌یەوە دوو وێنەی ناکۆکن بەیەک، بەڵام کۆکردنەوەیان لەنێو لۆژیکی ناسیۆنالیزمدا کارێکی زەحمەت نیە. چونکە عەقڵیەت و خەیاڵگەی ناسیۆنالیستی، عەقڵیەت و خەیاڵگەیەکە باز بەسەر ناکۆکی‌یە لۆژیکی‌یەکاندا دەدا و بێ هیچ کێشەیەک لەپاڵ یەکدا کۆیان دەکاتەوە. دەڵێم ئەو دوو وێنەیە لە رووی لۆژیکی‌یەوە تەواو بەیەکدی ناکۆن، چونکە میللەتێک گەر هەموو ئەندامەکانی کاوەی

ئاسنگەر و ڕۆستەمی زاڵ بن، کە هەموو تەئریخی عالەم شایەتی فەزڵ و هونەریان بێ، چۆن دەبێتە بێچوە تەیری نێو داوی منداڵان و چۆن دەبێتە دایکێکی بیمار کە لە ساتەوەختی مردن و لەنێوچوونی یەکجاریدا بێ. ئەوەی ئەم سیاسەتی بەرهەمهێنانی وێنەیە لە هەناوی ناسیۆنالیزمی کوردیدا بەڕێوە دەبا، تێکەڵبوونی روحیەتێکی نارسیستیی گەورەیە بە روحیەتی هەستکردن بە تەنیاکەوتن و بەجێهێشتن و بەقوربانیکردن. بێگومان زەحمەت نیە هاوشێوەی ئەم وێنانە لای زۆر میللەتی دیکەی دنیا بدۆزینەوە، بەڵام ئەمە ئەو خاڵە نیە کە من دەمەوێ لەسەری ڕاوەستم و بدوێم. ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت باسی بکەم نالۆژیکیی ئەو وێنانە نیە کە زۆربەی هەرەزۆری ناسیۆنالیزمەکانی دنیا، بە ناسیۆنالیزمی کوردیشەوە، لەسەر خۆیان دروستی دەکەن.

## پ: وێنەی ئینسانی

ئەوەی دەمەوێ باسی بکەم غیابی ئەو وێنە گرینگەیە لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا کە دەشێ بە هەر بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی لانیکەمی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ببەخشێ. ئەو وێنەیەش وێنەی ئینسانی کوردە وەک هاووڵاتییەکی خاوەن ماف. وێنەی کەسێک کە ناسیۆنالیزم تەنها داوای گیانفیدایی لێ نەکا، بەڵکوو وەک بوونەوەرێکی خاوەن ماف و خاوەن ڕێزیش مامەڵەی لەگەڵ بکا. وێنەی ئینسان وەک هاووڵاتی، وێنەی تاکەکەسێکە کە نە پاڵەوانە نە قوربانی، نە موعجیزە دەنوێنێ و نە باز بەسەر سنووره سادەکانی ئینسانبوونی خۆیدا دەدا. هەر بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی و هەر پرۆژەیەک کە بە دەوری دروستکردن یان ژیان لەنێو دەوڵەتێکی نەتەوەییدا بسوڕێتەوە، پێویستییەکی گەورەی بە چەمکی هاووڵاتی هەیە. گۆڕانی گرووپێکی ئەتنی یان دینی بۆ نەتەوەو گۆڕانی دەسەڵات لە دەسەڵاتێکی حیزبی و ناوچەییەوە بۆ دەسەڵاتێکی نەتەوەیی ناکرێ لە گۆڕانی ئینسانەکان لە "ڕەعیەتەوە" بۆ هاووڵاتی جیا بکرێتەوە. کە ئەمە دەڵێم ئەوەش دەزانم هەموو نەتەوەیەک پێویستی بە کۆمەڵێک حیکایەت و ئەفسانەی قارەمانێتی و کۆست و شادیی گشتی هەیە، بەڵام ئەو ئەفسانانە ناتوانن تاسەر نەتەوەیەک بە نەتەوەیی بهێڵنەوە.

### ئاکام:

دروستکردنی هاووڵاتییەکی هاوچەرخ کە بتوانێ ببێ بە بەشێکی چالاک و گرینگی ئەو کۆمەڵگە و دنیایەی تێیدا دەژی، داواکارییەکی گرینگی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە ڕاستەقینەکانی دنیان. بەڵام ئەنجامدانی ئەم کارە

مەحاڵە، ئەگەر ئینسانەکان نەبنە ئینسانی چالاکی نێو کۆمەڵگە و واقیعێکی سیاسیی کراوە، بە لانیکەمی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوە. ئەمەش نەک تەنها پێویستی بە ناوەندێکی سیاسیی جێگەی متمانە و خاوەن بەها و سیاسەتی یەکسانخواز و دادپەروەرانە هەیە، بەڵکوو پێویستی بە دروستکردنی ئەو هەستەش لای ئینسان هەیە کە لە وڵات و سەرزەمین و نیشتیمانی راستەقینەی خۆیدا دەژی. لە شوێنێکدا کە ڕێز لە ئینسانبوونی دەگیرێ و ئەگەری گەشەکردنی بەردەوامیش لە بەردەم ئەو ئینسانبوونەدا دەکاتەوە. ئەوەی ئەمڕۆکە لە بارودۆخ و شێوازی بیرکردنەوە و جووڵانەوەی بڕێکی بەرچاوی گەنجان لە کوردستاندا ڕامێنێ، لەو راستییە تێدەگا کە ناسیۆنالیزمی کوردی نەیتوانیوە بە گەنجانی ئێمە هەستی خۆ بە هاوڵاتیزان ببەخشێ و ئەوە لە وشیاری و خەیاڵیاندا بچەسپێنێ کە کەسانێکن خاوەن ماف و خاوەن ڕێز و خاوەن ئایندە. کێشەکەش لەوەدایە ئەم ناسیۆنالیزمە لە کاتێکدا نەیتوانیوە وێنەی هاووڵاتی بکاتە یەکێک لە وێنە سەرەکییەکانی خۆی، لە هەمانکاتدا هەردوو وێنە سوونەتییەکەی ناسیۆنالیزمی کوردی بەشێوەیەکی بەردەوام و فووتێکراو بەکار دەهێنێ. لە دۆخێکدا ئەمڕۆکە ئەو دوو وێنەیە نەک تەنها نالۆژیکیبوونیان بە تەواوەتی ئاشکرا بووە، بەڵکوو ئەو هەلومەرجەشی لە دەست داوە کە نالۆژیکیبوونیانی دەشاردەوە. ئەو دوو وێنەیەی ناسیۆنالیزمی کوردی، وێنەی پاڵەوان و وێنەی قوربانی، بوونەتە دوو وێنەی دەرەوەی واقیع، لە راستیدا بوونەتە دوو باری گەورە بەسەر واقیع و دنیای ئەمڕۆکەی کوردەوە. ئەم دوو وێنەیە وا دەکەن ناسیۆنالیزمی کوردی بەدوای دنیایەکدا بگەڕێ لە واقیعدا بوونی نەماوە، چونکە واقیعی ئەمڕۆکەی کوردستان واقیعی رۆستەمی زاڵ و بەچکە چۆلەکەی نێو داوی منداڵان نییە، بەڵکو واقیعی دەسەڵاتێکی کوردییە کە بە فەرسەخ لەو کۆمەڵگەیە دوور کەوتۆتەوە کە حوکمی دەکا. بۆیە ئەوەی چاوەڕوانی ئەوە بێت نەوەی نوێ ژیانی خۆی لە پاڵ دوو وێنە سوونەتییەکەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا ڕێکبخات، نەک تەنها لەگەڵ جمهورێکی خەیاڵیدا مامەڵە دەکات، بەڵکوو لەگەڵ کۆمەڵێک سێبەردا دەرگیرە کە لە راستیدا سێبەری خەیاڵی خۆیەتی، نەک تەنانەت سێبەری ئەو دنیا واقیعییەش کە ئەمڕۆ لە ئارا دایە.

لە ژمارە ٦٩٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕیکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦



چۆن نەڵێم دێموکراتم

پێشەوای زانا یەکەم سەرۆک کۆمارمە

قاسملوو یەکەم زانای پۆست مودێرنی گەلمە

شەرەفکەندی یەکەم هزری ناسێونالیزممە

پێشمەرگەش فریشتە رزگاری نیشتمانمە

دایکی شەهیدیش روح و گیانمە.

ناسرقادرپور

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

ڕێکەوت: ڕێبەندانی ٢٧١٧ی کوردی - فێبریوێری ٢٠١٨ی زایینی